دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٠٩

٣٠ی رەشەمەی ١٣٨٣

٢٠ی مارس ٢٠٠٥

١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## ڕێورەسمی ٨ی مارس لە شارەکانی کوردستانی ئێران

لە ئێران بە گشتی‌و لە کوردستان بە تایبەتی، ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان، ساڵ بە ساڵ لە چوارچێوەیەکی بەرینترو بە شکۆیەکی زیاترەوە بەرێوە دەچێ. ژنانی ئازا، وشیارو تێگەیشتوو پیاوە دێمۆکرات‌و یەکسانیخوازەکان لە کوردستانی ئێران، ئەمساڵیش سەرەڕای کارشکێنی‌و کەندو کۆسپ داتاشینی کاربەدەستان‌و دام‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان چالاکیی جۆراوجۆریان ئەنجام داو رێورەسمی تایبەتیان بەرێوە برد. ئەوان بە هۆی وتارو دروشم‌و تراکت‌و راگەیەندراوو پەیام‌و بەیاننامەکانیانەوە، بێزاری خۆیان لە قانوون‌و سیاسەت‌و بڕیاری کۆنەپەرستانەو دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی راگەیاندوەو سوور بوونی خۆیان لەسەر تێکۆشان تا گەیشتن بە مافی بەرامبەریی ژنان لەگەڵ پیاوان دووپات کردەوە. راپۆرتی چالاکی‌و رێورەسمەکانی ٨ی‌مارس لە سەقز، مەریوان، سنەو شنۆ هەر لەم ژمارەیەی کوردستان دا بخوێنەوە.

# ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە



پێشوازیی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە نەورۆزی ١٣٨٤

### هەموو رۆژێکتان نەورۆز، نەورۆزتان پیرۆز

ئەم ژمارەیەی "کوردستان" لەگەڵ جێژنی نەورۆزو دەست پێکردنی بەهارو ساڵی تازەی هەتاوی‌دا دەگاتە دەست خوێنەران. ساڵی ١٣٨٣ بە هەموو بیرەوەری‌یە خۆش‌و ناخۆشەکانیەوە کۆتایی هات. ساڵی ١٣٨٣، هەر لەو کاتەدا کە ساڵی سەرکوتی ئازادیخوازان‌و دەمکوتی داواکارانی دێموکراسی‌و ئاڵوگۆڕ لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بوو، ساڵی پەرەگرتنی تێکۆشان‌و بەربەرەکانیی خەڵك بە دژی بێدادی‌و دیکتاتۆری لە سەرانسەری ئێرانیش دا بوو. هەر ئەم هاتنە مەیدان‌و بەربەرەکانی‌یەی خەڵك لە ٨ی مارس‌و چوارشەممە سووری‌و بەرەبەری نەورۆز لە کوردستان‌و هەموو ئێران دا، مزگێنیی بەگوڕتر بوونی خەباتی ئازادیخوازی لە ساڵی نوێمان دا دەداتێ.

بە بۆنەی نەورۆزو هاتنی بەهارو ساڵی نوێوە پیرۆزبایی لە خوێنەران، گەلەکەمان‌و خەڵکی ئێران دەکەین‌و سەرکەوتنیان لە تێکۆشانی ئازادیخوازی‌و بەختیارییان لە ژیان دا بە ئاوات دەخوازین.

**جێژنتان پیرۆز**

وتووێژی رۆژنامەی داگنێس ناویسەن لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب ٢
گرنگیی رێککەوتنی ٧ رێکخراوی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران ٢
دیدارو چاو پێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە سوئێدو نۆروێژ ٣
ئاورێك لە تێکۆشانی یەکسانیخوازانەی ژنان لە جیهان دا ٥
وتاری حیزبی دێموکرات بۆ کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردستان لە S.I ٥
تراژیدیی هەڵەبجە ٨
رووناکبیرو دەسەڵات ٩

## خوێندنەوەی زەمینەکانی شۆڕشێکی نارنجی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

عەولا بەهرامی

رووداوەکانی ئەم دوایییانەی گۆڕەپانی سیاسیی لوبنان هەر لە تیرۆری سەرۆك وەزیری پێشووی ئەو وڵاتەوە بگرە تا خۆپیشاندانی نەیاران‌و لایەنگرانی دەوڵەت‌و دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیر عومەر کەرامی‌و تا دەگاتە ناچاربوونی سووریە بۆ پاشەکشەو کشاندنەوەی هێزە نیزامی‌یەکانی لەو وڵاتە، هێمای کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گرنگ‌و دەگمەنن. ئەو رووداوانەش ئەگەر لە لایەك لە واقعی سیاسیی ئەو وڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، لە هەمان کاتیش‌دا پێوەندی‌یەکی راستەوخۆشیان هەیە لەگەڵ ئەو رەوتە نوێباوەی چ لە ئاستی دنیاو چ لە ئاستی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستی پێ کردوە.

لەم رەوتە نوێ‌یەدا گۆڕانکاریی سیاسی لە رێگای شۆڕشە سوورەکانەوە جێگای خۆی داوە بە شۆڕشە مەخمەڵی‌و نارنجی‌یەکان، کە دیارە هەر کام لەو شێوازانە لەگەڵ ئەوەی لە نێوەرۆك‌دا لێك جیاوازن، دەرەنجامی جیاوازیشیان لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە زۆربەی شۆڕشە سوورەکان هەمان پێکهاتەو شێوازی دەسەڵاتیان بەرهەم هێناوەتەوە کە بە مەبەستی گۆڕینی پێك هاتوون‌و بەم چەشنە نەك نەیانتوانیوە یارمەتی بە دێموکراتیزەبوونی دەسەڵات بدەن، بەڵکوو تەمەنی سەرەڕۆیی‌یان درێژتر کردۆتەوە. بەڵام شۆڕشە نارنجی‌یەکان هەم بەو پێیە کە لە سەردەم‌و زەمینەیەکی جیاوازتردا روو دەدەن‌و هەم بەو پێیەش کە لە رێگای میکانیزمی جیاوازترەوە روو دەدەن، دەتوانن ئاکامی گەلێك جیاوازترو لە هەمان کاتیش‌دا گرنگیان بە قازانجی دێموکراتیزەبوونی دەسەڵات‌و پێکهاتەکەی لێ بکەوێتەوە.

دیارە پێکهاتنی ئەم رەوتە نوێ‌یەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاری‌یە بنەڕەتی‌و ستراتیژیکی‌یانەی لە هەموو ئاستەکان‌دا ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتۆتەوەو لە راستی‌دا هێمای قۆناخێکی بە تەواوی نوێن. قوناخێك کە هاوسەنگی‌و پێوەندی‌یەکانی بەستراونەتەوە بە قووڵبوونەوەی رەوتی بەجیهانیبوونی بایەخەکانی وەك دێموکراسی، مافی مرۆڤو کۆمەڵێك چەمکی وەك هێمنایەتی، ئابووری‌و... .

لەم قۆناخە دایە وەك دەبینین بونیادگەرایی ئیسلامی کە ماکەو سەرچاوەکەی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامی دایە، لە ١١ی سێپتامبردا هێمنایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو بەشێك لە وڵاتانی رۆژئاوایی دەخاتە مەترسی‌یەوە. ئەوە جیا لەو زیانە ئابووری‌یەیە کە هەم لە کردەوە تیرۆریستی‌یەکان‌داو هەمیش لە ئەنجامی بوونی هەڕەشەی کردەوەی تیرۆریستی لەو وڵاتانە دەکەوێ. لەو حاڵەتەدا زلهێزێکی وەك ئامریکاو گەورە هێزە ئورووپایی‌یەکان ناچارن دەست لە پێوەندی‌یە کۆنەکانیان لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵگرن‌و شێوە پێوەندی‌یەکی دیکەی لەگەڵ قۆناخی نوێ سازگار بێ دروست بکەن.

بەم پێیە ئەگەر دەست هەڵگرتن لە پشتیوانیکردن لە دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی ناوچە یەکێك لە هەرە بەرچاوترین تایبەتمەندی‌یەکانی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان بێ، بێگومان پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە دێموکراسیخوازانەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیەش تایبەتمەندی‌یەکی سەرەکیی ئەم قۆناخەیە.

بە سەرنجدان بەو راستی‌یانە دەتوانین بڵێین ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی لوبنان‌و تەنانەت بەشێکی دیکە لە وڵاتانی ناوچە لەوانە عەرەبستان‌و میسر روو دەدەن، بەشێکن لە پێداویستی‌یەکانی ئەم قۆناخە نوێ‌یە. لەو قۆناخەدا چی دیکە توانای سەرکوت‌و کۆنترۆڵی دەسەڵاتە نادێموکراتیکەکانی ناوچە ئەگەریش بتوانێ خێرایی رووداوو ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکان کەم بکاتەوە، بەڵام بە دڵنیایی‌یەوە چی دیکە ناتوانێ وەك قوناخی پێشوو بەربەست بێ لەبەردەم بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی‌دا.

دەوڵەتی سەر بە سووریەی لوبنانیش بەو پێیە کە بەدەر لە ئیرادەی خەڵکی ئەو وڵاتە لە خزمەت بەرژەوەندی‌یەکانی سووریە دایەو لە ژێر کاریگەریی ئەو وڵاتەدا دەجووڵێتەوە چی دیکە ناتوانێ لە بەرامبەر ویست‌و ئیرادەی خەڵکی ئەو وڵاتەدا درێژە بە تەمەنی خۆی بداو ناچارە جێگای خۆی بدا بە دەوڵەتێك کە لەگەڵ قۆناخ‌و هەلومەرجی نوێ بێتەوەو گرنگتر لەوەش رەنگدانەوەی ئیرادەی دێموکراتیکی خەڵکی ئەو وڵاتە بێ. چونکە لەو قۆناخە نوێ‌یەدا پشتیوانی‌یەکی بەرینی نێودەوڵەتی لە داوای رەوای خەڵکی لوبنان بۆ چوونە دەرەوەی هێزە نیزامی‌یەکانی سووریەو هەروەها گۆڕانی دەوڵەتی عومەر کەرامیی سەر بە سووریە بە دەوڵەتێکی وەلامدەرو جێگای متمانەی خەڵکی لوبنان لە گۆڕێ دایە. سەرەڕای ئەوانە دەوڵەتی سووریەش کە یەکێکە لە دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکانی ناوچە لە ژێر فشاری ئامریکاو وڵاتە هاوپەیمانە رۆژئاوایی‌یەکانی دایە بۆ ئەوە لەگەڵ پێداویستی‌یەکانی قۆناخی نوێ کە بریتی‌یە لە دێموکراتیزەکردنی دەسەڵات‌و دەست هەڵگرتن لە دەستێوەردان لە پرۆسەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی نێوڕاست‌و بارودۆخی عێراق دەس هەڵ گرێ. سروشتیشە نەك سووریە، بەڵکوو هاوپەیمانێتیی هەموو دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکانی ناوچە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن خۆیان لە پشت‌گوێ خستنی پێداویستی‌یەکانی ئەم قۆناخە ببوێرن.

## کوژرانی چەند کەسی بێ‌تاوانی دیکە لە کوردستان

هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر کوشتن‌و بریندار کردنی خەڵکی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر بەردەوامن. لە ١٨ی ئەم مانگە هێزەکانی رێژیم لە نزیك گوندی تاە ئاوای سەلاس کەسێکی بێ‌تاوانیان کوشت. لە ٢٠ی رەشەمەش هێزە بە ناو ئینتیزامی‌یەکان لە نزیك گوندی "باغی"ی سەردەشت تەقەیان لە ئەندامانی بنەماڵەیەك کرد. بەڵام سەرەڕای دڕندەیی‌و جینایەتخوڵقاندنی ئەو هێزانە، خەڵکی کوردستان لە هەر دەرفەتێك دا بە گژیان دا دەچنەوەو بە دژیان دەوەستن. هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا چەند هەواڵ لە بارەی تێکهەڵچوونی خەڵك‌و هێزە ئینسانکوژەکانی کۆماری ئیسلامی هەیە.

## هەر وڵاتێك رێژیمی ئێران مەحکووم نەکا، شەریکی جینایەتەکانی ئەو رێژیمەیە

رۆژی یەکشەمە ٢٣ی رەشەمە لە بەرەبەری دەست پێکردنی کۆبوونەوەی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چوار زیندانیی سیاسیی زیندانی رەجایی شار، مانیان لە خواردن گرت. بینا داراب زەند، موهەندیس ئەرژەنگ داوودی، حوجەت زەمانی‌و جەعفەری ئیقتیدامی لە بەیاننامەیەك دا رایان گەیاند:

لە کاتێك دا بۆ دوو رۆژ مان لە خواردن دەگرین تا جارێکی دیکە بە هاوکاریی هاونیشتمانانی نێوخۆو دەرەوە، بە هاوکاریی تێکۆشەرانی پاراستنی بنەماڵەی مرۆڤایەتی، هاواری خۆمان لە نێو زیندانەکانی ئێرانەوە . . . بە گوێی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ بگەیەنن. ئێمە لە بەند داین‌و لە زنجیری دیلیەتیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی‌دا . . . .و بە تاوانی ئازادیخوازی‌و ئازادبیرکردنەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی تاوان‌و جینایەت‌و قاچاغچیی ماددە سڕکەرەکان‌و تووشبووانی ئەیدزو ئازارە باریکەو هیپاتیت دا لە پاڵ یەکیان پەستاوتووین.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتوە: بە جیهانی‌یەکان بڵێین کۆماری ئیسلامی تەنانەت پابەندی بچووکترین داخوازی مرۆیی نیە. هەر رەخنەیەك، هەر نارەزایی دەربڕینێك، هەر نووسینێك، چوونە زیندان‌و دوورخرانەوەی بەدواوەیە. پێیان بڵێین لە دەست پێکردنی کۆبوونەوەی کومیسیۆنی مافی مرۆڤەوە تا کۆتایی‌یەکەی چاوەڕوانین کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکرێ. هەر وڵاتێك رێژیمی ئێران سەبارەت بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ مەحکووم نەکا، شەریکی جینایەتەکانیەتی.

ماڵپەڕی "اخبار روز"

## لە پەنجاونۆهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا



دوانیوەڕۆی ٢٤ی رەشەمەی ئەمساڵ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٥٩ ساڵەی دامەزرانی‌دا، رێورەسمێکی بەرینی بە بەشداریی ئەندامان‌و لایەنگرانی ئەو یەکیەتی‌یەو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی رێبەری، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات‌و بنەماڵەکانیان پێك هێنا.

بەدوای کردنەوەی رێورەسمەکە، هاورێی بەڕێز حەسەن شەرفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لەلایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە وتەیەکی بەم بۆنەیەوە پێشکێش کرد، پاشان خاتوو خەدیجە مەعزوور بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی لە رێکخراوە دێموکرات‌و سینفی‌یەکان پەیامی ئەو بنیاتەی خوێندەوە. لە درێژەی رێورەسمەکەدا پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خاتوو گەلاوێژ حەسەن زادە ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانەوەو، پەیامی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانیش لەلایەن کاك مەنسور سەممارەوە پێشکێش کران. لە بڕگەیەکی ئەم مەراسیمەدا خەڵاتی رێزلێنانی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پێشکێشی سێ ژنی زەحمەتکێش‌و نیشتمانپەروەر کرا کە هەرکام لەوان زیاتر لە ٣ دەیە رەنج‌و ماندوویی‌و دەربەدەریی‌و چەرمەسەرییان لە رێڕەوی کاروانی خەباتی حیزبی دێموکرات‌و گەلی کورددا چێژتوەو بینیوە. ئەم سێ خانمە بریتی بوون لە فاتیمەی عەلیزادە، ئەستی ئیبراهیمی و نەجیبەی ئەمینی.

لە بەشەکانی دیکەی مەراسیمی پەنجاونۆهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دا، خەڵات درا بە بەشدارانی پێشبڕکێی راکردن کە بە بۆنەی ٢٤ی رەشەمەوە پێك هاتبوو. هەروەها کۆمەڵێك سروودو گۆرانی‌و شێعرو پەخشان بە هاوبەشی‌و هونەرنواندنی هونەرمەندانی کۆڕی هونەری ئیجراو پێشکێش کران. دوا بڕگەی رێورەسمەکە خۆشی نواندن‌و هەڵپەڕکێی بەشداران بە یارمەتیی گۆرانی‌یەکانی هونەرمەندی دەنگخۆش سمایلی سەردەشتی بوو.

## داکۆکیکەرانی ژنان‌و منداڵان لە کوردستان هەڕەشەیان لێ‌دەکرێ

بی.بی.سی: رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون کە رێکخراوێکی سەربەخۆی لایەنگری مافی مرۆڤە، سەبارەت بە هەڕەشە لە دژی تێکۆشانی رێکخراوەکانی لایەنگری مافەکانی ژنان‌و منداڵان لە کوردستانی ئێران، وریایی دا. ئەم رێکخراوەیە هەروەها نیگەرانیی خۆی لە ئەگەری زیادبوونی ئەمجۆرە هەڕەشانەو ئەزیەت‌و ئازار لە سەروبەندی رۆژی جیهانیی ژنان (٨ی مارس)دا راگەیاند. بەیاننامەی رۆژی پێنج شەمە ١٣ی رەشەمەی لێبووردنی نێونەتەوەیی داوای لە بەرپرسانی "حیفازەتی ئیتلاعات"ی هێزە ئینتیزامی‌یەکان لە سنە کردوە واز لە کۆسپ دروستکردن‌و کارشکێنی تێکۆشانی رەسمی‌و قانوونیی ئەو جۆرە رێکخراوو دامەزراوانە بێنێ. لەو بەیاننامەیەدا ئاماژە بە بانگ کران‌و لێپرسینەوەو هەڕەشە لە تێکۆشەرانی ناوەندی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان‌و ناوەندی ژنانی کورد بۆ داکۆکی لە ئاشتی‌و مافی مرۆڤ لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە کراوەو گوتراوە کە "حفاظت اطلاعات"ی هێزی ئینتیزامی لە سنە، بێ هیچ بەڵگەیەکی روون‌و دیاریکراو، داخوازی کانوونی ژنانی کورد بۆ بە رەسمی ناسران وەك رێکخراوێکی نادەوڵەتیی رەت کردۆتەوە.

# هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەی "داگنێس ناویسن"ی نۆروێژی

## لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ئاماژە:**

**ڕۆژی دووشـەممە، ٢٠٠٥/٣/٧ی زایینی، ڕۆژنامەی نۆروێژیی "داگنێس ناویسن"، هەڤپەیڤینێکی لە ژێر سەردێڕی "بۆ دیالۆگتان لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا، مەرج دابنێن"، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب پێك هێنا. ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو هەڤپەیڤینەیە:**

کوردەکانی ئێران، ناڕازین لەو دیالۆگەی کە ئورووپا لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا درێژەی دەدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو حیزبەی کە چالاکیو خەباتەکەی لە لایەن ڕێژیمەوە، بە نایاسایی ڕاگەیەندراوە، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکاو وڵاتانی ئورووپایی، مەرجی بەبڕشتتر بۆ دێموکراسی لە ئێرانو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەو ڕێژیمە دابنێن.

سکرتێری گشتی هاتۆتە وڵاتی نۆروێژ بە مەبەستی دانوسان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژو بەرپرسی کومیسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی نۆروێژ، ڕێزدار "تۆربیۆرن یاگلاند"دا. ئەو دەیەوێ لە بەرپرسانی وڵاتی نۆروێژ داوا بکا کە ئەو وڵاتە مەرجی بەبڕشتتر بۆ ڕێزگرتن لە دێموکراسیو مافەکانی مرۆڤ بۆ ئێران دیاری بکا. ئورووپا لە کاتی دیالۆگ لەگەڵ ئێراندا، قەراردادە نەوتییەکانی ئیمزا دەکا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بنکە سەرەکییەکانی لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق دایە، لە زاری سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەوە، ڕادەگەیەنێ کە تا ئێستا زۆر کەم بینراوە کە ئەو مەرجانە لەبەرچاو بگیردرێن.

بەڕێز مستەفا هیجری، وەك هەموو کوردێك زۆر بەوە خۆشحاڵە کە ڕێژیمی سەدام حوسێن هەرەسی هێناوەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ئاڵوگۆڕی خێرا بە خۆیەوە دەبینێ. خەڵك زۆر دڵی بە گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ خۆشە، چەند ساڵ لەمەوپێش، کەس بە هزریدا نەدەهات کە کوردێك ببێتە سەرکۆماری عێراق. ئەو پێیوایە، خەڵکی ئورووپا زۆر ئاگای لەوە نیە، بەڵام ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، باوەڕێکی قووڵمان بەو ئاڵوگۆڕانە لە ناوچەکەماندا هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمی ئێستای ئێرانەو دەخوازێ کە سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی دابمەزرێ کە تێیدا مافی هەموو نەتەوەکانی ئێران لەو چوارچێوەیەدا، دەستەبەر بکرێ. بۆ ئەو مەبەستە، نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران لە فێوریەی ئەمساڵدا، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان لە شاری لەندەن دامەزراند.



**من دژی دیالۆگ نیم، بەڵام ئەو شێوە دیالۆگەی تا ئێستا ئورووپا لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا پەیڕەوی دەکا، بە قازانجی ڕێژیم تەواو بووە**

ئێمە پێمان وانیە کە کوردستان سەربەخۆ بێ، ئەوە زۆر ڕیئالیستی نیە. ڕێزدار هێجری دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ڕێز لە مافەکانمان بگیرێ، نە زیاترو نە کەمتر".

ڕێزدار هیجری دەڵێ: "هەلومەرجی کوردەکانی کوردستانی ئێران لە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵ لەمەوپێشدا، زۆر دژوارترە. ڕێژیم، ڕۆژانە گوشارێکی زیاتر دەخاتە سەر کوردەکانی ئێران بۆ ئەوەی ئیدەی گەیشتن بە مافەکانیان وەك کوردی کوردستانی عێراق، لە هزریاندا وشك بکا. هەموو ویستو داخوازییەکانی کورد، پێشێل دەکرێنو بەرچەسپی پاشکۆی ئەمریکاو ئیسرائیل لە خەباتەکەی دەدرێ.

ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گوشارەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکیی ئێراندا، بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤ دەنرخێنێو دەڵێ: "من دژی دیالۆگ نیم، بەڵام ئەو شێوە دیالۆگەی تا ئێستا ئورووپا لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا پەیڕەوی دەکا، بە قازانجی ڕێژیم تەواو بووە. ئێمە هیچ دەرەنجامێکی پۆزەتیڤ لە دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا بەدەست ناهێنین. ئورووپا، چاو دەنوقێنێو کێشەی مافی مرۆڤی لە ئێراندا لەبیر کردوە. دەیانو سەدان ڕۆژنامەنووسو خوێندکار لە زیندانەکانی ڕێژیم دان، تەنیا بەو تاوانەی کە وەك کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بیر ناکەنەوە.

پێویست نیە جەنگ بەرپا بکرێ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەخوازێ کە ئەو دیالۆگە نەرمونیانە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنرێ. ئورووپا دەبێ خۆی لەو سیاسەتەی کە ئەمریکا گرتوویەتییە پێش نزیك بکاتەوە، بێئەوەی کە ڕێزدار هیجری نێوی هێرشی نیزامی بێنێو بەپێویستی بزانێ.

ڕێزدار هیجری، هیوادارە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ئەو ڕادەیە گوشار بخاتە سەر ڕێژیم تا بە تەواوی لاواز دەبێ، لەو هەلومەرجەدا، خەڵك بۆ خۆیان دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ڕێزدار هیجری پێی وایە کە هەر چرکەساتێکی پشتیوانی لە دێموکراسی، ڕێژیم هەنگاوێك بەرەو دواوە دەبا. بە پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات، چیدی پێویست بە جەنگ ناکاو ڕێژیم لە نێوخۆدا هەرەس دێنێ.

ڕێزدار هیجری دەڵێ: "لە بەرژەوەندیی ئەمریکادا نیە کە ئەو ڕێژیمە لەسەر کار بمێنێتەوە، بۆیە هەوڵ دەدا کە بە هەر شێوازێك بێ، لەدەست ئەو ڕێژیمە ڕزگار ببێ".

❊❊❊

# کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

## "هەنگاوێکی مێژوویی لە پێناو شکڵگرتنی ئاڵتەرناتیڤی ڕاستەقینە بۆ کۆماری ئیسلامی"

**شاهۆ فەرازمەند**

ڕەوتی خێرایی ئاڵوگۆڕەکانو زۆریی ئەو قەیرانانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بوارە نێوخۆییو دەرەکییەکانەوە لەگەڵی ڕووبەڕوویە، مانەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمێکی توتالیتێری تێئۆکراتیكو مەزهەبی کە لەگەڵ تەواوی بنەماو پڕەنسیپە پێشکەوتوەکانی جیهانی ئەمڕۆ دژایەتیی هەیە ڕووبەڕووی چارەنووسی بێ ئەملاو ئەولای ڕووخانی دەکاتەوە. بە ڕابردنی کاتو وەدیار کەوتنی زیاتر لە جارانی ئەو قەیرانانەو نزیك بوونەوەی قۆناخی ڕووخانی دەسەڵاتی مەزهەبی، باسکردن لە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بە مەبەستی دروستکردنی ئاڵتێرناتیڤێکی گونجاوو کارامە بۆ وەها ڕێژیمێك، زیاتر لە پێشوو پەرەی ئەستاندوەو بۆتە گوتارێکی گشتی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات. لەو چەند ساڵانەی دواییدا پلاتفۆرمی جۆراوجۆر لە لایەن هێندێك لە ڕەوتو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە لەژێر ناوی ئاڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی خراوەتە ڕوو. جێگای سەرنج ئەمەیە کە هیچکام لەو ڕێگاچارانە نەبوونەتە هۆی باسێکی جیددی لە بەستێنی گشتیی کۆمەڵگای ئێرانو ئۆپۆزیسیونو هەروەها لە ئاستی نێو نەتەوەییدا. هۆکاری سەرەکیی ئەو کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ پارامێترگەلێکی وەك نەبوونی هاوسەنگیی نێوان ڕاستییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووریو ئابوورییەکانو بە گشتی لەبەرچاونەگرتنی پێکهاتەی دێمۆگرافیکی وڵاتێك کە نەتەوەی جۆراوجۆر بە تایبەتمەندییە جیاوازەکانیانەوە یەك قەوارەی سیاسیی یەکگرتوویان پێك هێناوە، یان خستنە ڕووی ڕێگا چارەی ئەوتۆ کە لە ڕەوتی مێژووی هاوچەرخی ئێرانو جیهاندا لە ڕێگای میکانیزمو شێوەی جۆراوجۆرەوە ڕەوایییان لێ سەندراوەتەوە. بە دربڕینێکی دیکە پلاتفۆرمە پێشنیار کراوەکان لایەنی زەینیو یۆتۆپیایییان هەیەو لە ویستە گشتییەکانو ڕاستییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان زۆر دوور بوونو لە ئاکامدا ئەم بەرنامانەو ئەو میکانیزمانەی لە چوارچێوەی ئەواندا پێشنیار کراون توانایی گێڕانی نەخشێکی دینامیکی بۆ گۆڕینی بێزاریی گشتی لە ڕێژیم بە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریو هەست پێکراویان نەبووە ئەوەی کە سەلماندوە، ئەوەیە کە تەوەری گۆڕانکارییەکانی ئێستا بە ئاراستەی پێکهێنانی سیستمێکی دێمۆکراتیكو مۆدێڕن دایە کە زامنی ئوسوولو بنەماکانی مافی مرۆڤو یەکسانیی هاوولاتییانی وڵاتەکە دەبێو ڕێکارە پێشنیارکراوەکانیش هەوڵ دەدەن ویستو ڕوانگەکانی خۆیان هەر لەو چوارچێوەیەدا نیشان بدەن.

تاوتوێکردنی ڕەوتی مێژوویی هاوچەرخی ئێران بە تایبەت مێژووی ٨٠ ساڵی ڕابردوو بە باشی دەری دەخا کە سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵو خەباتەی کە لە گۆڕێدا بووە ئەو وڵاتە نەیتوانیوە پلەکانی پێشکەوتنی سیاسی، ئابووری، کەلتووریو کۆمەڵایەتی ببڕێو هۆکارەکانی سەرەکیی ئەوەش بۆ هەبوونی پاوانخوازیو دەسەڵاتە سەرەڕۆو تۆتالیتێرەکان دەگەڕێتەوە کە لەژێر ناوی دەسەڵاتی ناوەندی کەوتوونە سەرکوتی نەتەوەکانی ئێرانو قەڵتووبڕی ئازادیخوازانو جیا بیران. واتا بەو ئاکامە دەگەین کە پێش مەرجی هاتنەدیی سەقامگیریی سیاسیو لە ئاکامی ئەو دا بڕینی پلەکانی گەشەی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیو کلتووری، پەرەپێدانی سەردارانە بگرێتە خۆی. ئەو مەسەلەیەش دەربڕی ئەوەیە کە دیمۆکراسیی ڕاستەقینە تەنیا بە دامەزراندنی ئۆرگانو دامەزراوەکانی دیمۆکراسی بە شێوەی ڕواڵەتی، شکڵ ناگرێو هەنگاو بەرەو گەیشتن بە فەرهەنگی دێموکراتیکی پشت ئەستوور بە بایەخەکانی دێمۆکراسی نانرێ. هەر وەك ئاماژەی پێ کرا ڕاستییەکانی مێژوویی ئێران نیشاندەری دێموکراسیو خەڵك سەردارییە. بەڵام سیستمێکی دێمۆکراتیکی ئەوتۆو مکانیزمە شکڵ دەرەکانی دەبێ لەگەڵ هەلومەرجی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتە یەك بگرێتەوە بۆ ئەویکە ئەو دیمۆکراسییە بتوانێ نێوەرۆکێکی ڕاستەقینەی خەڵك بوونی ڕێژیمە سەرەڕۆ دژە ئازادییەکانن کە لە چوارچێوەی سیاسەتە نامرۆڤانەو شۆڤینیستیو تێئۆکراسی مەزهەبییەکاندا بە مەبەستی ئاسیمیلەو وەك یەك کردنی پێناسەی نەتەوەکانی ئێران لە ڕێگەی بەکارهێنانی میکانیزمی سەرکوت هەوڵیان داوە. ئاکامی ئەو سیاسەتانەش خوڵقانی دۆخی نالەباری ئێستاو تەریك کەوتنەوەی ئەو وڵاتە لە ئاستی نێو نەتەوەیی دایە. بۆیە لە پرۆسەی چەسپاندنی دێمۆکراسی لە ئێراندا پێداگرتن لەسەر یەکسانیی مافی هاوولاتییانو کەمایەتییەکانی نیشتەجێ لەو وڵاتانەدا ڕۆڵی گرنگی هەیە. دیارە دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە ناتوانین بەوادەو بەڵێنییەکانی حیزبو ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان کە بە داخەوە بە هۆی نەبوونی فەرهەنگی دیمۆکراسی لەو وڵاتەدا لە گۆشە نیگای پاوانخوازیو شۆڤینیستییەوە دەڕواننەوە کێشەکان قەناعەت بکەین. بەڵکوو دەبێ هەر لە ئێستاوە باسێکی جیددیو گوتارێکی گشتی لەم پێوەندییەدا شکڵ بگرێو کەرەسەو پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنیشی بۆ دابین بکرێ.

### سیستەمی فیدراڵ بەشێکی جیا نەکراوە لە دێموکراسی ئێراندا:

بە سەرنجدان بەو فاکتۆرانەی باس کران ڕێی ڕزگار بوون لە چنگی دیکتاتۆریو پێش گرتن لە سەرهەڵدانی وەها سیستمێك، بەستراوەتەوە بە پەرەپێدانی سیستمێك کە توانای نەهێشتنیدەرەتانی کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسیی هەبێو لە ئاکامدا ئاڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی مۆدێڕنو گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی دێمۆگرافیکی ئێران بێ.

دامەزراندنی نیزامی فیدراڵی لە ڕاستیدا وڵامێکی ژیرانەیە بە پێداویستییەکانی جیهانی ئەمڕۆ ڕێگا چارەیەکی لەبارە بۆ لابردنی جیاوازی دانانی نەتەوەییو دەستەبەندی نەتەوەکانی ئێران بە دەرەجە گەلی جۆراوجۆرو داهاتووی سیاسی وڵات بەرەو تێپەڕبوون لە تۆتالیتێریزمەوە بۆ دیمۆکراسیو پەرەپێدانی پێکهاتەی وەك یەکی بۆرۆکراتیكو دەستراگەیشتن بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو گەشەی بەردەوامو هاوئاهەنگ دەکێشێ. تاوتوێکردنی سیستمە جۆراوجۆرە سیاسییەکان نیشان دەدا کە ئەو یەکیەتییە بە ڕەواڵەتییانەی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنو وەك یەککردنی نەتەوەکان پێك دێن. بە هۆی بوونی ناکۆکییو ململانێی ناوەکی، کار لێ نەهاتوونو سەقامیگیریی سیاسییان نەبوەو ئاکامەکەشیان هەژاریی گشتی، دیکتاتۆریو جیاوازیدانان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بووە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە "ئینتیگراسیۆنی" نەتەوە جیاجیاکان بە شێوەی دڵخوازانەو بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانیان پارێزەری دیمۆکراسی، سەقامگیریی سیاسیو یەکسانی مافی هاوولاتیو لە ئاکامیدا شکڵگرتنی سیستمێکی گەشەکردوو لەسەر بناخەی

بۆ لاپەڕەی ١١

**"ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین ڕەوایی سیاسیی هەر دەسەڵاتێك تەنیا لە ئیرادەی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ، کەواتە لە ئێرانی فرە نەتەوەییدا ڕەوابوونێکی ئەوتۆ، لە ئیرادەی نەتەوە جۆراوجۆرەکانو پاراستنی مافە بەرابەرەکانی هەموویانەوە سەرچاوە دەگرێ"**

**(بەشێك لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی پێك هێنانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ)**

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵاتانی سوئێدو نۆروێژ

## سەردانی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ وڵاتی سوئێدو کۆبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتیو حیزبە سیاسییەکانی سوئێدو کەسایەتییەکانی کورددا

لە درێژەی سەفەرە سیاسییەکەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دەرەوەی وڵات، هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری پاش سەردانی وڵاتەکانی فەرانسە، ئیسپانیا، ئاڵمانو ئینگلستان، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٢/٢٤ی زایینی گەیشتە وڵاتی سوئێد.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب ماوەی هەفتەیەك لە وڵاتی سوئێد مایەوە، جیا لە کۆبوونەوەی تەشکیلاتیو حیزبیو چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییەکانی کورددا، ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتیو حیزبە سیاسییەکانی وڵاتی سوئێددا بە ئەنجام گەیاند، کە پێشتر لە لایەن بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لەم وڵاتە، هاوڕێ کاك سەلاح گادانیو خوشکە گوڵاڵە شەرەفکەندی کارئاسانیان بۆ کرابوو.

### دیدار لەگەڵ بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی سوئێد

کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٢٤، چاوی کەوت بە ڕێزدار "پیتێر تەیلێر"، بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی سوئێد.

لەو دیدارەدا سکرتێری گشتیی حیزب، سەبارەت بەو تەوەرانەی خوارەوە بە وردی قسەی بۆ ناوبراو کرد: کێشەی ناوکیی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا، دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئۆرووپاییەکان، ڕەوشی نالەباری ڕۆژنامەنووسان، شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم، هەڵبژاردنی سەرکۆماری، سیاسەتی سەرکوتو توندوتیژیی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان، دەستێوەردانی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، گرنگیی هاوئاهەنگیی ئۆرووپاو ئامریکا سەبارەت بە پرسی ئێران.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆتایی دیدارەکەدا، دامەزرانی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرالی" بە ئاگاداری بەڕێز "پیتێر تەیلێر" گەیاندو داوای لە حکوومەتی ئەو وڵاتە کرد کە پشتیوانی لە داخوازیی گەلانی ئێران بۆ دامەزراندنی "ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالی" بکا.

بەڕێز "پیتێر تەیلێر"، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەو بەرپرسی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە دەربڕیو بیروڕای وڵاتەکەی سەبارەت بەو پرسانە بە ئاگاداریی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان گەیاندو گوتی: "وڵاتەکەی هەمیشە نیگەرانی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا بووەو ئامادەی بیستنی داخوازییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو دەرگای وەزارەتی دەرەوە بۆ ئێرانییەکان ئاوەڵایە".

### دیدار لەگەڵ سەرۆکی یەکیەتیی ژنانی سوسیال دێموکراتی سوئێد

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز مستەفا هیجری، ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٢٥، چاوی کەوت بە خاتوو "نالین پێککگۆڵ"، سەرۆکی یەکیەتیی ژنانی سوسیال دێموکراتی سوئێد.

بەو پێیە کە ناوبراو کوردەو شارەزاییەکی باشی لەسەر پرسی ژنان هەیە، تەوەرەی سەرەکیی باسەکان سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداریی ژنان لە خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتیی گەلی کورددا بوو. بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی

لەوەی کە ژنێکی کورد توانیویەتی تا ئەو ئاستە پێشکەوێ، کۆمەڵێك زانیاریی بەنرخی سەبارەت بە دۆخی ژیانی ژنان لە کوردستانو ئێراندا بە ئاگاداریی خاتوو "نالین" گەیاند.

خاتوو "نالین" وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە، سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری ژنانو کچان لە خەباتی سیاسیدا، کۆمەڵێك داواکاریی پێشکەش بە سکرتێری گشتیی حیزب کردو هیوای خواست وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبێکی ناسراوی کورد، بوار بۆ چالاکیی زیاتری ژنان لە کوردستانو هەندەراندا بڕەخسێنێ.

### سەردانی دەفتەری حیزبی سوسیال دێموکراتەکانی سوئێد

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە، بەڕێز مستەفا هیجری، سەردانی دەفتەری حیزبی سوسیال دێموکراتەکانی سوئێدی لە شاری "ستۆکهۆڵم" کردو لە لایەن جێگری بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سوسیال دێموکراتەکانی سوئێد، خاتوو "سۆزان لەف"و ڕێزدار "کۆنی فریدریکسۆن"، ئەندامی کومیتەی کاری کورد سەر بە ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستەوە، بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لەو دیدارەدا سکرتێری گشتیی حیزب، ڕەوشی ئێرانو کوردستانو ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستە بەرباسو کۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار بە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست تاوتوێ کرانو هەردوولا پێشنیارو بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە بەرنامەی کاری داهاتوو خستەڕوو و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لە کۆتایی دیدارەکەدا جەخت لەسەر هاوخەباتی بۆ دابینکردنی دێموکراسیو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کرایەوەو پێ لەسەر ڕەوابوونی داخوازییەکانی گەلی کورد داگیرایەوە.

### دیدار لەگەڵ نوێنەری حیزبی گەلو ئەندامی کۆمیسیۆنی دەرەوەی پارلمانی سوئێد

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٠٥/٢/٢٨، بەڕێز مستەفا هیجری، لەگەڵ خاتوو "بێرگیتا ئولسون"، نوێنەری حیزبی گەل لە پارلمانی سوئێدو ئەندامی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی سوئێددا، کۆبوویەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا، وێڕای ئاماژەکردن بە بەسترانو کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرزکردنەوەی دروشمی

"فیدرالیزم" لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بە ڕێکارێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی ئێرانی فرەنەتەوە، لەقەڵەم داو تیشکی خستە سەر گرنگیی ڕێکاری فیدرالیزم کە لە "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"دا پەسند کراو خەبات بۆ "دامەزرانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالی" لە قۆناغی ئێستادا بە وەرچەرخانێکی مەزن زانی.

بەڕێز هیجری، وێڕای ڕەتکردنەوەی سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا سەبارەت بە ئێران، داوای لە حکوومەتی سوئێد کرد تا هاوشان لەگەڵ وڵاتانی ئورووپاییدا، سیاسەتێکی نوێو بەبڕشت لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پەیڕەو بکا. بەڕێزیان وێڕای ئاماژە بە گوێنەدانی ڕێژیمی ئێران بە کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، کۆمەڵێك فاکتو نموونەی زیندووی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ، هەڵاواردنی جینسی، پەرەسەندنی ئێعتیادو سیاسەتی لە پەراوێزخستنی کوردستانی لە هەموو بوارەکاندا، خستەڕوو. لەو دیدارەدا، سەبارەت بە پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنو گەیاندنی دەنگو بۆچوونی ئەوان بە کۆمەڵانی خەڵك لە نێوخۆی وڵاتدا بە مەبەستی درانی زانیاریو ڕێکخستنیان، گرنگیی ماسمیدیا هاتە بەرباسو هێندێك داواکاری لەو پێوەندییەدا خرانە بەرباس.

لە کۆتایی ئەو دیدارەدا، بوارەکانی هاوکاریی نێوان ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی ژنانو لاوانی دێموکراتو پارتی گەلی سوئێد بۆ بەڕێوەبردنی هەندێك پرۆژەی هاوبەش هاتنە بەرباسو بڕیار درا کە هەردوولا لەو بوارانەدا هاوکاریی زیاتری یەکدی بکەن.

### سەردانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە ناوەندی کاری ئەندامانی پارلمانی سوئێد

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٠٥/٢/٢٨، کاك مستەفا هیجری، سەردانی ناوەندی کاری پارلمانی سوئێدی کردو لە لایەن "لارش ئۆللی"، سەرۆکی حیزبی چەپی سوئێدو جێگرەکەی خاتوو "ئوللا هۆڤمەن"و دوو کەس لە بەرپرسانی دەفتەری پێوەندییە دەرەکییەکانی حیزبی چەپی سوئێدەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا.

لە سەرەتای ئەو دیدارەدا، بەڕێز هیجری باسی لە ناکامیی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئۆرووپاییەکانو کاردانەوەی نالەباری لەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران کردو دواتر باسی لەو هاوئاهەنگییە کرد کە لە نێوان حیزبی دێموکراتو ٦ لایەنی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە ژێر ناوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"دا پێك هاتوە. لە درێژەی دیدارەکەشدا ئەزموونی سیستمی پارلمانیو هەڵبژاردن لە ئێرانی بە شانۆگەرییەکی بێنێوەرۆك دانا. لە بەشی کۆتایی دیدارەکەدا سکرتێری گشتیی حیزب تیشکی خستە سەر گرنگیی هاوهەڵوێستیی ئۆرووپاو ئامریکا سەبارەت بە ڕێژیمی ئێرانو پێشگرتن لە دەستڕاگەیشتنی ئەو ڕێژیمە بە چەکی ناوکیو هەروەها فشارخستنە سەر ڕێژیم بە قازانجی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران.

### دیدار لەگەڵ جێگری وەزیری کاروباری پەنابەرانی سوئێد

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٠٥/٢/٢٨، بە

مەبەستی ڕوونکردنەوەی چارەنووسی پەنابەرانی کوردی ئێران لە وڵاتەکانی عێراقو تورکیەدا، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاوی کەوت بە خاتوو "خەلۆتە سێڤنسۆن"، جێگری وەزیری کاروباری پەنابەرانی سوئێد لە دەفتەری کاری ناوبراو لە وەزارەتی دەرەوەی سوئێددا.

بەڕێز هیجری لەو دیدارەدا، بە وردی ئاماژەی بە چۆنیەتی پێکهاتنی کەمپەکانی ئەلتاش، کەلارو هەروەها کەمپی سەر سنووری نێوان عێراقو ئوردۆن (ئەلکەرامە) کردو بارودۆخی نالەباری ئەو پەنابەرانەی شی کردەوە.

لە درێژی ئەو دیدارەدا، سکرتێری گشتیی حیزب هەروەها ئاماژەی بە ڕەوشی نالەباری پەنابەرانی کورد لە تورکیەش کردو گوتی: "ئەو پەنابەرانە سەرەڕای ڕەوشی نالەباری ژیانیان، زۆربەیان چالاکی سیاسیی ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێرانن، بۆیە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئێرانو تەنانەت لەو وڵاتەشدا، گیانیان لە مەترسی دایەو هەندێکیان قەبووڵیی UNیان هەیە بەڵام تا ئێستا بۆ ئەو وڵاتانەی کە وەرگیراون، بەڕێ نەکراون".

خاتوو "خەلۆتە" دوای وەرگرتنی ئەو زانیارییە وردو بەکەڵکانە لە لایەن سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە، بەڵێنی دا لەو بوارەدا چالاکی زیاتر بکاتو هەوڵ بدا بەرپرسانی UN زیاتر لە بارودۆخی نالەباری ئەو پەنابەرانە ئاگادار بکاتەوە تا ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

### دیدار لەگەڵ جێگری سکرتێری سوسیال دێموکراتەکانی سوئێد

ڕۆژی سێشەممە، ٢٠٠٥/٢/٢٩، بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دەفتەری حیزبی سوسیال دێموکراتەکانی سوئێد لە ستوکهۆڵم، چاوی کەوت بە ڕێزدار "هۆکان یۆڵت"، جێگری سکرتێری حیزبی سوسیال دێموکراتەکانی سوئێد.

لەو دیدارەدا کە لەسەر داوای ناوبراو پێك هات، کۆمەڵێك باس لەسەر ئەزموونەکانی کاری ڕێکخراوەیی کەوتە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کراو لە کۆتایی ئەو دیدارەدا پێ لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا داگیرایەوەو هیوایان خواست کە ئەو پێوەندییانە لە داهاتوودا چڕوپڕتر بکرێن.

### دیدار لەگەڵ ڕێزدار "گوستاو فریدۆلین" لە حیزبی ژینگە

ڕۆژی سێشەممە، ٢٠٠٥/٢/٢٩ بەڕێز مستەفا هیجری، چاوی کەوت بە ڕێزدار "گوستاو فریدۆلین" لە حیزبی ژینگە (سەوزەکان).

سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا باسێکی لەسەر ڕەوشی ئێرانو کوردستانو دوائاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشکەش کردو هەردوولا لەسەر پرسە پێوەندیدارەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا، ڕێزدار "فریدۆلین" پشتیوانیی خۆیو حیزبەکەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خەباتی ڕەوای گەلی کورد بۆ دێموکراسیو مافە نەتەوایەتییەکانی دەربڕی.

### دیدار لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ

بەڕێز کاك مستەفا هیجری، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٣/٧، دیدارێکی هاوبەشی لەگەڵ

کومیسیۆنی پێکهاتوو لە نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ بە سەرۆکایەتیی "لیو کریستیانسن"و بەرپرسانی کاروباری پەنابەریی ئەو وڵاتە بە سەرۆکایەتیی "کاترینە کواڵە" پێك هێنا. لە درێژەی ئەو دیدارو چاوپێکەوتنەدا سکرتێری گشتیی حیزب ئاماژەیەکی کورتی بە مێژووو دروشمی تازەی حیزبو ئاڵوگۆڕە تازەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو دەرەنجامەکانی بۆ ئەو ناوچەیە بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی کردو، وەڵامی پرسیاری پێوەندیدار بەو بەشانەی بە وردی دایەوەو بەشداربووانی لە ئامانجو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات ئاگادار کردو سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ ئەوان بە وردی شی کردەوە.

لە بەشێکی یدکەی ئەم دانیشتنەدا سکرتێری گشتیی حیزب ئاماژەی بە مێژووی تاڵو پڕ لە گیروگرفتی کوردە پەنابەرەکانی ئێران لە کەمپی ئەلتاش کردو داوای کرد کە دەوڵەتی نۆروێژ بە هاوکاریی کومیسارییای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زووترین کات هەوڵی ڕزگارکردنی ئەو لێقەوماوو بێسەرپەنایانە بدا. پێویستە بگوترێ هەلومەرجی دژواری ئەو پەنابەرانە بۆ ئەوان زۆر سەرنجڕاکێش بوو و بەڵێنییاندا بە هاوکاریی وڵاتانی دیکە بە زوویی هەوڵی ڕزگارکردنی ئەو ئاوارانە بدەن.

### کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ

ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٣، بەڕێز کاك مستەفا هیجری لە درێژەی گەشتەکەیدا بۆ ئۆرووپا، گەیشتە "ئۆسلۆ" پێتەختی وڵاتی نۆروێژو لەلایەن کومیتەی حیزب لە نۆروێژو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب پێشوازیی لێکرا.

هەر لەم پێوەندییەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٥، لە کۆبوونەوەیەکی حیزبیو تەشکیلاتیدا لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ بەشداریی کرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"، لەلایەن هونەرمەند قادر ئەلیاسیو دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستانی دەستی پێکرد.

پاشان هاوڕێ محەممەدسالەح وەلیزادە، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ، لەلایەن کومیتەی حیزبو بەشداربووانەوە بەخێرهاتنی بەڕێز هیجری کردو هیوای خواست کە گەشتەکەی سکرتێری گشتی بۆ نۆروێژ، سەفەرێکی سەرکەوتووو پڕ لە دەسکەوتی سیاسیو تەشکیلاتی بۆ حیزب بەگشتیو تەشکیلاتی نۆروێژ بەتایبەتی بێ.

دواتر کاك مستەفا هیجری، وتارێکی لەسەر ڕەوشی سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێرانو کوردستان پێشکەش بە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کرد.

## دیداری بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی

کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە میانەی گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی سوئێد چاوی کەوت بە کەسایەتیی ناودار، بەڕێز مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی. لەو دیدارەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەبارەت بە ڕەوشی ئێرانو کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئاگاداریی مامۆستا شێخ عیزەدین گەیاندو لە کۆتاییدا بەڕێز مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی سوپاسی سکرتێری گشتیی حیزبی بۆ ئەو دیدارە دەربڕی.

### دیدار لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی نۆروێژ

ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٨، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی حیزبی سوسیالیستی نۆروێژی کردو لە لایەن جێگری سەرۆکی حیزب، خاتوو "هەنرێتە ویسترین"ەوە پێشوازیی لێکرا. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە تازەترین ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سیاسەتو بەرنامەی هەردوو حیزب بەرامبەر بەوانو پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو حیزب کرا.

### دیدار لەگەڵ بەرپرسی کومیسیۆنی دەرەوەی پارلمانی نۆروێژ

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٨، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب کاك مستەفا هیجری، سەردانی پارلمانی نۆروێژی کردو لە لایەن بەرپرسی کومیسیۆنی دەرەوەی پارلمانەوە، بەڕێز "توربیۆرن یاگلاند" پێشوازی لێکرا. یاگلاند پێشتر ڕێبەری حیزبی کار، وەزیری دەرەوەی نۆروێژو سەرۆك وەزیری ئەم وڵاتە بووەو ئێستاش یەکێکە لە جێگرەکانی سەرۆکی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستو بەرپرسی کومیتەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کورد بەگشتیو ئێرانو کوردستانی ئێران بەتایبەتی باسێکی کورتی پێشکەش کردو لەو پێوەندییانەدا لەگەڵ بەڕێز یاگلاند ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد، کە بۆچوونەکانی هەردوولا زۆر لێك نزیك بوون. یاگلاند یەکێکە لەو ڕێبەرانەی ئورووپا کە هەوڵ دەدات بۆ لێکنزیککردنەوەی سیاسەتی ئورووپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی دێموکراسیو مافی مروڤ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە گشتیو کێشەی ئەتۆمیی ئێران بەتایبەتی.

لە بەشێکیتری ئەو دیدارەدا باس لە هاوکارییەکانی نێوان ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستو حیزبی ئێمە کرا. لە درێژەی ئەو دیدارەدا باسی بەرنامەی داهاتووی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست کرا کە لە کۆتاییەکانی مانگی مای بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کێشە ئەتۆمییەکەی ئێران، کەمایەتییە نەتەوەییەکانو بەتایبەت کورد تەرخان دەبێ.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز یاگلاند، خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەوە دەربڕی کە حیزبی دێموکراتو ڕێکخراوە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران بنچینەی دامەزرانی هاوکاریی هاوبەشیان لەگەڵ یەك دەست پێکردووەو رایگەیاند کە ئەوە لەگەڵ دروشمی تازەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەك دەگرێتەوەو سەرنجی زیاتری بیروڕای نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکی ئێران رادەکێشێ.

❊ ❊ ❊

## بەڕێوەچوونی کۆڕێک بە بۆنەی ٨ی مارسەوە لە ناوەندی ١ی کوردستان

بە بۆنەی ٨ی مارس ـ ١٨ی ڕەشەی ١٣٨٣، ڕۆژی جیهانیی ژن، ڕێوڕەسمێکی ڕێزگرتن لەو ڕۆژەو هەروەها بە پشتیوانیی لە مافە زەتکراوەکانی ژنان بەتایبەت ژنانی کوردستان، لە ناوەندی ١ی کوردستان، بە بەشداریی سەرجەم کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی سەر بەم ناوەندە، بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و گیانبازی شەهیدان، دەستی پێکرد.

پاشان لەلایەن بەڕێز مامۆستا ئەحمەد ڕەحیمی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی ناوەندی ١، پەیامی ناوەند بەم بۆنەوە پێشکەش کرا. دوابەدوای ئەو، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ناوەندی ١، لە لایەن خاتوو نافیعە ڕەحیمیو پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کاك جەبار موزەفەریانەوە پێشکەش کران. دواتر تیپی هەڵپەڕکێی "تەوار"ی سەر بە یەکیەتیی ژنان، هەڵپەڕکێیەکی ڕەنگینیان بۆ بەشداران نمایش کرد.

هەروەها تیپی هەڵپەڕکێی "پێشمەرگە"ش چەند جۆرە هەڵپەڕکێیەکی ڕەسەنی کوردییان بۆ بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە نمایش کرد. تیپی شانۆی "تاراوگە"، شانۆیەکیان بە ناوی "وڵاتێكو خوێنێکی نادیار" نمایش کرد کە لە لایەن بەشدارانەوە پێشوازیی گەرمی لێکرا. نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە بە سروود، گۆرانی، شێعرو پەخشان ڕازابۆوە.

## بەڕێوەچوونی ساڵیادی شیمیاییبارانی هەڵەبجە لە زانکۆی تاران

لە نێوان ڕۆژەکانی ١٢ تا ١٧ی ڕەشەمە، لە زانکۆی تاران بە هەوڵو تێکۆشانی خوێندکارانی کوردی زانکۆ، ڕێوڕەسمێك بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری کارەساتی دڵتەزێنی کیمیابارانی هەڵەبجە بەڕێوەچوو.

لە ماوەی چەند ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکەدا کۆمەڵێك لە بەشداربووان وتارو لێدوانی خۆیان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد. هەروەها سروودو بابەتی ئەدەبیی جۆراوجۆریش خوێندرایەوە. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا فیلمێك لەسەر کارەساتی هەڵەبجەو کیمیابارانی شاری سەردەشت پیشان دراو هەروەها لە لایەن NGOی کەمئەندامانو زیانپێگەیشتووانی کیمیابارانی سەردەشت، چەند لێدوانی تێروتەسەلو سەرنجڕاکێش پێشکەش کرا.

بەشێکیتری ڕێوڕەسمەکە، میزگردێك بوو لەسەر کێشەی پرۆژەکانی کوردستان کە لە لایەن چەند خوێندکاری چالاکی کوردەوە بەڕێوەچوو و هەروەها لە نێوان بەشەکانی کاری میزگرددا سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و سروودی "ئەی شەهیدان" خوێندرایەوە.

شایانی باسە کە لە لایەن "گرووپی خانی" (ناوەندی فەرهەنگو هونەری ئەحمەد خانی) لە شاری ورمێوە چەند سترانی تایبەت بەو بۆنەوەو هەروەها وتارو بابەتی بەپیت پێشکەشی بەشداربووان کرا.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٨ی مارس لە وڵاتی ئوتریش

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوتریش بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان، ڕێوڕەسمێکی لە ڕۆژی شەممۆ، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٣/٥ی زایینی لە شاری ڤیەن پێك هێنا.

سەرەتای بەرنامەکە بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزنان لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی ڕاگەیەندرا. پاشان بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئوتریش، کاك کیومەرس شەهسەواری، وتارێکی بەو بۆنەوە پێشکەش بە بەشداران کرد.

پاشان هونەرمەندی کورد، کاك ئەمیر حسێن بەرنامەی خۆی پێشکەش بە بەشداران کرد کە هەتا کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو درێژەی کێشا.

## بروسکەی سەرەخۆشیی حیزب بۆ حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان

دۆستانی بەڕێز!

بە داخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی "هانس یورگێن بیشنووسکی"ی ٨٢ ساڵە، کەسایەتیی ناسراوی حیزبەکەتان ئاگادار بووین. ئێمە یادی ئەو کەسایەتییە مەزنە، کە بە حیزبو شۆڕش خزمەتی پڕبایەخی کردو هەروەها لە چوارچێوەی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێك بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی، وتووێژو دێموکراسی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان نەوەستاوە، بەرز دەنرخێنینو خۆمان لە پەژارەتاندا بە شەرێك دەزانین.

هەر بەم بۆنەیەوە پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە ئێوەو بنەماڵەی ئەو بەڕێزە دەکەین.

**شاهۆ حسەینی**
**بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**پاریس، ٨ی مارسی ٢٠٠٥**

# وتووێژی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندندا

### هەڤپەیڤینی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ "ڕادیۆ زایەڵە"

لە درێژەی گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی سوئێد، "ڕادیۆی زایەڵە"، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێك هێنا. تەوەرەی سەرەکیی ئەو هەڤپەیڤینە ڕەوشی ئێرانو کوردستانو دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. لەو هەڤپەیڤینەدا، سکرتێری گشتیی حیزب وەڵامی پرسیارەکانی "ڕادیۆ زایەڵە"ی دایەوەو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەبارەت بە ڕەوشی ئێرانو کوردستان شی کردەوە.

### وتووێژی کاك مستەفا هیجری لەگەڵ ڕادیۆی فارسی زمانی "پژواك"

ماوەیەك لەمەوبەر ڕادیۆی فارسی زمانی "پژواك" لە وڵاتی سوئێد، وتووێژێکی لەگەڵ کاك مستەفا هیجری، پێك هێنا. تەوەرەی سەرەکیی ئەو هەڤپەیڤینە، ڕەوشی ئێرانو کوردستانو دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. سکرتێری گشتیی حیزب لەو هەڤپەیڤینەدا، بە وردی تیشکی خستە سەر ڕەوشی ئێرانو کوردستانو دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە وردی شی کردەوە.

### هەڤپەیڤینی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ڕادیۆ "ئیکۆ"ی سوئێد

لە درێژەی سەفەرەکەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ وڵاتی سوئێد، ڕادیۆ "ئیکۆ"ی سوئێد هەڤپەیڤینێکی بە زمانی سوئێدی لەگەڵ بەڕێزیاندا پێك هێنا. سکرتێری گشتیی حیزب لەو هەڤپەیڤینەدا بە وردی تیشکی خستە سەر ڕەوشی ئێرانو کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی شی کردەوەو وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی ئەو ڕادیۆیەی دایەوە.

### هەڤپەیڤینی کاك مستەفا هیجری لەگەڵ هەواڵدەریی "ڕۆیتێر"

هەواڵدەریی ڕۆیتێر، لە وڵاتی سوئێد، هەڤڤەیڤینێکی لەگەڵ هاوڕێی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هێنا. تەوەرە سەرەکییەکانی ئەو هەڤپەیڤینە، ڕەوشی ئێرانو کوردستانو دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەو هەڤپەیڤینەدا، تیشکی خستە سەر ڕەوشی ئێرانو کوردستانو دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتە ئوسولییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکان شی کردەوەو وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی دەزگای هەواڵدەریی ڕۆیتێری دایەوە.

# هەواڵەکانی کوردستان

### پرۆژەی کۆکردنەوەی دەستگاکانی ماهوارە لە شاری سنە

ماوەی دە ڕۆژە کە هێزی ئینتیزامیی ڕێژیم بە شێوەیەکی پانوبەرین کەوتۆتە کۆکردنەوەی دەستگاکانی ماهوارەی هاووڵاتیان.

لەم ماوەیەدا ئەم پرۆژەیەی ڕێژیم تەواوی گەڕەکەکانی شاری سنەی گرتۆتەوە ژمارەیەکی زۆر دەستگای ماهوارەیی دەستی بەسەردا گیراوە.

شایانی باسە کە مەئموورانی ڕێژیم هەر کەس کە هاوکارییان لەگەڵدا نەکات، تەواوی ماڵەکەی بۆ پەیداکردنی "ماهوارە" دەپشکنن و شتومەکی ناوماڵ تێك دەدەن.

بە گوێرەی یاسای خودی ڕێژیم مەئموورەکان بێ حوکمی دادگاو بڕیاری کەلانتەری بۆیان نیە بڕۆنە نێو هیچ ماڵێکەوەو تەنیا لە بەیان هەتا ئێوارە دەتوانن سەردانی ماڵی هاوڵاتیان بۆ بەڕێوەبردنی مەبەستە بێئاکامەکانیان بکەن.

### کارو چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری کرماشان

شەوی شەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٢/٢٢، لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کۆمەڵێك کارو چالاکیی تەبلیغاتی جۆراوجۆر کە زۆرتر بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبیو نووسینی دروشمی نەتەوایەتیو حیزبی لە شەقامی "جەوانشیر"ی کرماشان بەڕێوەچووە.

### ئاڵۆزی لە شاری مەریوان بە هۆی تێکهەڵچوونی نێوان خەڵكو هێزی ئیتلاعاتی ڕێژیم

ڕۆژی هەینی، ١٣٨٣/١٢/١٤، لە شاری مەریوان چوار بەکرێگیراوی ئیتلاعاتی کە یەکێکیان ناسراوەو ناوبانگی "ئەمانی"یە، بە هۆیەکی ناڕوونەوە هێرش دەکەنە سەر لاوێك بە ناوی "محەممەد گاگلی"و ئیسپری بە سەروچاویدا دەپرژێنن و هەوڵی سوارکردنی بۆ نێو ماشین دەدەن، خەڵك بە دیتنی ئەم ڕووداوە کاردانەوەی خۆیان پیشان دەدەنو لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دەکەونە دەرگیریو پێکدادانو ئیتلاعاتییەکانیش بۆ ترساندنی خەڵك دەست دەکەن بە تەقەی هەوایی، لە ئاکامی ئەم ڕووداوو پێکدادانەدا شاری مەریوان ئاڵۆز دەبێ، ئەم ئاڵۆزییە تا کاتژمێر ٨ی شەو درێژەی هەبوە.

### چوار جاشی بەکرێگیراو بە ئاشکرا خەریکی ئازارو ئەزییەتی خەڵکی مەریوانن

ماوەیەکە چوار کەس لە جاشەکانی ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی، بە ڕۆژی ڕوون بە دەمانچەوە بە نێو شاری مەریواندا دەسووڕێنەوەو بە ئاشکرا بە بیانووی جۆراوجۆر کەوتوونەتە ئازارو ئەزییەتی خەڵك.

ناوی ئەو چوار کەسە بریتییە لە: ١ـ عەبدولوەهاب ئەندیشە، دانیشتووی گوندی وەیسە ٢ـ محەممەد خۆشنەمك، دانیشتووی گوندی وەیسە ٣ـ حاجی ئەحمەد داروەند، دانیشتووی گوندی وەیسە ٤ـ ڕەئوف ئەشت، خەڵکی گوندی سیاناو

### بە هۆی هاتنی لافاو لە گوندی "ڕیخەڵان"ی مەریوان، هاووڵاتییەك گیانی لەدەست دا

بە هۆی بارانی زۆرو هەڵسانی لافاو لە گوندی "ڕیخەڵان"ی شای مەریوان، کەسێك بە ناوی "مەلاناسێح"، کوڕی "مەلامحەممەد" لافاو دەیبات کە تا گەیشتنی ئەم هەواڵە تەرمی ناوبراو نەدۆزراوەتەوە. هەروەها لە ئاکامی ئەو لافاوەدا پردی سەر ڕێگای "چۆڕنەنە" بۆ "بیەکەرە" ئاو بردوویەتیو خەڵك تووشی تەنگوچەڵەمە هاتوون.

### شکستی سەرشۆڕانەی هێزی دژیگەلیی ئینتیزامی لە بەرامبەر خەڵکی نیشتمانپەرەوری گوندی "تووبرەڕێز"ی کامیاراندا

ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٢/١٩، بەرپرسی پاسگای هێزی ئینتیزامیی کامیاران لە نزیك گوندی "تووبرەڕێز"، کەمینێك بۆ لەداوخستنی کاسبکاران دادەنێت.

لەو کەمینەدا دەست بەسەر دوو دەزگا سایپای کاسبکاراندا دەگیرێ، بەڵام شۆفیرەکانیان بەرەو گوندی ناوبراو هەڵدێنو هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی ماشینەکانو ئەوەی کە هێزی ئینتیزامی ماشینەکان بەرەو گوند دێنن، بە خەڵك دەدەن.

هەربۆیە سەدان کەس لە خەڵکی گوندی "تووبرەڕێز"، لە کاتی گەیشتنی هێزی ئینتیزامیدا کە لە لایەن سەرهەنگێکەوە فەرماندەیی دەکران هێرشیان دەبەنە سەر.

لە ئاکامی ئەو هێرشەی خەڵکدا، سەرهەنگێك دەستی شکاو و ماشێنکی هێزی ئینتیزامی تێك شکاو هەروەها هەموو کەرەسەی نێو ماشینەکان وەرگیرانەوە.

لە پاش تێکشکانی سەرشۆڕانەی هێزەکانی ڕێژیم، هێزی پشتیوان هاتنە هانایانەوە، بەڵام ئەوانیش لەگەڵ بەربەرەکانێی قارەمانانەی خەڵکدا بەرەوڕوو بوونو پاشان بە نێوبژیوانی ڕیش سپییەکانی دێ، خەڵکەکە گەڕانەوە ماڵو هێزەکانی ڕێژیمیش سەرشۆڕانە گەڕانەوە بۆ مۆڵگەکانیان.

### ڕێژیم لە شاری پاوەو نەسوود دەستی کردوە بە کۆکردنەوەی دەستگاکانی ماهوارە

هێزەکانی ڕێژیم لە درێژەی دەستبەسەرداگرتنی ماهوارەی هاووڵاتیان لە شارەکانی کوردستانداو هەروەها بە مەبەستی بەرگریکردن لە گەیشتنی هەر جۆرە دەنگورەنگێکی ئازادیخوازانە بە خەڵك، لە شارەکانی پاوەو نەوسوودیش کەوتوونەتە کۆکردنەوەی دەستگاکانی ماهوارە. جێگای ئاماژەپێکردنە کە ڕێژیم لە شاری پاوە بۆ بەهێزکردنی دەنگی ڕادیۆکانی خۆی، فرستەندەی ٥٠ کیلۆهێرتزی دامەزراندوە.

### شۆفیری تاکسی تەلەفونیەکان لە شاری مەهاباد مانیان گرت

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٣/١٢/١٣، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی، شۆفیری تاکسی تەلەفونیەکانی شاری مەهاباد بە هۆی کەمبوونی کرێی هاتوچۆوە، لە مەیدانی چوارچرا دەست بە مانگرتن دەکەن، بەڵام لە کاتژمێر ١١دا دەکەونە بەر هێرشو پەلاماری هێزی ئینتیزامیو بڵاوەیان پێدەکرێ.

### بەڕێوەچوونی کاروچالاکیی تەبلیغاتی بەرین لە گوندەکانی ناوچەی مەرگەوەر ـ ورمێ

ڕۆژەکانی ٧و٨ی ڕەشەمەی ١٣٨٣، کۆمەڵێك کاروچالاکیی تەبلیغی لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ، لەم گوندانەی خوارەوە بە شێوەیەکی بەرین بەڕێوەچوو: "دزە"، "ژاراوە"، "گردوان"، "گێسیان"، "زێوە"، "هێشماو"، "ڕاژان"، "گرك"، "نێرگێ"، "قایر".

چالاکییە تەبلیغاتییەکان زۆرتر بریتی بوون لە، نووسینی دروشمی نەتەوەییو حیزبی، بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی، "سی.دی"یەکانی وتووێژی بەڕێز کاك مستەفا هیجری لەگەڵ بەرنامەی "میزگردی با شما" لە "دەنگی ئامریکا". شایانی باسە کە بەدوای وتووێژی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ڕادیۆ دەنگی ئامریکادا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامی لە هەنگاوێکی زەبوونانەدا بۆ زەوتکردنو دەست بەسەرداگرتنی دەزگا ماهوارەییەکان هاووڵاتیان وەخۆ کەوتوونو تا گەیشتنی ئەم هەواڵە دەیان وەرگرە مانگیلەییەکان لەم ناوچەیەدا کۆکردۆتەوە.

### بارودۆخی خوێندن، بەتایبەت خوێندنی کچانی نیشتەجێی گوندەکانی دەوروبەری ورمێو شارەکانی دەوروبەری

بە تێڕوانین لەوەی کە لە سەردەمی ئێستادا زانستی مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستێك کە دەتوانێت مرۆڤ کۆپی (شبیەسازی) بکات یان ڕەگەزی کۆرپە لە زگی دایکیدا بگۆڕێت، بەداخو کەسەرەوە دەبێ بڵێین کە گوندەکانی سەر بە ورمێو شارەکانی دەوروبەری، لە لانیکەمیی پێداویستییەکانی پەروەردەو فێرکردن بێبەشن. کەمی ناوەندی پەروەردەو فێرکردن وەکوو قوتابخانە لە ئاستی ناوەندیو دواناوەندیدا، بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی دانیشتووانی گوندەکان، نەخوێندەوار بمێننەوەو تەنیا لە ئاستی خوێندەوارییان لە ڕادەی قۆناغی سەرەتاییدا بێت.

لەم بارودۆخەدا کچانی نیشتەجێی ئەم گوندانە زۆرترین زوڵمو بێعەداڵەتییان دەرهەق دەکرێت، چونکە تەنانەت قوتابخانەیەکی کچانە لە قۆناغی ناوەندیدا لە گوندەکانی سەر بە ورمێو شارەکانی دەوروبەری، بە تایبەت لە ناوچەی تەرگەوەر بەدی ناکرێتو هیچ هەنگاوێکیش بۆ دابینکردنی ئەم پێویستییە هەڵ نەهاتۆتەوە. ئەم کەموکوڕییانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە، کچان تەنانەت ئەگەر قۆناغی سەرەتایی لە کوڕان سەرکەوتووانەتر تێپەڕ بکەن، ناچارن یان ڕێگەی وازهێنان لە خوێندن بگرنەبەر یان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕوو لە شارەکان بکەن. کچان بە گرتنەپێشی ڕێگەی درێژەدان بە خوێندن لە شاردا، تووشی دوو گرفتی سەرەکی دەبن:

١ـ لاوازی بارودۆخی ئابووری بنەماڵەکان

٢ـ نەبوونی هێمنیو ئاسایشی کۆمەڵایەتیو پەرەگرتنو پەرەپێدانی فەسادی ئەخلاقی لە شارەکانی وەك ورمێ

بەداخەوە بە هۆی لاوازی ئابووری بنەماڵەکانو پەرەسەندنی فەسادی کۆمەڵایەتی لە شارەکاندا لە لایەن هەندێ لە بنەماڵەکانەوە ئیزنی ڕۆیشتنی کچان بۆ شارەکان لە پێناوی درێژەدان بە خوێندن نادرێت کە لە ئاکامدا شتێك جیا لە دەستکێشان لە خوێندن، بۆ کچانی تامەزرۆی خوێندەواری مسۆگەر نابێت.

شایانی باسە کە ئەم کێشەیە چەندین جار لە چوارچێوەی نووسینی نامەو دانیشتن لەگەڵ بەرپرساندا، خراوەتە بەرباسو وەبیرهێنانەوە، بەڵام نەتەنیا بیر لە هیچ ڕێگەچارەیەك نەکراوەتەوە، بەڵکوو هێندێ لەو بەرپرسانی ڕێژیم لە پشتی پەردەوە خۆشحاڵیی خۆیان لە هەمبەر ئەم کێشەو کەموکوڕییانەدا نەشاردۆتەوە.

### برادۆست ـ ورمێ بە هۆی دەستدرێژی کەسانێکی نەناسراو، مەئموورێکی ئیتلاعاتی ڕێژیم کوژرا

ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٣/١٢/١١ی هەتاوی، کاتژمێر ١ی دوانیوەڕۆ لە گوندی برادۆست، سێ کەس لە مەئموورانی ئیتلاعاتی ڕێژیم، لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەدرێنە بەر دەستدرێژ.

لە ئاکامی ئەم دەستدرێژییەدا یەکێکیان بە ناوی "بێهرووز" دەکوژرێ، یەکێکیان بریندار دەبێو ئەوی دیکەشیان هەڵدێ.

### کرێکارانی پرۆژەی بەنداوی چەپەراوێی ناوچەی شنۆ بۆ ماوەی حەوتوویەك مانیان گرت

ماوەیەك لەمەوبەر کرێکارانی پرۆژەی سازکردنی بەنداوی گوندی "چەپەراوێ"ی شنۆ، بە هۆی پێنەدرانی هەقدەستەکانیان لە لایەن کاربەدەستانەوە مان دەگرن.

پرۆژەی چێکردنی بەنداوی ئاماژەپێکراو ماوەی دوو ساڵە دەستی پێکردوە، بەڵام لە وەرزی پاییزی ئەمساڵەوە تا ئێستا هەقدەستی کرێکاران نەدراوە. شیاوی باسە بەرپرسانی پرۆژەکە لە پاش حەوتوویەك مانگرتنی کرێکاران تەنیا هەقدەستی یەك مانگیان پێدەدەنو پاشان بە فێڵوتەڵەکەو دانی وادەی بێبنەڕەت بەرێیان دەکەنەوە سەرکار.

### ١٥ کەس لە ناوچەی شنۆ لە لایەن سوپای پاسدارانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون

چەند ڕۆژ لەمەوپێش، بەرپرسانی سوپای پاسداران، خیزی چۆمی گوندی "جاشێران"ی شنۆ بە بەکرێگیراوێکی ڕێژیم کە خەڵکی نەغەدەیە دەفرۆشنو لە بەرانبەریشدا خەڵکی گوندی ناوبراو نارەزایەتی نیشان دەدەن. بەڵام بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران بە زۆری سەرنێزەو دەستبەسەرکردنی (گرتنی) ١٥ کەس لە خەڵکی ئەو گوندە ویستە دژی خەڵکییەکەیان جێبەجێ دەکەن.

شیاوی باسە کە ماوەیەك لەمەوپێش لە کاتێکدا بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران بۆ بردنی خیز چووبوونە ئەو گوندە، لەگەڵ بەرگریی چاونەترسانەی خەڵك بەرەوڕوو ببوون، هەربۆیە لە هەنگاوێکی زەبوونانەدا بۆ چەند کەس لە خەڵکی ئەو گوندە، چەندین میلیون تمەن سزا دەبڕنەوە.

### کۆچیدوایی دڵسۆزێکی ئەمەکناسی جووڵانەوەی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی بانە

چەند ڕۆژ لەمەوپێش تێکۆشەرێکی جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان بە ناوی "ڕەحمان سلێمانپوور"، ناسراو بە "ڕەحمان سلێمان"، خەڵکی گوندی "بەردە ڕەش"ی بانە، بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

مام ڕەحمان مرۆڤێکی تێکۆشەرو دڵسۆزو پشتیوانیی خەباتی مافخوازانەی حیزبو گەلو هەروەها پیاوێکی خۆش ناوی ناوچەکە بوو.

❊ ❊ ❊

# ئاوڕێك لە خەبات و تێکۆشانی یەکسانیخوازانەی ژنان لە جیهاندا

**ئا: شنۆ مێهرپەروەر**

لە ٨ی مارسی ساڵی ١٨٥٧دا ئەو ژنانەی کە لە کارگەکانی چنینورستنی جلوبەرگی شاری نیۆیۆرك، لە وڵاتە یەکگرتووەکان کاریان دەکرد، دەستیان بە خۆپیشاندان کرد. ئەوان دژی هەلومەرجی نائینسانیانەی کارو مووچەی کەم خەباتیان کرد. پۆلیس خۆپیشاندەرانی دایە بەر هێرشو سەرەنجام بڵاوەی پێ کردن. دوو ساڵ دواتر، سەرلەنوێ لە مانگی مارسدا ئەم ژنانە ڕێکخراوێکی کرێکارییان پێك هێناو هەوڵیان دا داکۆکی لە خۆیان بکەنو لە شوێنی کارەکانیان مافە سەرەتاییەکانیان وەدەست بێنن.

لە ٨ی مارسی ١٩٠٨دا، ١٥٠٠٠ ژن لە نیۆیۆرك بۆمافی زیاتر، ساعەت کاری کەمتر، مافی دەنگدانو کۆتاییهێنان بە کارکردنی منداڵان، خۆپێشاندانیان ساز کرد. لە مانگی مایی ئەو ساڵەدا حیزبی سۆسیالیستی ئامریکا دوایین یەکشەممەی مانگی فێوریەی بە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن ڕاگەیاند. لە دوایین بەیاننامەی حیزبی سۆسیالیستی ئامریکادا، خەڵکی ئەم وڵاتە ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی فێوریەی ساڵی (١٩٠٩)یان وەك ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن جێژن گرت، بۆیە ژنان هەتا ساڵی ١٩١٣ دوایین ڕۆژی یەکشەممەی مانگی فێوریەیان وەك ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن جێژن دەگرت.

لە ساڵی ١٩١٠، حیزبە سۆسیالیستەکانی سەرانسەری دنیا، کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییان لە شاری کۆپنهاگ، پایتەختی وڵاتی دانمارك بەڕێوەبرد. لەم کۆنفرانسەدا پێشنیار کرا ڕۆژێك وەك ڕۆژی جیهانیی ژن دیاری بکەن. سەرەتا "کلارا زتکین"، ژنە سۆسیالیستی ئاڵمانی پێشنیاری کرد کە مانگرتنی کرێکارانی کارگەی ڕستنو چنینو جلوبەرگی ئامریکا وەك ڕۆژی جیهانیی ژن دیاری بکرێ. ئەم پێشنیارە لەگەڵ ڕەزامەندیی زیاتر لە ١٠٠ ژن لە ١٧ وڵاتی بەشداربوو، لەوانە سێ ژنی نوێنەری پارلمانی وڵاتی فینلاند بەرەوڕوو بوو. بەم جۆرە ئەم ڕۆژە، بۆ ڕێزگرتن لە جووڵانەوەی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان لەوانە: مافی دەنگدان (کە بە دەنگدانو بەشداری لە هەڵبژاردن ناو دەبرێ) دیاری کرا.

ساڵێك دواتر لە ساڵی ١٩١١ بۆ یەکەمین جار ڕۆژی جیهانیی ژن لە وڵاتانی ئۆسترالیا، دانمارك، ئاڵمانو سویس ڕاگەیەندرا. ئەو ڕۆژە ڕۆژی ١٩ی مارس بوو کە زیاتر لە یەك میلیۆن کەس لە ژنانو پیاوان بۆ پشتیوانی لەم ڕۆژە لە شەقامەکاندا کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران سەرەڕای هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان، هەروەها داوای بەخشینی مافی کارو کۆتاییهێنان بە توندوتیژییەکانی شوێنی کاریان کرد.

لە ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕاگەیاندنی ساڵی جیهانیی ژن سەرنجی دنیای بۆلای مەسەلەکانی ژنان ڕاکێشاو، لە دێسامبری ساڵی ١٩٧٧ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەسندکراوێکدا ڕۆژێکی وەك ڕۆژی جیهانیی ژن کە ڕۆژی وەدەستهێنانی مافی ژنانو ئاشتیی نێونەتەوەییە، دیاری کرد. چوار کۆنفرانسی جیهانیی ژنانو هەروەها پەسندکراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسیو ئابوورییەکانی ژنان یارمەتیدەر بوون.



کلارا زتکین

یەکەمین کۆنفرانسی ژنان لە مێکزیکۆسیتی، پایتەختی مێکزێك بەڕێوە چوو. کۆنفرانسی دوایی لە ساڵی ١٩٨٠ لە شاری کۆپنهاگ، پایتەختی وڵاتی دانمارك بەڕێوەچوو. لە ساڵی ١٩٨٥یش سێهەمین کۆنفرانسی جیهانیی ژن لە شاری نایرۆبی پایتەختی وڵاتی کێنیا بەڕێوە چوو. لە ساڵی ١٩٩٥، پێکەن پایتەختی وڵاتی چین، میوانداریی چوارەمین کۆنفرانسی جیهانیی ژنانی کرد.

نوێنەرانی ١٨٩ وڵاتی جۆراوجۆری دنیا بە تێکڕا لەسەر ئەوە باوەڕە بوون کە نەبوونی بەرابەریو یەکسانی لە نێوان ژنانو پیاواندا کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگا داناوە. ٥ ساڵ دواتریش لە بیستو سێهەمین دانیشتنی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ژنان ساڵی ٢٠٠٠یان بە ساڵی بەرابەریی ڕەگەزی، پەرەپێدانو ئاشتی بۆ سەدەی ٢١و گەشەپێدانی جیهان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆنفرانسی پێکەن هەڵسەنگاند. ئەم کۆنفرانسە بە کۆنفرانسی پێکەن + ٥ ناودێر کرا.

داخوازییەکانی ژنان بە پێی چین، توێژو تایبەتمەندیگەلی نەتەوەییان لە داواکارییەکانی وەك: کار، خواردن، جێگای نیشتەجێبوون، بارهێنانو چاوەدێرییە تەندروستییەکان تا داوای پێشکەوتووتر، لەوانە: ئازادی، بەرابەری، عەداڵەت، دێموکراسی، هەڵوەشاندنەوەی توندوتیژیی ڕەگەزیو بنەماڵەیی، پاراستنی ژینگەو لە کۆتاییشدا ئاشتی بۆ سەرجەم دانیشتوانی گۆی زەوی دەگرێتەوە.

ژنان بە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانیانەوە لە هەوڵی ئەوە دان بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆری خەبات وەك: فشار بۆ سەر ناوەندە قانووندانەرەکان بۆ پەسندکردنی مافی بەرامبەرو هەڵوەشاندنەوەی یاسا ڕەگەزییەکان، پێکهێنانی ڕێکخراوی ڕەسمیو ناڕەسمی، کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیەنەکان، پێکهێنانی میتینگو کۆڕو کۆبوونەوە لە بۆنە جیاوازەکانو پێوەندیگرتن بە بزووتنەوەکانی ژنان لە وڵاتانی دیکە، هەلومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی خۆیان بگۆڕن هەتا بە داخوازییە کورتماوەو درێژماوەکانیان دەگەن.

ڕۆژی جیهانیی ژن لەو بارەوە جێگای سەرنج بووەو هەیە کە سەمبولی هاوپێوەندیو هاوخەباتیی ژنان ـ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەی سیاسیو ئیدئۆلۆژیکیی جیاوازو جۆراوجۆر لە نێوانیاندا ـ لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیانە. ئەم خاڵە بواری پێکهاتنی ئەو ڕۆژەی بۆ "کلارا زتکین" کە دامەزرێنەری ڕۆژی جیهانیی ژن بووو لە ڕۆژئاواشدا وەك دایکی ئەم ڕۆژە ناسراوە، ڕەخساندو لەو ئاخاوتنەدا کە سەبارەت بە مافی دەنگدانی ژنان کردی، گوتی:

"ژنان دەبێ مافەکانیان لەسەر بنچینەی بنەما دێموکراتیکەکان لە بەربڵاوترین ئاستی خۆیدا وەدەست بێنن، نە لەبەر ئەوە کە لە بەرامبەر ئەرکی وەك یەکدا، مافی وەك یەك دەبێ دابین بکرێ".

"کلارا زتکین" لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە: "ئەگەرچی ئێمە بە پێی سروشتی دەروونیی خۆمان، گەلێك هزرو هەڵسوکەوتو هەستی جیاوازمان هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە وەك ئیمتیازێك چاو لێ دەکەین. تایبەتمەندییەك لە خۆماندا بەدی دەکەین کە لە پیاواندا نیەو ئەمەش کاریگەرە لە دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵگادا، لەو ڕوانگەیەوە کە ئێمە خوازیاری بەرابەریو یەکسانیی سیاسی ژنانین."

هەموو ساڵێك لە ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، بە گرتنی سیمینار، میتینگو کۆڕو کۆبوونەوە، سەرەڕای ڕێزگرتن لەو ڕۆژە مێژووییە، خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان تاوتوێ دەکرێو پلانو شێوازی نوێ بۆ درێژەدان بە خەبات بۆ داهاتوو دادەڕێژرێ.

❊❊❊

## ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی "گرووپی کاری کوردان لە ئەنترناسیونالی سوسیالیست" لە ڕۆژی سێشەممە، ١ی مارسی ٢٠٠٥ لە ڤییەن

سەرەتا کۆبوونەوەکە بە وتارێکی کورتی بەڕێز "کۆنی فرێدریکسن" (Conny Fredriksson) لە حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد کرایەوەو دەستووری کاری کۆبوونەوەکەی ڕاگەیاند.

ناوبراو لە بەشێك لە قسەکانیدا داوای لە بەشداران کرد بۆ چالاکترکردنی "گرووپ" لە داهاتوودا پێشنیارەکانیان بخەنە ڕوو.

لە بەشی دووەمی کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی بەشەکانی کوردستان (تورکیە، ئێرانو عێراق) لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی بەشی پێوەندیدار قسەیان کردو پاشان بارودۆخی بەشەکانی کوردستان خرانە بەرباسو وەڵامی پرسیاری بەشداران درایەوە.

لە دوابەشی کۆبوونەوەکەدا پێشنیاری بەشداران بۆ کارو داهاتووی گرووپی کاری مەسەلەی کورد هاتنە گۆڕێو باسیان لەسەر کرا.

بەشداران بریتی بوون لە:

- سکرتاریای ئەنترناسیونال سوسیالیست (لەتیفە پێری)
— حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد (کۆنی فرێدریکسن)
- حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش (ئالبرێت کۆنچێنیو ڕۆبێرت لاین گرووبەر)
- حیزبی دێموکراتی گەل لە کوردستانی تورکیە (نەزمی گوێر، جێگری سەرۆکی حیزبەکە)
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (خوسرەو بەهرامیو میرۆ عەلیار)
- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان (محەممەد تۆفیق ڕەحیمو دابان شەدەلە)
- پارتی دێموکراتی کوردستان (وەکوو میوان) (مستەفا ڕەمەزان)
- حیزبی سوسیالیستی فەرانسە (کەریم پاکزاد)
- دێموکراتە چەپەکانی ئیتالیا (جیان فرانکۆ بروو ساسکۆ)

## وتاری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆبوونەوەی "گرووپی کاری کوردان لە ئەنترناسیونالی سوسیالیست"

**بەڕێزان، دۆستانی خۆشەویست!**

لەبەر ئەوەی پێم وایە شارەزای ڕەوشی کوردستانی ئێرانن، لە بە وردی باسکردنی بارودۆخی ئەو بەشە خۆ دەبوێرم. بۆیە پێم خۆشە تیشك بخەمە سەر هێندێك ئاڵوگۆڕی کەموزۆر نوێ کە لە ٢ـ٤ ساڵی ڕابردووەوە لە ئێراندا بەرچاو دەکەون.

بەڵام سەرەتا دەمەوێ بە کورتی ئاماژە بکەم کە لە دواکۆبوونەوەی "گرووپی کاری مەسەلەی کورد" هەتا ئەوڕۆ گۆڕانکارییەك بەسەر سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردو مەسەلەی گەلی کورددا نەهاتوە: ڕێژیم ئێستاش خۆ لە بەرەسمیناسینی مافو شوناسی سەربەخۆی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەپارێزێو زمانی کوردیش لە قوتابخانەکاندا هەروا قەدەغەیە. ڕاوانو گرتنی نایاسایی، بڕینەوەی زیندانی درێژماوەو ئەشکەنجەو ئێعدام لە کوردستان کۆتاییان پێنەهێنراوە. بۆ وێنە هەر لە مانگی مای ساڵی ڕابردوودا ئاشکرا بوو کە ڕێژیم ٦ ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی، پاش ٨ ساڵ زیندانکردنو ئازار، ئێعدام کردوە. بێجگە لەوە، کۆماری ئیسلامی لە ناوەندگەرێتی ڕاگەیەنە گشتییەکان لەسەر بەرنامەی چەکی ناوکیی ئێران، کەڵك وەردەگرێ بۆ توندوتیژکردنی سەرکوت دژی ئۆپۆزیسیۆنو بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کورد. بۆ وێنە: نزیك بە هەموو نوێنەرانی کورد لە دەورەی شەشەمی پارلمان، لە کاندیداتۆری بۆ مەجلیسی حەوتەم هەڵاوێردرانو مەحرووم کران. ماوەیەکە ئیدارەی "ثبت احوال"ی شارەکان دەستووریان پێدراوە کە شناسنامە نەدەن بەو منداڵانەی ناوی کوردییان لەسەر دادەنرێ. هەروەها فەرمانداریی شارە کوردنشینەکان ١٠ ڕۆژ مۆڵەتیان بۆ خەڵك دیاری کردبوو کە تابلۆی سەر ئەو دوکانانەی بە کوردی نووسراون، لابەرن، دەنا سزا دەدرێن. ڕووناکبیران، نووسەرانو ژوورنالیستە کوردەکان لە ژێر فشاری بەردەوام دانو داخستنی ڕۆژنامەو گۆڤار لە کوردستان لە دەستووری کاری ڕێژیم دایە. دواجار لە ٢٠٠٥/٢/٢١دا ڕۆژنامەی "ندای دانشجو" لە شاری سنە، فەرمانی داخرانی دەرکرا. بە گوێرەی هەواڵی "هەواڵدەرانی بێسنوور"، کۆماری ئیسلامی لە گرتنو زیندانیکردنی ژوورنالیستاندا پلەی یەکەمی لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەدەست هێناوە!.

**بەڕێزان!**

وەك سەرەتا ڕامگەیاند، پێم خۆشە ئاماژە بە دیاردە یان ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە کۆمەڵگای ئێراندا بکەم کە بۆ داهاتووی ئێران گرینگیی تایبەتییان هەیەو دوو لایەنی هەیە.

١ــ دوای هەرەسهێنانی چاوەڕوانکراوی هەوڵەکانی پرێزیدێنت خاتەمی کە دەیەویست بە هێندێك هەنگاوی ڕووکەشو کەم نێوەڕۆك ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامیدا پێك بێنێ، بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران خۆی گرتۆتەوەو ڕێگایەکی سەربەخۆی لە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی گرتۆتەپێش. ئەو بزووتنەوەیە بەردەوام پەرەدەستێنێو داواو داخوازیی قووڵو ڕوون دەهێنێتە گۆڕێ. مەسەلەیەکی گرینگ لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە هەندێ لایەنو کەسایەتیو ڕووناکبیرانی گەلی فارس زیاتر لە جاران واقیعییەتی فرەگەلیبوونی ئێران دەسەلمێنن. ئەمڕۆ تابۆی "گەلانی ئێران" شکاوەو باس لە "نەتەوە ئێرانییەکان"و زەروورەتی دۆزینەوەی چارەسەری مەسەلەی "نەتەوەکانی ئێرانی" دەکرێ.

٢ـ هاوتەریب لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی دیکەی غەیرەفارسیش (ئازەری ـ عەرەب ـ بەلووچ ـ تورکمەن) سەری هەڵداوەو بە شێوەیەکی بەهێزترو ڕێکخراوتر خۆ دەنوێنێ. زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی نوێنەرایەتیی ئەو گەلانە دەکەن تێدەکۆشن بۆ وەدیهێنانی مافە سیاسییەکانیان لە چوارچێوەی ئێراندا. بەڵام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر نەتەوە غەیرەفارسەکان کە لەسەر بناخەی سەرکوتو پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی ئەو گەلانە داڕێژراوە، هەستی جیابوونەوەی لە نێو گەلانی ئێراندا بەهێز کردوە، بە جۆرێك کە چەند ڕێکخراوی سیاسیی ئەو گەلانە، خوازیاری جیاکردنەوەی ناوچەکانیان لە ئێرانن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی چەند ساڵی ڕابردووەوە وەکوو وەڵامێکی شیاو بۆ ئەو پرسیارانە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دواکۆنگرەی خۆیدا (ژوویەی ٢٠٠٤)، ستراتیژییەکی تازەی بۆ خۆی دیاری کردوە. هەتا ئەو کۆنگرەیە دروشمی ستراتیژیکی حیزب بریتی بوو لە "دێموکراسی بۆ ئێران ـ خودموختاری بۆ کوردستان" کە لە کۆنگرەی ١٣دا جێگەی خۆی دا بە "دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرال لە ئێرانو دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە کوردستانی ئێراندا".

ئێمە بڕیاری هەڵگرتنی ئەو دروشمەمان دا بۆ ئەوەی لە لایەکەوە یارمەتیمان بە پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لە وڵاتدا کردبێ، چونکە دابینکردنی دێموکراسی لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێران، بەبێ چارەسەریی مەسەلەی نەتەوەکان پارادۆکسیکاڵە. ئەمڕۆ تەنانەت یەکپارچەیی خاکی ئێران بەستراوەتەوە بە بەرەسمیناسینی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی غەیری فارس. لە لایەکی دیکەوە پێمان وایە دابینکردنی مافە سیاسیو ئینسانییەکانی گەلانی ئێران لە سیستمێکی فیدرالدا ئەمرێکی کردەکیو واقیعییە. لەو پێوەندییەدا ڕێگام بدەن ئاماژە بە ڕووداوێکی گرینگ بکەم، ڕۆژی ١٩ی فێوریەی ٢٠٠٥ لە لەندەن، نوێنەرانی ٧ ڕێکخراوی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی هاوکاریو هاوئاهەنگیکردنی خەباتەکەیان کۆبوونەوە. پاش باسێکی پڕنیوەڕۆك، ئەو ڕێکخراوانە لە کۆبوونەوەیەکی مێژووییدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بە یەکەوەو شانبەشانی یەك بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالیستی خەبات بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا بەهۆی هەیئەتێك بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب بەشداری کرد. لەبەر ئەوەی بەیاننامەی ئەو کۆبوونەوەیە بە زمانی ئینگلیسی لەدەست دایەو بڵاوی دەکەمەوە، هەڵسەنگاندنی ئەو هەنگاوە گرنگە بە خۆتان دەسپێرمو زیاتر لەسەری ناڕۆم.

لە کۆتاییدا، پێم بەجێیە داوا بکەم کە "گرووپی کاری کوردەکان لە ئەنترناسیونالی سوسیالیست" بە گشتیو هەموو ئورووپا کە پێویستە ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئێران لەبەرچاو بگرنو بەهێندی وەربگرن. لە بەرژەوەندیی ئورووپا دایە کە لانیکەم بە قەرا بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی، گرینگی بدا بە دێموکراتیزەکردنو چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێراندا.

نەتەوەکانی بەشخوراوی ئێران چاوەڕوانییان لە هێزە دێموکراتیەکانی ئورووپا ئەوەیە کە بۆ دابینکردنو دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیكو فیدرال لە ئێراندا پشتیان بگرنو یارمەتییان بدەن.

❊❊❊

## ڕوونکردنەوە

شەوی ٢٠٠٥/٣/١٥، وتووێژێکی من لە تەلەڤیزیۆنی "کوردستان تی ڤی"دا سەبارەت بە کەسایەتیی نەمر مەلا مستەفا بارزانی بڵاو کرایەوە. لە نووسراوەی سەر شاشەکەدا من وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دێموکرات ناسێندرابووم. لەو پێوەندییەدا بە پێویستم زانی ڕابگەیەنم کە من تا ئێستاش کادری دەرەجە یەکی حیزبی دێموکراتم، بەڵام ئەندامی مەکتەبی سیاسی نیم.

جەلیل گادانی ٢٠٠٥/٣/١٦ (١٣٨٣/١٢/٢٥ی هەتاوی)

# نەریتخوازی یا گلۆبالیزەیشن وەك پرۆژەیەكی نوێ

**ئاراس یارانی**



نەریتخوازی تەنها كۆن خوازی و پەرستنی رابردوو ناگەیەنێ، بەڵكوو تەواوی ئەو روانین و ستراتیژیانە دەگەیەنێ كە لە پشت ئەو كۆنخوازییەوە كار بۆ دابینكردنی سەر زەمینە ژیاریيەكانی ئەو روانینە داخراوە دەكات، كار بۆ داخستنی دەرگاكان و دەروازە جیاوازەكان دەكات. رەنگە نەریتخوازی لە هەلومەرجە جیاوازەكاندا گوتاری خۆی و روانینی خۆی هەبێت بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە دەسخەرۆبێت بە تاك و ڕەهەندی پڕكردنەوە و ستراتیژەكانی. نەریت خوازی بەردەوام بۆ شاردنەوەی رووە تاریك و جەهەنەمیەكەی ڕووە گەشەكەی خۆی دەردەخات، كراسی رەنگاورەنگ و ئایدیولوژیی رەنگاڵەیی دەپۆشێ بۆ ئەوەی هزرەكان داگیر بكات و دەیەوێت تەواوی كەرەستە واقیعی و خەیاڵی‌یە دوور مەوداكانی خۆی بەكار بەرێت بۆ لەناو بردنی هەر جیاوازی‌یەك و هەر روانینێكی دیكە لە دەرەوەی خۆی. لێرەدا وا دەردەكەوێت كە نەریت خوازی و نوقوم بوون لە كولتووره سەلەفی‌یەكان دا تەنیا مانای بێ ئەقلی و جەهالەت و كۆنەپەرستی ناگەیەنێت بەڵكوو مانا و بەهای رۆشنبیریشی هەیە، كە كەم تا زۆر ئەو بەكگراوەندە روشنبیری‌یە بەكار دەبات بۆ خزمەتكردنی بەردەوام بوونی

**نەریت خوازی و كولتووری سەلەفی بۆ ئەوەی سەرزەمینە تاریكەكانی خۆی ببووژێنێتەوە كەرەستەی جۆراوجۆر بەكار دەبات.**

خۆی و ئەو خاوەنی پەرەستگایەكە بۆ هێشتنەوەی رابردوو، مێژوو، یادەوەری‌و سەروەری‌یەكان، لە هەمان كات دا خاوەنی روشنبیری‌یەكە بۆ كوشتنی جیاوازی‌یەكان و خەفەكردنی دەنگەكان و ڕەتكردنەوەی روانینەكانی دیكە، ئەو كە خاوەنی خەیاڵكەیەك نیە، هەمیشە باس لە خەیاڵكە دەكات، ئەو كە خاوەنی فانتازیایەكی قووڵ نیە دەیەوێ واقیع بكات بە فانتازیا، ئەو كە لە سیاسەت تێ ناگات بەڵام خۆی دەبەستێتەوە بە ئایدیۆلۆژیاكانەوە و تاڵانیان دەكات، ئەو كە ناتوانێت بە بیروباوەرە كۆن و سواوەكانی خۆیەوە لە ئێستادا بژی، بەڵام جانتاكەی پڕە لە كەرەستەو ئامرازی جیاجیا كە دەكرێ دایانتاشێ و لە ئێستادا بەكاریان بێنیت، بەڵام دەتوانێت تێكیبدات و بیشێوێنێ یان نەیەڵێ كەس بە فانتازیاكانی خۆی رازی بێت و بێهوودە بە ناشیرینیەكانی خۆیەوە گرفتارت دەكات، نەریت خوازی و كولتووری سەلەفی بۆ ئەوەی سەرزەمینە تاریكەكانی خۆی ببووژێنێتەوە كەرەستەی جۆراوجۆر بەكار دەبات. هەڵبەت بۆ مانەوەی خۆی تەواوی رووە مەعریفیەكانی خۆی دەشارێتەوە لە ئاكامدا رووبەكی پڕ لە سەروەری و پڕ لە یادەوەری خۆی لە بەكار دەبات و دروشمی نوێ بەرز دەكاتەوە، ئەو كار لەسەر كاریگەریەكان دەكات بە جۆرێك ئەگەر لەسەر وەختی كاڵبوونەوە بەسەر چوونیشدا بێت لەكاتێكدا شۆرشێكی نوێ جیاوازتر لەوانی دیكە لەئارادا بێت نەریت خوازی لەو كاتانەدا بۆ مانەوەی خۆی باس لە سەروەری‌یەكان دەكات بۆ هێشتنەوەی دوخی ئێستا فایلە تۆزلێنیشتووكانی بیرەوەری هەڵ دەداتەوە. نەریت خوازی بۆ ئەوەی خۆی بە كوڕی هەموو سەردەمەكان بزانێت بۆ ئەوەی لە هەموو بارودوخەكاندا خۆی دووبارە بكاتەوە، خۆی بە خاوەنی سەرلەبەری هەموو روانینەكان دەزانێت. هاوكات خۆی بە خاوەنی رۆشنبیری و كەلتوور و فەرهەنگی گشتی دەزانێت، خۆی‌بە دایكی هەموو روانینەكان دەزانێت و خۆی دەكات بە مەرجەعی شارستانیەت و رووناكبیری و ئاستە جیاجیاكانی دونیابینی و هەڵدەستێت بە بەرەنگاری لەگەڵ هەر دیاردەیەكی‌نوێ و بەرچەسپی ناشیرین دەخاتە باڵی یەك لەو دیاردانەی كە تەواوی جیهانی خستووتە ژێر ركێفی خۆی و كاریگەری لەسەر هەموو بوار و لایەنەكانی ژیانی مرۆڤ داناوە دیاردەی گلۆبالیزەشێنە نەریت خوازی و فكریەتی داخراو كە هەڵقوڵاو لە كەلتووری سەلەفی ئەم دیاردەیە بە دوژمنی هەمەلایەنەی مرۆڤ دەزانێت بەرچەسپ گەلێكی وەك سڕینەوەی كولتوورەكان، جیهانیبوونی سەرمایەداری و بورژوازی، زیادكردنی مەودای نێوان كەم داهات و دەوڵەمەندو ....هتد دەخاتە پاڵیەوە. گلۆبالیزیشن چییە؟ ئەم وشەیە هیندە سەرنجراكێشە بەناو هەموو كولتوورەكاندا بڵاوبووەتەوە ئەم بڵاوبونەوەیەش گەواهی ئەوە دەدات كە ئێمە چەندە پەرەمان سەندووە، كە هیچ گوتارێكی سیاسی تەواو نابینیت، ئاماژە بەم زاراوەیە نەدات، ئەگەرچی تاكوو كۆتایی ساڵانی هەشتاكانی سەدەی بیست ئەم زاراوەیە بەكار نەهاتبوو، نە لە ئەدەبیاتی ئاكادیمی‌دا نە لە ژیانی رۆژانەدا، بەڵام ئێستا شوێنێك نییە ئەم گوتارە تێیدا بەكار نەیەت. ئەگەرچی ئەم فكریەتە زۆ باش بڵاوبووەتەوە بەڵام زۆر كەس و لایەن بەهۆی كەوتنە مەترسی بەرژەوەندییەكانیان خۆی لێدەبوێرن و رەهەندی دژ بەم پرۆسەیە بەكار دەبەن. لەراستیدا فكری گلۆبالیزەیشن بەو ڕستەیەوە بەستراوە كە دەڵێت: هەرهەموومان لەمرۆدا لەیەك جیهان دا دەژین، بەڵام بە چ مانایەك؟ بڕیارەكان بۆ روون كردنەوەی ئەم حاڵەتە ژمارەیەك رای جیاوازیان هەیە كە دەتوانین لەنێو ئەوانەدا دوو تێڕوانین جیابكەینەوەكە هەر هەموو تێڕوانینەكانی تر تێدا جیا دەبێتەوە، تێڕوانینی یەكەم (گومراكان) كە دەڵێن سەرجەم قسەكردن سەبارەت بە گلۆبالیزیشن جگە لە ژاوەژاوێك هیچی‌تر نییە، چونكە جیهان بە هەمان ئاراستەی جارانی كار دەكات. بەڵام تێڕوانینی دووهەم (ڕادیكالەكان)ن، ئەوان رایان وایە كە گلۆبالیزیشن تەنیا شتێك نییە رووی‌دابێت بەلكوو دەتوانین هەست بە ئاماژەكانی بكەین و لە هەموو شوێنێك هەست بە بوونی بكەین، هەروەها بازاری جیهانی زۆر لە ساڵانی (٦٠و٧٠)كانی سەدەی بیست پێشكەوتووترە، چونكە هیچ گرنگی‌یەك بە سنووری دەوڵەت و سنوورەكانی تر نادات. ئەمرۆكە دەوڵەتە نەتەوەییەكان ئەو باڵادەستییەی جارانیان لەدەست داوە، هەروەها سیاسیەكان وەك جاران ناتوان كاریگەری لەسەر ئاراستەی رووداوەكان دابنێن، كە رای ئەمانە سەبارەت بە مەسەلەی سیاسەت وایەكە ئەمرۆكە كەس رێز لە سیاسیەكان ناگرێت، وەك نووسەری ژاپونی "كنیشی ئاوهمەن" دەڵێت: دەوڵەتی نەتەوەیی وەك ئەندیشەی لێهاتووە، هەروەها ئاماژە بەوە دەكات كە قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٩٨بەسەر ئاسیادا هات، باشترین گەواهی هاتنی شەپۆلی گلۆبالیزەیشنە. ئەگەر جوان بڕوانین دەبینین چ گومراكان چ رادیكالەكان نەیانتوانیوە لە كرۆكی گلۆبالیزەیشن بگەن، ئەوان وەك دیاردەیەكی بەتەواوی ئابووریی تەماشای دەكەن، كە ئەمەیان گەورەترین هەڵەیە، چونكە دیاردەیەكی سیاسی و تەكنۆلۆژی و رۆشنبیریشە، ئەمە جگە لەوەی دیاردەیەكی ئابووری‌یە كە سەرەتا پێش هەموو شتێك پێوەندی بە پەرەسەندنی سیستەمی پەیوەندی‌گرتنەوە هەیە كە بۆ كوتایی شەستەكانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٩٦٩دا یەكەم مانگی دەستكردی بازرگانی هەڵدرا، بەڵام ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ مانگی دەستكرد لە جیهان دا هەیە، كە هەركامیان دونیایەك زانیاری هەڵگرتووە. ئەگەر ئەو دابەشكاریەی لەنێوان ئەو روانگەیانەدا بۆ جیهانیبوون بووە لەبەرچاو گرین و سەرجەم روانگەكان بە روانگەی رەش بینەكان و گەش بینەكان دیاری بكەین بێگومان لایەنگرانی گەشبین بەوەی كە جیهانیبوون خەونەدێرینەكانی مرۆڤ كە دەیەوێ جیهانێكی نوێ دروست بكات و هەموو كێشە ترسناكەكانی چارەسەر بكات ئەو كێشانە كە هەرەشە لە مرۆڤ و مافی دەكەن دەستەبەر بكات و نەیارانیش كە پێیان وایە جیهانیبوون بارودۆخێكی نوێ نییە و لەو بڕوایەدان كە جیهانیبوون رەوتێكە كە ماوەیەكی دوور و درێژ لە مێژوودا درێژەی هەبووە، یانی لە سەردەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداری‌یەوە وەك وێنەیەكی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەست پێكراوە و ئەوەی كە ئێستا دەبینین درێژەی بەردەوامی ئەو پرۆسەیە كە چوار سەدەیە درێژەی هەیە.

# هەڵۆ

**شەهرام رادمەنش**

ئەوا هەرچەند رۆژێك ئەبێ
هەڵۆیەكی تیژباڵی گشت ئاسمانی
هیواكانم
كەروێشكەی شاباڵێكی لێ بزر بووە
وەك لەژێر نسێی دووردونگی‌و
دووبەركێكی دوو مەودا كەلە وەرزی
چواروهەشتی هەڵفڕینا نزمی كردین
هەنووكە خەریكە وەنەوزئەدا
ئەوا هەرچەند رۆژێك ئەبێ
لەشەقامی تەمتوومانی دڵی خۆما
هەرچەند شوێن پێی ولامێك دەگەرێم
ئاخۆ باڵندە بە تاقە باڵێكیش
هەر هەڵۆیە
كەچی ئەوا چەند رۆژێكە
هەر دەگەمە دڵەراوكێی
بە هەزاران دایكی شەهید
بە هەزاران مناڵ و
كیژێكی ئەویندارى هەسێری
خوولێكەوتوو
كە دڵداری لە چنووری
چیایەكی گەردەن كەشا هەتا تروو پكی
ئاسمان هەڵگەراوە
زۆر لەمێژە بۆ هەڵاڵەی
تەنیشت جێ پێی دڵدارەكەی
لە كانیاوی چاوانی را جۆگەیەكی
هەڵبەستووە
پە نجەكانی كەروێشكەی ناز بەسەر
حەزوتاسەكانی
هەڵئەبەستێ
ئەوا هەرچەند رۆژێك ئەبێ
لە شەقامی دڵی تەنگم
چاوەروانیم هەڵبەستووە
بۆ هەڵفرینی هەڵۆیەك بە دوو شاباڵ
دەبا
سامی هەموو نێچیر بلەرزێنێ
با هەڵفڕێ تا ئاسمانی زەردەخەنە و
حەزوهیوا
دەبا شریخەی دوو باڵی
وەنەوزی دڵتەنگی لەچاوی دڵ بڕەوێنێ.

# درۆی موقەددەس

**ڕەسووڵ سوڵتانی**

دەست پێ دەكەم بە موقەدەسترین
درۆ
ان الانسان ...
خۆ كەر دەكەن
ئێوارەكانی ئەم شارە هەموو كەرن...
كازیوەكانی ئەم شارە خەواڵوون
شەوەكانی ئەم شارە هەموو مەستن
كەی درۆ بوو بە شەڕاب؟
كەی؟
ئاخ خوایە
ئاخ
خۆری ئەم شارە ئێمەی خەڵەتاند
ئەستێرەكانی ئەم ئاسمانە
چ درۆزنن
مانگ رووڕەشترین گڵۆپی شەوە
نەمانزانی خوایە نەمانزانی
نەمانزانی بارانەكانی ئەم وەرزە
گاڵتەیان بە كێڵگە دێ
دەست پێ دەكەم
لە كاولاشی ئایەتە دۆڕاوەكانی
راستی‌یەوە
دەست پێ دەكەم
بەناوی تۆ
ئەی درۆ
پڕ بەگەرووی راستی‌یەكان بانگت
دەكەم و
دەتكەم بە سروودی سەركەوتن
سەركەوتن بەسەرشانی خۆم دا
بۆ گەیشتن بە رازاوەترین گزە و بە
لەزەترین حیكایەتی درۆ
بانگت دەكەم
لێت دەروانم
پڕ بە گلێنەی هەموو راستی‌یە
فێڵاوییەكانی جیهان
دەتكەم بە رازاوەترین شێعری
دەربازبوون
دەربازبوون لە نەهامەتی‌یەكانی
چووكەیی
لە رەشاییەكانی غوروور
بۆ گەیشتن بە
نازانم
بە كوێ...
بەڵام
ئەگەر هاتی
لێم مەگەڕێ لە كۆشكی بەرهەتاوی
ئێوارەی بەهاردا
ئێمە
لەژێر خۆڵەمێشی رەشترین ڕاستی دا
شایی دەگێڕین
ئێمە جوانترین جەنازەی ژنی ئەم
گۆرستانە
دۆی دەستمانن
ئەگەر هاتی

# سەرلێشێواوی

**هیدایەت جان**

دەفتەرەکەت لێك دەکەیەوە و ماوەیەك بە وردی تێی رادەمێنی

یەکەمجار کە چاوت پێی کەوت لەسەر کۆڵانەکە بوو. دانیشتبووی و گەرمی گێرانەوەی بیرەوەرییەکانت بووی کە لەپڕ شوقی چرای ئوتومبیلێك قسەکانی هەڵبڕی و بێ هیچ شتێك سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی راکێشا.

وەبیرم ددێ کە بیرەوەری سەماوارەکەت دەگێراوە! ئەوکات منداڵ بووی و بێ ئەوەی ئاوی تێبکەی لە بەرقت دابوو. ئەو کات چاوشین و بە دموچاو سپیکەڵە بووی بەڵام سەرت هەمیشە دەتاشی. زۆرجاران دایکت پێی دەگوتی: تۆ گەورە بی باڵابەرز و چوارشانە وەك باوکت لێ دێ! یەقەی پاڵتۆکەت هەڵ دەدیتەوە و خۆت وێك دێنی. سەرنجت داوەتە ئوتومبیلەکە. کەسێك لە دەرگای پێشەوە دێتە خوار و ئیتر لەبەر شوقی چراکە هیچت بۆ نابینرێ. چاوەکانت لەژێر شۆقی چراکە ئەدرەوشانەوە. وێنەی دیمەنی دەریا لەکاتی خۆر ئاوابوون. شینێکی کاڵ. ئوتومبیلەکە بووقێکی لێدا و دوور کەوتەوە. ئەمجار بە جوانی هاتە بەر تیشکی چاوەکانت. قەت وات بیر لە قسەکەی دایکت نەکردبۆوە. سەیربوو! کاتێك هەستایە سەرپێ بۆ یەکەم جار هەستت لە بەرزی باڵات کرد. بەڵام زیاتر حەزت دەکرد بێتە بەر رووناکی چراکە. چرایەکی کەم شۆق بەڵام ئاسمانێکی رەش و تاریك. دەنگی موسیقای ئوتومبیلەکە لەمێژ بوو تۆی بەرەو ئاسمانی خەیاڵ فڕاندبوو. لەشت سڕ بوو. دوگمەی پاڵتۆکەت سەرێ دادەخەی. کە وەخۆ دێیەوە کچێکی باڵابەرز و لێو بە بزە دەبینی کە بەردەمت دا تێدەپەڕێ. ئەندامێکی رێك وپێك، تەنیا رەنگی کراسەکەت لەبیرە، ئەویش لەبەر ئەوەی دوگمەکانی سەرەوەی کرابووە! چاوێکی حیزانەت لە سینگی کرد و ئەوسا چاوت بڕی ناو چاوە کاڵ و تەڕەکانی. بۆنی عەتری زولفی لەدوورەوە پێدەگەیشت. بە تێپەڕ بوونی وێی دەچوو دنیات بەسەردا رووخا. زۆرجار کە خەفەتێکت دەبوو یا ڕقت هەڵدەستا توند دەستت بە سەرت دا دێناو لێوت وەبەر ددانت دەدا. ئەمجار چاوت لەسەر هەڵ نەدەگرت ئیتر تەواو چووبووە ناخیەوە. لەپڕ بە ئاسکە نیگایەك دڵی ڕفاندییە حەوت نهۆمی ئاسمان و لەوێدا ڕەهای کردەوە سەرزەوی. هەر ئەم نیگایە بۆ بەهۆی ئەوە کە شەو لەرۆژ نەناسیوە. ئیتر تۆ عاشق ببووی. ئاشقێکی بەتەواو مانا. بەڵام نا... .

بە دڵت نیە! هەر بۆیەی ئەم لاپەڕە لێوە دەکەی و سەرلەنوێ دەست بە نووسین دەکەیەوە.

لەسەری کۆڵانەکە خۆت پێ ناساند بوو. تەنیا پاڵت وەدارتیلەکە دابوو. چاوەکانت نوقمی ئاسمانی سووردا گیراو ببوو. تۆ رەنگی سوورت لە هەموو رەنگەکان خۆشتر دەویست. زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە هەرکات بۆ شوێنێك دەچووی کراسە سوورەکەت دەبەر دەکرد. ئەوە زۆری نەخایاند کە شۆقی چرای دارتیلەکە هەودای خەیاڵی پساندی پێت خۆش بوو هەر ئێستا بەرەو ماڵ بڕۆیەوە. هیچ کات تاقەتی چاوەروانیکردنت نەبوو لەکاتی هەستانە سەرپێ دا گوێت لە مۆسیقی هەنگاوەکانی بوو. پانیی ئاسنینی کەوشەکانی عەرزە سیمانییەکەی ئازار دەدا و بێدەنگی تاریکە ئێوارەکەی دەشێواند. تەنیا شتێکی کە لێی بێزار بووی بێدەنگی بوو. ئێوارە تاریکانێکی بێدەنگ لە چاوەروانیدا! بەڵام ئێستا دلاوێنترین مۆسیقایەکی کە چاوەڕوانیت دەکرد بە گوێت دەگا. تاقیت دەکردەوە بزانی دەتوانی لە کونی یەکەمی دارتیلەوە سەیری بکەی. دەستت لە گیرفانی پاڵتۆکەت نا و دوگمەکانت تا سەر ملت داخست لە دەریای چاوەکانت دا شەرمێکی تێکەڵاو بە ترس بەدی دەکرا. هەموو کەس دەتوانێ ئەو راستەقینەیە بسەلمێنێ بەڵام تۆ زۆر لەوانە بەورەتر بووی بو کشانەوە. ئەمجار شەرم و ترس نەبوو کە رێگای هەڵدەبژارد. بەڵکوو دڵت بوو کە رێگای بو تۆ دیاری دەکرد. لەگەڵ هەر هەنگاوی ترپەی دڵی تۆش خێراتر و خێراتر دەبوو. لەگەڵ ئەوە کە هاتە بەر رووناکی گڵۆپەکە خۆت پێ رانەوەستا و بە پەلە رات کردە بەردەمی. نەت دەزانی لەکۆوە دەست پێ بکەی. بەڵام لەگەڵ راکردنەکە ترپەترپی دڵە سووتاوەکە هیندەی تر زیاد ببوو. ئیتر ئەوە بۆ تۆ ببوو بە عادەتێك، وێی دەچێ ئەو عادەتە لە تەواوی مرۆڤەکاندا هاوبەش بێ. بەڵام تۆ لەگەڵ هەموویان جیاوازیت هەبوو.جیاوازیەکەت لەوەدا بوو کە ئێستا بەو تاریکانە کیژێکی باڵابەرزی قژکاڵ لەپێش خۆت دەبینی کە لەترسان تەواوی گیانی وەك مێژۆکە دەلەرزی. خۆ تۆ نەتدەویست وای لێبێت. تۆ تەنیا بە مەبەستی خۆشەویستی چوویە پێش! هەر بۆیەش کە بزەی لەسەر لێوەکانتەوە دیت پشوویەکی داو و ئەمجار بەم چاوە کاڵانە چاوێکی ئاوێتەی هەزاران سۆز و مانای لێکرد. بۆ یەکەمجار لە ژیانت دا توانیت ئەوەی کە لە دڵتدایە دەری بڕی و بە زمان هەمووی هەڵبڕێژی: سڵاو گوڵەکەم!. دەزانی من لە کەیەوە چاوەڕوانتم. هەر... تەواو قسەکانت نەکردبوو کە گەرمایەکت لەسەری پەنجەکانتەوە هەست پێ کرد. ئەمجار پێت زانی کە زۆر بێ شەرمانە دەستەکانت گرتۆوە و بە سەری پەنجە رێکی دەگوشی. تەنیا توانی بۆ ماوەیەکی کەم خۆی رابگرێ. دەستەکانی شل کرد و خۆی لەباوەشی هاویشت. نەتدەزانی لەکۆوە دەست پێ بکەی. گەرمایی لەشت بە تەواوی ماناوە هەست پێ دەکرد. بە جۆرێك لێوەکانت هەڵدەمشت کە وێی دەچوو نات هەوێ لەمەوبەدوا هەناسەکانیشی بەرەو ئاسمانی شینی بێ بن بڕوا. کە چاوت بە چاوە پڕ لە ئاوەکانی دەکەوت هێندەی دیکە هان دەدرای کە هەناسەکانی هەڵمژی. دەستت بۆ لای دوگمەکانی برد و یەکەیەکە لە بنەوەرا هەموانت ترازاند. دەستە ساردەکانت بە بەر زگیدا دێناو توند ئەلقەی کەمەریت دەکرد. ئیتر هەستت بە سەرمایەکی ئەوتوو نەدەکرد. پێویست بوو تەنیا دەستت بترازێنی خوارتر. بەڵام ترسێکی بەهێز لەناختەوە سەرچاوەی دەگرت و دەستەو داوێنی ئەو ساتانەی خۆشەویستیت دەبوو. ترس لەوەی کە کەس دیار نەبێ. بەڵام ئەو بێ هیچ ترسێك لەشی نابوو ئیختیارت و بە تەواوی خۆشی لێ دەدیت. ئەمجار ئەوە تۆ بووی بەخیلیت بەو دا دەهات. تۆ وات هەست دەکرد کە لەو پێوەندییەدا ئەو لە تۆ بەختەوەرترە. تا ماوەی ئەم تێکەڵاوییەتان زیاتری دەخایاند مەترسێکە زیاتر مێشکی ئازار دەدای. ئەوسا ئەوەی لە هەموو شت زیاتر تۆی ئازار دەدا دەنگی هەنگاوێك بوو. ئەم هەنگاوانەی کە بێدەنگی ئەم شەوە زەنگەیان دەشکاند. خۆت دەکێشاوە و دەستت دەکێشا بۆ ناو تاریکایی کۆڵانەکە. سەرت بە سینگێوە دەنا و گوێت لە ترپەی دڵە ناسکەکەی رادەگرت. تا بەڵکوو لەم ترسە دەرباز بی وێی دەچوو دڵی لەگەڵت دەدوێ. بەڵام تۆ تەنیا وشەی خۆشەویستیت لێ وەردەگرت. تەنیا خۆشەویستی. ئیتر ئەوە بەلاتەوە گرینگ نەبوو کە کۆمەڵ و دەوروبەرت ناوی هەرزەیی لەسەر دادەنێن. هێندێك جار کە فکرت لێ دەرکردەوە تەنیا فکرەکەشی هەتا مێشکی ئێسقانتی وەلەرزین دەخست. کیژێکی هەوەس باز و لەش فرۆش!...

تۆ بە هەموو جۆرێك قەبوولت بوو. ئەم داخوازیەش هەر داخوازی دڵە سووتاوەکەت بوو.

ئێستا چاوەروانیکردن بوتە ئەرکی سەرشانت کە هەموو ئێواران دەبێ بەجێی بێنی. هەر رۆژێ بە ئوتومبیلێك و هەر ساتێك لەگەڵ کەسێك.

قەلەمەکەت دادەنێی دەست لە نووسین هەڵدەگری تا بەڵکوو بەمجۆرە لەو سەرلێشێواوییە رزگار ببی. ئەمجار بڕیارت دا کە پێشنیاری زەماوەندی پێ بکەی.

بە پانیی کەوشەکەت لەسەر بەفرەکە گوڵێکت کێشاوە خۆ هەرنەبێ لە وێنەکێشان شارەزاییێکی باشت هەبوو. هەموو جارێ مامۆستا هەڵی دەستاندی و لەسەر تەختەرەشەکە وێنەیەکی پێ دەکێشایەوە. تۆش زۆر بە راشکاوی هەڵدەستای و گوڵێکی سوێسنت دەکێشاوە و چوار دەورەت بۆ دەکردە سەوزە و وەنەوشە. دەستت بە سەختی لە گیرفانی پاڵتوکەت دەرهێناو داهاتیەوە بۆ بەستنی قەیتانی کەوشەکانت. دەستت بە هاڵاوی زارت گەرم دەکردەوە و شاڵ گەردنەکەت تەواو لە ملت دەهاڵاند. ئەمجار پالت بە دارتیلەکەوەدا و جگەرەیەکت داگیرساند. دەتویست بانگی کەیە ناو گەری هەڵپەرکێکە، بەڵام بەرلەوەی کە تۆ ئاماژەیەکی پێ بکەی خۆی هاتە ناو دەستتەوە. شانت لە شانەکانی دەخشاند و بە نیوە ئاورێك خۆشەویستی یەکانتان ئاڵووگۆڕ پێدەکرد. دەستەکانت وەها ئەلقەی دەستی کردبوو کە هەموو سەرپەنجەکانی خوێنی تێی چزابوو. زۆری نەخایاند کە هەموو بەم سوورەیان زانی. تەنانەت منالێکیشت شك نەدەبرد کە لە رازی خۆشەویستیتان نەگەیشتبێ. ئەمجار وشەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەڕۆیشتن. لە تاریکی ئەم ئێوارە ساردەدا هەستت بە مەترسێك دەکرد کە ئاوری لە دەروونت بەردەدا. ئیتر پێت خۆش نەبوو هەر بیریشی لێ بکەیەوە خێراخێرا مژت لە جگەرەکە دەدا. چاوت لە گوڵەکەی بەرپێت دەکرت و بە دووکەڵی جگەرەکە ئەلقەیەکت بۆ ساز دەکرد و بۆ هەتا هەتایە لەوێ دا حەبست دەکرد. مابوویەوە لەناو دووڕێیانێك دا. وێی دەچوو من خۆم وام بیر کردبێتەوە. ئاخر تۆ تەنیا بیرت لەوە دەکردەوە کە خێرا چاوت پێی بکەوێ. ئیتر بۆت گرینگ نەبوو تاکەی چاوەروانی بکەی. وردە وردە هەستت بە سڕبوونی لاقەکانت دەکرد. تەنیا ئەوە هۆی دڵەراوکەکەی تۆ نەبوو! دەنکە شەمکچەیەك دەردەهێنی و ئاوری تێ بەردەدەی. گەرمایەکی کاتی بەڵام ماوەیەك دەستەکانت پێی گەرم بۆوە. دەنگی هەنگاوەکانی لە دورەوە سەرنجی راکێشای. چاوەکانت قورس ببوون و رەنگت بەڕۆوە نەمابوو. زۆر سەیر بوو! بە پێچەوانەی هەموو جارانی پێشوو بە مەترسیوە چاوەروانی دیتنی بووی. هەتا بەر رووناکی گڵۆپەکە تا نزیکتر دەبووە وشەکان کاڵتر خۆیان دەنواند. بە ئەسپایی هەنگاوی لەسەر بەفرەکە دادەنا. لەگەڵ چاوت پێی کەوت بزە لەسەر لێوەکانت خۆی ئاشکرا کرد. هاتە پێش. وەك کیژێکی بیست ساڵەی دەنواند. شایەدیش کەمتر بەڵام ئارایشێکی تەواوی کردبوو. درەوشانەوەی لێوی لەژێر نووری چراکە سەرنج راکێش بوو. کە چاوی پێت کەوت زەردەخەنەیەك لەسەر لێوەکانی داگیرسا و هەنگاوەکانی پێ شل کرد. تۆش پێ دەکەنی و لێی دەڕۆیە پێشێ. لەگەڵ ئەمەش وشەکان جار لەگەڵ جار کاڵتر دەنوێنن. بە چاوێکی پڕ لە مانا سەرنجت داوەتە سەر لێوەکانی. لەگەڵ هەر هەنگاوێ کە لێك نزیك دەبوونەوە. خۆشیو پێکەنینێکی زیاتر لێ وەدی دەهات. تا رادەیەك وشەکان کاڵ ببوونەوە کە تێ گەیشتنیان بوونی نەبوو. ئەمجار گەیشتنە یەکتر. ئەمجار هیچ وشەیەکات بەدی نەدەکرد تەنیا دێرێکی سپی، تەنیا سپی و سپی و سپی...

### کتێبی

# رێنوێنی هونەری مۆدێرن

## (لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا)

**نووسینی:لۆردس سیرلۆت**

**١٢**

**و: ب. هانا**

**ئەرکخوازی لە بیناسازیدا**

ئەگەرچی بنەماکانی ئەرکخوازی (فونکسیۆنالیزم) لە سەدەی بیستەم دا باو بوو، بەڵام ئەم شێوازە لەنێو شێوازەکان و رەوتە جۆراوجۆرەکانی بیناسازی لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا، لە هەموویان بە گرنگتر دادەنرا. ئەرکخوازی لەسەر ئەم گریمانە سەرەکییە دامەزراوە کە "فۆرم پەیرەوی لە ئەرك دەکا". ئەرکخوازان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بیناسازی دەرباوێ.

لوس ساڵی ١٩٠٣ کتێبێکی لەژێرناوی "رازاندنەوەو بێ حورمەتی"Ornament and offence دا نووسی و رەخنەی لە رازاندنەوەی زیدەرۆیانەی دەرەوە و ژوورەوەی ئەو بینایانە گرت کە بیناسازان لە ئوتریش گەڵاڵەکەیان دارشتبوو. بەرهەمەکانی ئادولف لوس نموونەیەکی تەواون لە سادەیی لۆژیکیی کە ئەو زۆری بەدڵ بوو. دوو نموونە لە بەناوبانگترین

کەلکوەرگرتن لە دەرگای شیشەیی چەکمەجەیی (کشویی)، دەرەتانی پەرەپێدانی فەزای نێوخۆیی پێك هێنا. لوکور بوزیە هەموو ئەم بنەمایانەی لە دارشتنی بینایەك بۆ بنەماڵەیەك بەناوی "ڤیلای ساڤۆوا" لەدەورو بەری پاریس دا، بەکار هێنا.

بیناسازیی ئۆرگانیك کە لە ئەرکخوازیی جوێ بۆوەو زۆر لایەنی



**ئالوار ئالتو**

**تالاری گشتی کۆلێژی پیشەسازی.**

**١٩٤٩ ئوتا نێمی.**

ئالتو بە کەڵکوەرگرتن لە ماددە و کەلوپەلی خۆوڵاتیی وەك سواڵەت، دار، بێتۆن، ئاسن و شیشە بیناسازیی ئەرکخوازی خۆی لەگەڵ ناوچەگەری (دژبونالیزم) تێکەڵ کرد.



**ئادولف لوس.**

**ماڵی شتاینێر ١٩١٠**

**ڤیەن.**

لوس لایەنگری دەرهاویشتنی هەر جۆرە جوانکاری و رازاندنەوەیەك بوو. ئەو لە کتێبی "رازاندنەوە و سووکایەتی"ی خۆیدا ئاماژەی بە پەرەگرتنی مودێرنیزم کردووە کە بیناسازانی بەرەو زیدەرۆیی بە کەڵکوەرگرتن لە توخمەکانی رازاندنەوەدا پاڵ پێوەناوە. لوس داوای وەلانانی بەتەواوی ئەمجۆرە توخمانەی دەکرد کە تەنیا لەرێگای راسیونالیزم (ئاوەزخوازی)یەوە دەگونجا.

ئەوەی لە بیناسازیدا گرنگە، ئاسانیی کەلکوەرگرتن لە فەزاکانی بیناسازییە، هەر بۆیە فۆرم، هەمیشە پەیڕەوی ئەرك دەبێ.

فۆنکسیۆنالیزم بەرلە هەمووشتێك وا دەخوازێ کە هەر فۆرمێکی بیناسازی، رەنگدانەوەی ئەو ئەرکەی پێوە دیار بێ کە بینایەکە بۆ جێبەجێ کردنی، بنیات نراوە. هەربۆیە ئەو شتانەی بیناکەیان راگرتوە، وەك کولەکەکان و ئەو دارانەی بۆ دارەرا کەلکیان لێ وەرگیراوە، دەبێ لە دیوی دەرەوە دیار بن.

پاشان بەو هۆیەوە کە فونکسیۆنالیزم بزووتنەوەیەك بوو کە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پێشکەوتنی پێشەسازی لەماوەی دوو دەیەی سەرەتای سەدەی بیستەم دا هەبوو، هەموو فۆرمە تیکنیکییەکانی، شێوەی ماشێنیان وەرگرت.

بیناسازانی ئەرکخواز لە کاتی نەخشەکێشانی بینایەك دا، زۆر هۆکاری وەك هەلومەرجی کەشوهەوا، نووری سروشتی و فەزاکانی دەوروبەری بیناکەیان وەبەرچاو دەگرت. ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ کاری بیناسازی ڤینیزی، ئادۆلف لوس، پێوەندییەکی زۆر نزیکی هەبوو. ناوبراو مودێرنیزمی رەت کردەوە و هەوڵی دا رازاندنەوە (دیکوراسیۆن)ی زیدەرۆیانە لە بیناکانی ئەو، واتە "ماڵی شتاینێر" و "ماڵی تریستان تسادا" دەری دەخەن کە بیناسازیی دەوروبەری ساڵانی ١٩١٠، چەندە قەرزداری ئادولف لوسە. لوس لە فورمە چوارگۆشەیییە دووپاتبۆوەکان و، لە بێتۆنێك کە رەنگی سپیی لێ درابوو کەلکی وەردەگرت. لە زەمینەی یەکدەستی بینایەدا تەنیا دەرگا و پەنجەرە و چوارگۆشەکان وەك کون بوون. دەتوانین بڵێین گەورەترین پشتیوانی ئاوەزخوازی، بیناسازی بەرەچەڵەك سویسی شارل ـ ئیدوارد ژانرە ناسراو بە لوکور بوزیە بوو. لوکور بوزیە، گەڵاڵەی ساختومانەکانی لە شێوەی ئەو ماشێنانەدا دادەرشت کە خەڵك دەتوانن لەنێویان دا بژین. ئامانجی ئەو، کردەنەوەی فورمەکانی بیناسازی لە سادەترین فۆرمی خۆیان دا بوو: چوارگۆشە و لاکێشە بۆ ئاستە رێکەکان، چوار پاڵوو و لوولەیی (ئوستیوانەیی) بۆ تەن (حەجم). فەزا نێوخۆییەکان بە جۆرێکی گونجاو لەگەڵ ئەرکی خۆیان دادەرێژران. فەزای ژیانیش بەگوێرەی ئەرك دابەش دەکرا. ژووری دانیشتن لەوانەبوو تا دوو بەرابەری رادەی ئاسایی بەرز بێ و جاری وا هەبوو رێرەوێك هەموو ژوورەکانی پێك دەبەستەوە.

هاوبەش لەگەڵ ئەودا هەبوو، شێوازێك بوو کە فرانك لوید رایت، یەکێکی دیکە لە بیناسازانی گەورەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، دای هێنا. رایت لەژێر چاوەدێری لوییس سالیوان کە لە بیناسازانی قوتابخانەی شیکاگۆ بوو، خوێندنی خۆی دەست پێکرد. هەر ئەمەش هۆی هەبوونی وێکچوون لەنێوان کارەکانی ئەو و بەرهەمە فۆنکسیۆنالیستەکان دا روون دەکاتەوە. بەڵام رایت مەترسیی شاراوە لە ئاوەزخوازیی وشکی بێبەری لە هەستی وەبیرهێنایەوە. ئەو جۆرێك گەڵاڵەرێژیی ئەرکخوازی پێشنیار کرد کە بۆخۆی ناوی نابوو ئورگانیك. ئەم شێوازە، گەڵاڵەرێژیی هونەری ئابستراکتی بینایەی لەگەڵ توخمە سروشتییەکانی دەوروبەری لێك دەدا. رایت توانی ئەم تیۆرە لە زۆر لەو ماڵانەدا کە بۆ خۆی گەڵاڵەکەی دارشتن، تاقی بکاتەوە.

***

# ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو

بەشی دەیەم

لە بەشەکانی پێشوودا دیتمان کە لە بڕگەیەکی مێژوویی‌دا کە حەمەڕەزا شاو ڕێژیمەکەی لە لاوازیو بێسەروبەرەیی‌یەکی تەواودا بوونو ئەوە تەنیا بریتانیاو ئامریکا بوون کە دەوڵەتو شێرە بەفرینەکەی واتە ئەرتەشەکەیان ڕاگرتبوو. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە باشترین هەل بۆ پساندنی ئاڵقەی سەرەڕۆیی‌و دیکتاتۆری بەشێوەیەکی یەکجارەکی پێك هاتبوو. کەچی دەرکەوت حیزبو ڕێکخراوە هەڵسووڕەکانی ئەوکات سەرەڕای ئەو نەخۆشینی ناتەبایی‌و دووبەرەکی‌یەی کە تووشیان ببوو، لە ڕاسترینانەوە تا چەپترینان لەگەڵ ڕێبەرانی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا لەسەر خاڵێك هاودەنگ بوون، کە ئەویش پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتی ناوەندی، ڕێگرتن لە هەر چەشنە بەڕەسمی‌ناسینێکی مافەکانی نەتەوەکانی ئێرانو دابەشکردنی دەسەڵات بوو. سەیر لەوەدا بوو لە کاتێك‌دا هەموویان بەشێوەی جۆراوجۆر بەدەست زوڵموزۆرو دیکتاتۆریی ڕێژیمەوە دەیانناڵاند، و ئیددیعای ڕێزگرتن لە ویستو ئیرادەی خەڵکیان دەکردو خۆیان بە پشتئەستوور بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵك دەزانی‌و هەروەها لە حاڵێك‌دا کە نەتەوەکانی ئێرانیش بە تەواوی لە سیاسەتی کۆنترۆڵکردن، ڕاگواستنو ئاسیمیلاسیۆنی ڕێژیم بێزار بوونو تا سەر ئێسقان دژی بوون، بەڵام، لە سۆنگەی دەستەوەستانی، لاوازی‌و نەبوونی ئیمانی قووڵ بە دێموکراسی‌و ئیرادەی خەڵك لەلایەن ڕێبەرانی ئەو ڕەوتانەوە وای لێ‌هات کە ئەو وزە مەزنەی کۆمەڵانی خەڵك بەفیڕۆ بڕواو ڕەوتی ڕووداوەکان بە قازانجی پتەوبوونی پایەکانی دیکتاتۆری بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بشکێتەوە.

بە چاوخشاندنێك بەسەر ڕووداوو گۆڕانکاری‌یەکانی پاش ٢٨ی گەلاوێژ تا سەرەتای شۆڕشی ساڵی ٥٧دا، دەبینین کە لە سۆنگەی تۆکمەبوونی پایەکانی دیکتاتۆری‌یەوە بەدەستی وڵاتانی زلهێزی ئەوکاتو بەتایبەت ئامریکا، لە ڕێگای میلیتاریزەکردن، دامەزراندنی (ساواك)، پەلکێشکردنی ڕێژیم بۆ نێو پەیمانی بەغدا، دوکتورینی ئایزنهاور، شۆڕشی

**ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی که لە چلەکان بەولاوە سەریان هەڵ دا لە دوو ڕەوتی سەرەکیی مارکسیستی‌و ئیسلامی‌دا خۆیان دەبینی‌یەوە کە هەردوولایان بە ئاوایەکی هێستریك دژی کولتووروو سیاسەتی ڕۆژئاوا بوون**

سپیی شاو میللەتو هەروەها کۆمەڵێك گۆڕانکاریی جیهانی‌و ناوچەیی‌یەوە. ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی کە لە چلەکان بەولاوە سەریان هەڵ دا لە دوو ڕەوتی سەرەکیی مارکسیستی‌و ئیسلامی‌دا خۆیان دەبینی‌یەوە کە هەردوولایان بە ئاوایەکی هێستریك دژی کولتوورو سیاسەتی ڕۆژئاوا بوونو ئەم دژایەتی‌یەشیان لەگەڵ ڕۆژئاوا گەیشتبووە ئاستێك کە هیچ جیاوازی‌یەکیان لە نێوان کریارو دەسکەوتە فەلسەفی‌و ئێپیستمیکەکانی ڕۆژئاوا دانەدەناو بەربەرەکانێیان لەگەڵ سەرپاکی شارستانیی ڕۆژئاوادا دەکرد. ئەوەش وای کردبوو کە هیچ چەشنە بوارێك بۆ ڕۆشنگەری‌و نیشاندانی واقیعبینانەی دەسکەوتە مەعریفی‌یەکانی ڕۆژئاوا لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە نەمێنێتەوەو هەر لەجێ‌دا کەشوهەوایەك پێك بێ کە کۆمەڵانی خەڵك بەهۆی زەبروزەنگو زوڵموزۆری ڕێژیم لەلایەكو توندڕەویی ڕەوتە ڕادیکاڵە مارکسیستو بناژووەکان لەلایەکی دیکەوە، هیچ جۆرە دەرەتانێك بۆ سەرهەڵدانی ڕۆشنبیرانو ناوەندە ڕۆشنبیری‌یە سەربەخۆکان پێك نەیەو هەر جۆرە بزاڤێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆو دابڕاو لەو ڕەوتانە بەتوندی لەلایەن ئەوانەوە سەرکوت بکرێو تۆمەتو بۆختانی لایەنگری‌و نۆکەرایەتیی ئیمپریالیزمو ڕۆژئاوایان بخرێتە پاڵ. ئەو ڕەوشە بووە هۆی گەشەنەکردنی فەرهەنگی سیاسیی خەڵكو داخرانی پتری کۆمەڵ، نەڕەخسانی فەزای دیالۆگ، ڕەگئاژوونەبوونی خەباتی مەدەنی‌و لە ئاکامدا پەرەئەستاندنی بەناچاری پشتیوانی لە "تیێزی جەنگی پارتیزانی" لێ کەوتەوە کە ئەمە بۆخۆی دوورکەوتنەوە لە فەزای شار بوو کە بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی‌و سروشتیی هەڵدانی بزاڤە دێموکراتیکەکان بوو.

## حیزبو ڕێکخراوە مارکسیستی‌و ئیسلامی‌یەکانی لایەنگری شەڕی پارتیزانی

لێرەدا بەر لەوەی ئاماژە بە ناوی هێندێك لەو حیزبو ڕێکخراوانە بکەین کە لەبەر فشاری لە ڕادەبەدەری ناوەکی‌و دەرەکی لە سەریانو، بە ناچاری پەنایان بردە بەر شێوەی خەباتی چەکداری، پێویستە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە لە ئەندامانی نیهزەتی مقاومەتی میللی کە هەر پاش سەرکەوتنی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ پێك هاتو دامەزرێنەرانی بەرەی میلیی دووهەم (١٩٣٩ ـ ١٩٤٣)و بەرەی میلیی سێهەم (١٣٤٤)، نەك هەر نەیانتوانی بە خوێندنەوەیەکی وردو زانستی کەمایەسی‌و هەڵەکانی بەرەی میللی دەسنیشان بکەنو واز لە عەقڵییەتی ناوەندخوازیی شۆڤینیستی‌و نادێموکراتیکی خۆیان بێنن، بەڵکوو لە کۆتایی دەیەی چل‌دا بە نووسینی نامیلکەیەك خەباتی نەتەوایەتیی دێموکراتیکی کوردیان شێواندو بە دەسکردی بێگانەیان لە قەڵەم دابوو. بۆیە دەبینین کە بەرەی میللی لە هیچ کام لە قۆناخەکانی تێکۆشانی خۆی‌دا لەبەر لێکدانەوەی ناڕاستی خۆی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێناو نەخشێکی وای لە جێگیربوونی دێموکراسی‌دا نەبوو.

لە ساڵی ١٣٤٢ بەملاوە هێندێك حیزبو ڕێکخراوە پەیدا بوون کە ڕێبازی شەڕی چەکدارانەیان گرتە بەر، کە گرنگترینیان بریتی‌بوون لە ١) ڕێکخراوی چریکە فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران (فیدائیانی مارکسیست)" ٢) ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران (موسوڵمانانی موجاهید)" ٣ـ ڕێکخراوی موجاهیدینی مارکسیست (پەیکار). ئەم گرووپانە لە ماوەی خەباتی چەکدارانەی خۆیان‌دا کە لە ڕووداوی "سیاهکل" هەتا ساڵی ١٣٥٧ دەگرێتەوە، بە سەدان ئەندامیان گیانی خۆیان لە دەست دا کە پتر لە ٥٠٪ ڕووناکبیر بوون.

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستی باسەکەی ئێمەیە، ئەوەیە کە چ گرووپە ئیسلامی‌یەکانو چ مارکسیستەکان، بە گوێرەی ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیکییان بە کردەوە باوەڕێکی ئەوتۆیان بە کێشەی نەتەوایەتی نەبوو لەڕاستی‌دا هەردوو گرووپ (ئیسلامی‌یەکانو مارکسیستەکان)، نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوییان بەشێوەیەکی گشتی وەك گەل یا خەڵك "مردم" (People) ناو دەبرد کە بە پێی تیئۆریی سیاسی، گەل چەمکێکی

**لەڕاستی‌دا هەردوو گرووپ (ئیسلامی‌یەکانو مارکسیستەکان)، نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوییان بەشێوەیەکی گشتی وەك گەل یا خەڵك "مردم" (People) ناو دەبرد کە بە پێی تیئۆریی سیاسی، گەل چەمکێکی مێژوویی‌یەو بایەخێکی سیاسیی ئەوتۆی نیە**

مێژوویی‌یەو بایەخێکی سیاسیی ئەوتۆی نیە. ئەوە نەتەوە یا میللەتە کە لە تیئۆری‌یەکی سیاسی‌دا بایەخی هەیەو لە ڕێگەی سیاسەتەوە دروست دەکرێ. جا کە وابوو ئەم چەشنە گرووپانەش لەم لایەنەوە ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ناسیۆنالیستە شۆڤینیستە فارسەکانو سەڵتەنەتخوازەکان هاودەنگ دەبوونو سیاسەتو بەرنامەکانیان لە خزمەتی هێنانەدیی ئامانجە نەتەوەیی، دێموکراتیكو یەکسانیخوازانەکانی نەتەوە نافارسەکان‌دا نەبوونو هەروەك پێشتریش باس کرا، ئەوان لە بن باندۆری شۆڤینیسمی فارس‌دا بوون، بۆیان گرنگ نەبوو لە ئێران چەند میللەتی جیاواز دەژینو مافی وەك یەکیان هەیە. بۆیە ئەم ڕەوتانەش وەك بەرەی میللی ـ یەکەم، دووهەمو سێهەم ـ تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ دێموکراسی‌دا نامۆ بوونو نەیانتوانی چارەسەرێکی لۆژیکی بۆ کێشەی نەتەوایەتی بدۆزنەوەو مافە دێموکراتیکەکانی ئەوان بسەلمێنن.

دیارە ئەم گرووپانە بۆ پاساودانەوەی سیاسەتەکانیان بە تەنیا نەبوون، بەڵکوو پشت ئەستوور بوون بە پشتیوانیی نووسەرو ئیدئۆلۆگەکانیان. یەکێك لە ڕێبەرانی دژە نوێگەریی گرووپە ئیسلامی‌یەکان عەلی شەریعەتی بوو کە بە نووسینی کتێبی "گەڕانەوە سەر خۆ" "بازگشت بە خویشتن" خەڵکی بەرەو نەریتخوازی‌و گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام هان دەداو مێشکی لایەنگرانی گرووپە ئیسلامی‌یەکانی بە بیروباوەڕی ئایینی دەئاخنی. هەروەها جەلال ئاڵ ئەحمەد بە نووسینی کتێبگەلێك وەك ڕابردووی زێڕین "گذشتە طلایی"و ڕۆژئاواچیەتی "غربزدگی" بە توندی هێرشی دەکردە سەر ڕۆژئاواو کولتوورەکەی‌و سووکایەتیی بەو کەسانەش کردوە کە سۆزێك بۆ ڕۆژئاوا نیشان دەدەن یا لایەنگری لە کولتوورەکەی دەکەن.

## کۆبەند

تێکڕای ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان پێ‌کرا، لە سیاسەتی شۆڤینیستی‌و پڕ لە زوڵموزۆری ڕێژیمی پەهلەوی‌ڕا بگرەتا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی زلهێزەکان، هەڵە، لاوازی‌و نەزانکاری‌یەکانی سەرەکیترین هێزە سەرانسەری‌یەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی‌و لە ئاکام‌دا بناژوویی، توندڕەوی، دژایەتیکردنی دێموکراسی‌و هەژاریی سیاسییان لێ کەوتەوەو ڕێگەیان لەوە گرت کە نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ بنەماکانی هزری مۆدێڕن‌دا ئاشنا بن. ئەمەش بە ڕوونی لە شۆڕشی ساڵی ٥٧دا ڕەنگی دایەوە. شۆڕشێك کە بە ئاسانی لەلایەن هێزە توندڕەوو کۆنەپارێزکانەوە لەبەر ئەو هەژاری‌یە سیاسی‌یەی کە باس کرا، دەستی بەسەردا گیرا. سەرەڕۆیی‌و دیکتاتۆریی لە شێوازێکی نوێ‌دا بەسەر نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئێران‌دا سەپاندەوەو ئیقتیدارگەریی نەهادینە کرد.

❊❊❊

# تراژیدیی هەڵەبجە

ناسر ساڵحی‌ئەسڵ



بێگومان قەڵەم لە شەرحی کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە کۆڵو کۆڵەوارە. دەبێ بڵێین تراژیدیی هەڵەبجە کارەساتێکی مرۆڤایەتی‌یە لە جیهانی شارستانییەت‌دا"و ڕووداوێکی سامناکە بۆ نەتەوەی چەوساوەی کورد. ڕوونترینو زوڵاڵترین پەیامی هەڵەبجە بۆ خەڵکی جیهان" پەیامی مافخوازانە بوو بۆ دابینکردنی مافە سەرەکی‌یەکانو مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ نەتەوەی کورد.

لە دوایین ڕۆژەکانی زستانی ساڵی ٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی مارسی ١٩٨٨ی زایینی‌دا، لە جەرگەی شەڕیماڵوێرانکەری ئێرانو عێراق‌دا، لە هێرشێکی بەربڵاودا شاری هەڵەبجە لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە داگیرکرا. لەو شەڕە دژە مرۆڤایانەیەدا دڕندەیی دیکتاتۆرو خوێنڕێژانی مێژوو بە لووتکە گەیشت. دوژمنانی کوردستان، شکستی نیزامیی خۆیان بە بۆمبارانی شیمیایی‌و کوشتاری ژنو منداڵی ئەم شارە قەرەبوو کردەوەو تراژیدیی هەڵەبجەیان خوڵقاند.

لە بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجەدا، بە بەرچاوی خەڵکی جیهانەوە، هەروەها بە پێشێلکردنی یاساو ڕێسا نێونەتەوەیی‌یەکان زیاتر لە ٥٠٠٠ کوردی بێ‌تاوان کوژران. کارەساتی هەڵەبجە لە دڕندەترینو بەرچاوترین ئاکامەکانی شەڕی دژ بە مرۆڤایەتیی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و ڕێژیمی بەعس بوو.

ئەگەرچی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە دەبوایە بیروڕای گشتیی جیهانی ڕاچڵەکاندبا و ببوایە بەهۆی ئەوەی خەڵکی جیهان هاوسۆزی‌یان لەگەڵ نەتەوەی کورد کردبا لەبەر ئەو کارەساتەی بەسەری‌دا هاتبوو، بەداخەوە لەو سەردەمە لە مێژوودا، جینایەتێکی ئاوا سامناك بەهۆی بەرژەوەندیی سیاسی‌و چاوپۆشی‌کردنی زلهێزەکان، دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو لە تەپوتۆزی بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌یەکان‌دا دیزە بەدەرخۆنە کرا.

ڕێژیمی سەرکوتکەری بەعس، بە پێشێلکردنی یاساو ڕێسا نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا خەڵکی شاری هەڵەبجەی دایە بەر بۆمبی شیمیایی‌و یاساو ڕێسا نێونەتەوەیی‌یەکانی پێوەندیدار بە سنوورداربوونی مافی کەڵکوەرگرتن لە شێوازگەلو کەرەسە دژ بە ئیسنانی‌یەکانی شەڕ لەبەرچاو نەگرتو پشتگوێ خست.

تراژیدیی هەڵەبجە دەری‌خست کە دەستپێڕاگەیشتنی ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان بە چەکی شیمیایی‌و کۆمەڵکوژو پاشەکەوتکردنی ئەوانە، دنیا دەخاتە مەترسی‌یەوەو، دووجەمسەربوونی دنیاو شەڕی سارد یەکێك لەو هۆکارانە بوو کە بووە هۆی ئەوەی کە سەددام گوێ نەداتە یاساو ڕێسا نێونەتەوەیی‌یەکانو کارساتێکی ئاوا بخوڵقێنێ. ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان بە کەڵکوەرگرتن لە دژایەتیی نێوان زلهێزەکان بە سانایی دەیانتوانی دەست بکەن بە کوشتارو لەناوبردنی خەڵكو لە پەنا تیئوریی نەبوونی مافی دەستێوەردانی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان‌دا، خۆیان بپارێزن. لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی‌و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، گەرچی ئاگاداری هەبوونی کەرەسەو ئامرازی بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ لە ئێرانو عێراق‌دا بوون، بەڵام تەنانەت هیچ دژکردەوەیەکیش سەبارەت بە دەکارکردنی ئەو چەکانە لەسەر خەڵکی بێ‌تاوانی کوردو بەرەکانی شەڕەدا نیشان نەدا.

لە کۆتایی‌دا دەبێ بڵێین: کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژانو برینی ئەو کارەساتەو سنووردارکردنی چەکە ناوکی‌و کۆمەڵکوژەکان بە پێی یاساو ڕێسا نێونەتەوەیی‌یەکان دەگەڵ وڵاتان هەڵسوکەوت بکەن. بە مەبەستی پێڕاگەیشتن بەو کێشەو مەسەلانەی کە سیستمی دادگا نێونەتەوەیی‌یەکان ناتوانن یا نایانهەوێ سەبارەت بەوان دەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی کەڵکوەرگر لە چەکی بیۆلۆژی‌و کۆکوژ ڕووبەڕوو ببنەوە، دادگایەکی وەك دادگای نۆرێنبێرگ کە بۆ نازی‌یەکان پێك هاتبوو، پێك بێنن.

❊❊❊



## کۆچی دوایی دایکێکی دڵسۆزو دێموکرات پەروەر

ئێوارەی ڕۆژی ٨٣/١٢/٢٥، خاتوو "ساحێرێ حاتەمی" دایکی شەهیدانی نەمر کاك سەید مەنسوورو کاك سەید ڕەئوف دروودگەرو دایکی هاوڕێی بەڕێز سەید ڕەزا دروودگەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تەمەنی ٨٢ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد. خاتوو ساحێرێ چەند کوڕی خەباتگێڕی پەروەردە کرد کە هەر هەموویان هاتنە ڕیزی خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتو لەو پێناوەدا بەوپەڕی دڵسۆزی‌و توانایانەوە تێ‌کۆشان.

دووریی ئازیزانو شەهیدبوونی دوو ڕۆڵەی شۆڕشگێڕ، ئاسەواری لەسەر ورەی پۆڵایینی خاتوو ساحێرێ دانەناو تا دوا ساتەکانی ژیانی پڕ لە شانازیی خۆی، هۆگرو ئەوینداری ڕێبازی دێموکرات بوو، هەر بۆیە جێگای خۆیەتی‌و شیاویەتی نازناوی "دایکی دێموکرات"ی پێشکەش بکرێ.

لەلایەن سەرجەم ئەندامانو لایەنگرانی حیزبەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خاتوو ساحێرێو هاوڕێ کاك سەید ڕەزا دووردگەر دەکەینو خۆمان لە خەمو پەژارەیان‌دا بەشدار دەزانین.

دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان"

# ڕووناکبیرو دەسەڵات

## بەشی یەکەم: پێناسەو ئەرکی ڕووناکبیریی لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە

ڕامبود لوتفپووری

**کانت: "رۆشنگەری دەرباز بوونی مرۆڤە لە زەلیلیو چووکبوونی خۆی، زەلیلیو چووک بوونێك کە خۆی بەرپرسیەتی". کانت هێمای هەرە دیاری ئەم دەربازبوونە لە گیانی هەڵسەنگێنەروڕەخنە گرانەی ڕووناکبیراندا دەبینیو لە سەر ئەو بڕوایەیە کە بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم ڕووناکبیرانە دەربازبوونی خەڵکیشی لێدەکەوێتەوە**

پێش ئەوەی کە بڕۆینە سەر باسی ڕووناکبیرو ئەرکەکانی پێویستە ئاورێك لە سەردەمی رۆشنگەریو تایبەتمەندییەکانی بدەینەوە، چونکە لەو سەردەمەیدا کە ڕاسیونالیزمو ڕووناکبیری بە مانا مۆدێرنەکەی دەر دەکەونو پەرە دەستێنن.

لە سەدەکانی نێوە ڕاستدا حەقیقەت تەنیا لە چوارچێوەی ئاییندا شیاوی باسو توێژینەوە بوو، ئایینو نەریتە نەگۆڕەکان تەنیا سەرچاوەی لۆژیکی مرۆڤو بنەما ڕەوشتییەکان بوون، "لە ڕوانگەی بیریارێکی وەك "ئاگۆستینی قدیسەوە" دادپەروەری حەقیقی تەنیا لە وڵاتێكدا سەقامگیر دەبێ کە مەسیح فەرمانڕەواو بناغەدانەری بێ. بە بۆچوونی "توماس ئاکویناس" خوا نەتەنیا بەدیهێنەری جیهانی ماددییە بەڵکوو بە پلەی یەکەم سەرچاوەو داڕێژەری یاسای ڕەوشتە"، بۆ یەکەمجار لە سەردەمی ڕێنیسانس دایە کە وشەی حەقیقەت بە واتایەکی غەیری ئایینی دەخرێتە بەر باس. ئایینمەندی لای بیریارێکی وەك "ماکیا ڤیلی" چی دیکە لە خۆیدا ئامانج نیە، بەڵکوو ئامرازێکی بەهێزە لە خەباتی سیاسیداو، لای "تامس مۆریش" خزمەت بە حەقیقەت گرنگترە لە خزمەت بە پاشا، تا ڕادەیەك کە گیانی لەسەر داکۆکی کردن لەم باوەڕە دادەنێ".[١]

"کێشەی ناسینی حەقیقەت لە سەردەمی رۆشنگەریدا، هەڵسەنگاندنو دانەبەر ڕەخنەی ئەو بەهاگەلەیە کە نەریت جارێكو بۆ هەتا هەتایە وەك بەها گەلێکی نەگۆڕ پەسەندی کردون".[٢]

ڕامانی رۆشنگەری بە ئاراستەی ڕزگارکردنی هزرو لۆژیکی مرۆڤ لە بەندی نەریتو یاسا دەمارگیرەکانیدا دەڕواو پەسند کردنی دەمارگیرانەی هەر چەشنە چەمكو بنەمایەکی ئەندیشەیی ڕەت دەکاتەوە.

بزافی روشنگەری لە سەرو بەندی شۆرشی فەڕانسەو دەرکەوتنی ڕۆمانسییەت لە ئورووپادا سەرهەڵ دەداو لە دوو ڕەهەندی ئارایيو لۆژیکییەوە ژیانی مرۆڤی ئورووپایی تووشی گۆڕان دەکا، واتە شێوەی ژیانو بیرکردنەوەی دەگۆڕێو هزری مرۆیی لە پەراوێز دەردێنێو دەیکا بە پێوەری لۆژیكو مەعریفە، بە شێوەیەك کە مرۆڤ دەبێتە تەوەرو ئۆمانیزمو مرۆڤناسی جێگای تێئیزمو جیهانبینی ئایینی دەگرنەوە، ئەم دابڕانە لۆژیکییەی بوو بە هۆی ئازادی مرۆڤ لە هێژمۆنیی ئوتوریتەی کلێسەو سەرەتای مێژووی ڕامانی نوێ لە ئورووپادا. کانت وەك پێشەنگی ئەم ڕەوتە ئەندێشەییە لە پێناسەی رۆشنگەریدا دەڵێ: "رۆشنگەری دەرباز بوونی مرۆڤە لە زەلیلیو چووکبوونی خۆی، زەلیلیو چووك بوونێك کە خۆی بەرپرسیەتی".[٣] کانت هێمای هەرە دیاری ئەم دەربازبوونە لە گیانی هەڵسەنگێنەروڕەخنە گرانەی ڕووناکبیراندا دەبینیو لە سەر ئەو بڕوایەیە کە بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم ڕووناکبیرانە دەربازبوونی خەڵکیشی لێدەکەوێتەوە.

بیریارانێکی وەك، ڕۆسۆ، ڤۆلتێر، مۆنێستکیۆ، دیدێرۆ، هێوم، گوتەو... لە بناغەدانەرانو پێشەنگەکانی ئەم ڕەوتە ئەندیشەییەن (بزاڤی رۆشنگەری).

### ڕووناکبیرو بزاڤی ڕووناکبیری:

"وشەی ڕووناکبیر Intelectud یەکەم جار لە فەڕانسەو لە ڕەوتی دادگایی کردنی کاپیتان دریفوسدا بەکار هێنرا کە پتر لە سەد کەس لە نووسەرانی ئەو سەردەمی فەڕانسە، کەسانێکی وەك مارسێل پرۆست، ئاندرەژید، ئێمیل زۆلاو... ڕاگەیەندراوێکیان لە ژێر ناوی (ڕاگەیندراوی ڕوناکبیران)دا دەرکردو تێیدا داوایان لە دەوڵەتی فەڕانسە کردبوو کە دیسان بە فایلەکەی دریفوسدا بچێتەوە".[٤]

ڕووناکبیری وەك ڕەوتێکی مۆدێڕنی هزری بەرهەمی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بواری ڕامانو دابڕانێکی لۆژیکییە کە پاش ڕێنێسانسو لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دێتە گۆڕێ. ڕووناکبیری مۆدێرن بەرهەمی ئەو فەلسەفانەیە کە پێکهێنەری گومانو دڕدۆنگی لە نەریت بوون.

ڕووناکبیری چەمکێکی ئاڵۆزەو لە ڕوانگەو بۆچوونی جیاوازەوە پێناسە کراوە، بۆ وێنە هێندیك لە بیر یاران ماناکەی یەکسان بە مانای هێندێك چەمکی وەك بیریاری، فەیلە سووفیو... هتدەوە دەزاننو لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەر چەشنە داهێنانێك بە تایبەت لە بواری ئەندێشەدا یا تەنانەت هەرچەشنە کارێکی ئەندێشەیی دەچێتە خانەی ڕووناکبیرییەوە، بەڵام فاکتەری جیاوازیی ئەم پێناسانە لەگەڵ ڕووناکبیری لە پێناسە مۆدێرنەکەیدا گیانی ڕەخنەگریو یاخیبوونە لە بارودۆخی ئارایی، واتە تەنیا ئەو بیریارو فەیلەسووفانەی دەچنە خانەی ڕووناکبیری مۆدێرنەوە کە خاوەنی ئەم فاکتەرە بن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕووناکبیر ئەو کەسەیە کە بەردەوام لە بواری ڕاماندا کار دەکاو کاراکتەرێکی داهێنەرو ڕەخنەگرانەی هەیە. ڕووناکبیران بەو پێیەی کە ڕەخنەگری بارو دۆخی ئاراییین وەك تاقمێکی چەپخواز پێناسە دەکرێن. بە گشتی ڕوانگەکانی پێناسەی ڕووناکبیر لە چوار دەستەی گشتیدا پۆلین دەکرێن.

١ـ داهێنەرو پارێزەری بەها نەگۆڕو ئامانجخوازەکانی کۆمەڵگا لە بواری دادپەروەری، جوانیو حەقیقەتدا

٢ـ بانگەشەری ڕێبازەکان، بناغە دانەری ئایدۆلۆژیاکانو ڕەخنەگرانی بارو دۆخی ئارایی

٣ـ لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە ڕووناکبیران، توێژێکی کۆمەڵایەتین کە لە پەرە پێدانو پێشخستنی کولتوری کۆمەڵگادا ڕۆڵ دەگێرن

٤ـ مرۆڤێکی هوشیارو هەستیارە کە تەنیا خۆی بە مەعریفەیەکی تێۆرییەوە نابەستێتەوەو لە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی زارەکیدا نامێنێتەوە بەڵکوو دەچێتە قۆناغی پراکتیكو بە کردەوە هەوڵی جێبەجێکردنی تێۆریاکەی دەدا. لە بواری مەعریفەدا ڕووناکبیر بڕوای بە هیچ حەقیقەتێکی نەگۆڕو ڕەها نیە بەڵکوو لای ئەو پێویستە حەقیقەت بەردەوام نوژەن بکرێتەوەو تاقە ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لە بەرچاو ناگرێ، بەڵکوو بڕوای بە ڕێگاکانی گەیشتن بە حەقیقەتەو بۆ دۆزینەوەشی ڕەسەنایەتی بە هزرو زانستی مرۆیی دەداو لە دەرەوەی بازنەی نەریتو ئایدۆلۆژیا داخرەوەکاندا بۆی دەگەڕێ، بڕوای بە فرە چەشنەیو ڕێژەیی بوونی پێوەرو بەهاکانو دانەبەر ڕەخنەی بەها نەریتییەکانە.

سەبارەت بە کۆمەڵگاو لە ئاستی پراکتیکیشدا لە هەوڵدایە بۆ، هەڵوەشانەوەی قەوارە نەریتییەکان، داهێنانی هێندێك بەهای نوێ یان نوژەن کردنەوەی بەها کۆنەکان، پێشکەشکردنی هێندێك سیستمی نوێی بیرەکی بۆ شرۆڤە کردنی لایەنە جیاوازەکانی ژیان، کەڵك وەرگرتن لە ڕامانو هزری ڕەخنە گرانە بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە کردەییەکان، داهێنانی هێندێك فەلسەفەی نوێ بۆ ژیان، ڕەخنە لە بارو دۆخی ئارایی کۆمەڵایەتیو سیاسی، چاکسازی لە دەسەڵات، دابینو دەستەبەر کردنی مافە مرۆڤییەکانی وەك ئازادیو یەکسانیو دەرچوون لە بازنەی قەوارە باوەکانی ڕامانو کولتورو زانستو هونەر. بە کورتی ڕووناکبیر دەروونپشکنێکی پسپۆڕو وێنا گەرێکی هونەرمەندە کە نەخۆشییە نەناسراوو شاراوەکانی کۆمەڵگا دەدۆزێتەوەو وێنایەکی تەواوی لێ بە دەستەوە دەدا، ئەگەرچی کەسایەتییەکی وەك ژۆزێف شومپیتر نەبوونی دوو فاکتەری، بەرپرسایەتی ڕاستەو خۆی کردەییو زانستی سەرچاوە گرتوو لە ئەزموون لای ڕووناکبیران وەك تایبەتمەندییەکی گشتی دەنرخێنێ کە توانای پراکتیزە کردنی تێۆریاکانیان لێدەستێنێو دەبێتە هۆی قەتیس مانەوەی مەعریفەکەیان لە چوارچێوەی تێۆریادا، بەڵام هێندێك جار ڕووناکبیرانی پراگماتیست وەك نەشتەرگەرێکی کاردیتوو ولێهاتوو نەخۆشییەکان چارەسەر دەکەن.

**لە بواری مەعریفەدا ڕووناکبیر بڕوای بە هیچ حەقیقەتێکی نەگۆڕو ڕەها نیە بەڵکوو لای ئەو پێویستە حەقیقەت بەردەوام نۆژەن بکرێتەوەو تاقە ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لە بەرچاو ناگرێو بڕوای بە ڕێگاکانی گەیشتن بە حەقیقەتەو بۆ دۆزینەوەشی ڕەسەنایەتی بە هزرو زانستی مرۆیی دەداو لە دەرەوەی بازنەی نەریتو ئایدۆلۆژیا داخرەوەکاندا بۆی دەگەڕێ، بڕوای بە فرە چەشنەیو ڕێژەیی بوونی پێوەرو بەهاکانو دانەبەر ڕەخنەی بەها نەریتییەکانە**

### ڕووناکبیرو گۆڕانی ئاراستەی چالاکییەکانی:

هەوڵو چالاکییە ئەندێشەییەکانی ڕووناکبیرانی سەردەمی ڕێنیسانسو ڕۆشنگەری لە ئەورووپادا هێندێك ئەنجامی وەك سکۆلاریزم، مۆدێرنیزم، ڕاسیزم، ئۆمانیزمو لیبرالیزمی لێکەوتەوە. بەگشتی ڕووناکبیران لە هەر سەردەمێکدا بە پێی هەلومەرجی سیاسیو بارودۆخی کۆمەڵایەتی داکۆکی لە ڕوانگەیەکی تایبەت دەکەنو دەبن بە گوتەبێژی چینێکی تایبەت، بۆ وێنە لە سەردەمی شۆڕشی فەڕانسەدا بە هەڵگرتنی هێندێك دروشمی وەك ئازادی، سکۆلاریزم، ناسیۆنالیزم، یەکسانیی مافو چاکسازیی ئابووری ببوون بە دەنگی بۆرژوازیو داکۆکییان لە خواستەکانی دەکرد. یا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەدەی بیستەمدا بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی، سوسیالیزم، دادپەروەریو یەکسانی کۆمەڵایەتیو هەروەها دژایەتی لەگەڵ سەرمایەداریدا ببوون بە تریبوونی بەرەی سوسیالیزمو چینی پرۆلیتاریا. لە کۆتاییەکای سەدەی بیستیشدا پاش ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەتو سەرهەڵدانی سەرمایەداری نوێو دروستبوونی هێندێك سیستمی تێهەڵکێشی وەك سوسیال دیمۆکراسی، نەوەیەکی نوێ لە ڕووناکبیران سەریان هەڵدا لە ژێر ناوی ڕووناکبیرانی کۆنە پارێزی نوێ کە ڕەخنە لە تێکدانی هاوڕێکیی جیهانی کۆن دەگرنو بانگەشەی هێندێك چەمکی وەك پاراستنی ژینگە، بە جیهانیبوونو دیمۆکراسی دەکەن.

### جیاوازیی ڕووناکبیرو بیریار یا فەیلەسووف:

بیریار یا فەیلەسووف تەنیا ئەرکی بەرهەمهێنانی مەعریفەو زانستە واتا ئەو بابەتانەی کە سەرنجی ڕادەکێشن پاش شەنو کەو کردنی هەمە لایانەیان،تێوریزەیان دەکاو وەك مەعریفە یا لۆژیکێك پێشکەشیان دەکا. بەڵام ڕووناکبیر بە هۆی دەروەستبوونی بە ڕاستییەکانەوە ئەرکی تیۆریزە کردنی مەعریفەو جێبەجێکردنی ئەو تیۆریایەی لە ئەستۆیە، هەر چەند ڕووناکبیر دەشتوانێ خۆی بەرهەمهێنەری مەعریفە بێ بەڵام خاڵی جیاوازی ئەو لەگەڵ بیریاردا، دەروەستبوونیەتی بە هێنانەدیو جێبەجێکردنی ئەو تێۆرەوە. "فیختە" سەبارەت بەم جیاوازییە دەڵێ: "دەبێ زانستی ڕووناکبیر بخرێتە خزمەت کۆمەڵگا. پێویستە ڕووناکبیر کەمایەسییە ڕاستەقینەکانو ئامرازەکانی دابینکردنیان بە خەڵك بناسێنێ".[٥]

### ڕوانگەی مارکسیستەکان بەرامبەر بە ڕووناکبیران:

مارکسیستەکان بە گشتی ڕوانگەیەکی پۆزێتیڤیان بەرامبەر بە ڕووناکبیران نیە، بە بۆچوونی ئەوان ڕووناکبیران بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتیو جیاکردنەوەی کاری جەستەیی لە کاری هزرین. "لێنین" ڕووناکبیران بە پێی ئینتیمای چینایەتییان بەسەر دوو گرووپی ڕووناکبیرانی بورژواییو ڕووناکبیرانی پرۆلیتاریایی دابەش دەکرد. "کارل کائوتسکی" ڕووناکبیرانی لەلا چینێکی هەڵاواردە بوونو دەیگوت: ڕووناکبیران کەڵك لە هێندێك قانی پەروەردەو فێرکردن وەردەگرن کە خەڵکی ئاسایی لێیان بێبەرین، "مارکس پێی وابوو کە سەرمایەداری سەربەخۆیی ڕووناکبیرانی لەنێو بردوەو ئەوانی خستۆتە دۆخێکی وەك پرۆلیتاریاوە. بە بۆچوونی ئەو: بورژوازی ڕێزی بۆ هیچ کام لەو کارو پیشانە نەهێشتوە کە تا ئێستا جێگای ڕێزو شانازی بوونە، پزیشك، مافناس، پیاوی ئایینی، هونەرمەندو زانای کردۆتە هێندێك کرێکاری مووچەخۆر".[٦]

"پۆلخانۆف" بیریاری ڕووسیی لایەنگەری سوسیالیزمی بێ ڕێبەریو جووڵانەوەی خۆڕسکی کۆمەڵانی خەڵك هاوکات لەگەڵ هێرشکردنە سەر ئارستۆکراتییەتی ڕووناکبیری، ڕووناکبیران بە لایەنگری لە قارەمانپەرستی لە مێژوودا تاوانبار دەکا. بەڵام لە هەمووو ئەمانە گرینگتر بۆچوونەکانی "ئانتۆنیۆگرامشی" مارکسیستی ئیتالیاییە، گرامشی لە یەکەمین بیریارگەلێکە کە باسی پێوەندیی ڕووناکبیرانو بەستراوەیی چینایەتی دێنێتە گۆڕێ، بە بڕوای ئەو ڕووناکبیران دوو جۆری سەرەکین، یەکەم ڕووناکبیرانی ئورگانێك کە بەرهەمو سەربە چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتنو لەو چینەدا ڕۆڵی پێکهێنانی هاوچەشنیو هۆشیاریی هاوبەش دەبینن، ڕووناکبیری بە لای ئەم توێژەوە تێروانینو کردارە، تێگەیشتنو گۆڕینی دنیایە، مەعریفەو ئاکارە، ئەم ڕووناکبیرە ئاشنا بە یاساکانی مێژووو سروشتی واقیعە، لە سیاسەتکردندا دەستێکی لە دەسەڵاتو دەستێکی لە دەستی خەڵك دایە بۆ کەمکردنەوەی مەودای نێوانیانو ئاشتبوونەوەی نیشتمانی.

دووهەم ڕووناکبیرانی نەریتین کە پێشتر ڕووناکبیری ئورگانێکی چینێکی تایبەت بوونە، بەڵام پاش نەمان یا لاواز بوونی ئەو چینە توانیویانە دیسان درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەنو چون خاوەن هەستێکی یەکگرتوویی نێوخۆییو مانەوەیەکی مێژووین، خۆیان وەك گرووپێکی سەربەخۆ لە چینی دەسەڵاتدار دەنوێنن، بۆ وێنە پیاوانی ئایینی کە سەردەمێك ڕووناکبیری ئورگانی دەرەبەگەکان بوون لەم چەشنە گرووپانەن. هەروەها گرامشی ئاماژە بە هێندێك لە ڕووناکبیرانی ئامانجخواز دەکا کە خۆیان بە سەربەخۆو نوێنەرو درێژەدەری ئەندێشەی ئەفلاتوونی دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا پاپ ئاسایی پێوەندییەکی ئورگانییان بە سەرمایەداریی نوێوە هەیە.

"بە بۆچوونی گرامشی شێوازی دروست لە پێناسە کردنی ڕووناکبیر پێویستی بە دۆزینەوەو تێگەیشتنی پێوەندیی پێکهاتە ڕامانییەکانە لەگەڵ پێکهاتەی گرووپبەندی کۆمەڵایەتیدا. بە واتایەك تێکڕای خەڵك بیریار یا ڕووناکبیر چونکە هەرکارێکی جەستەیی هەرچەند سووكو سادەش بێ پێویستییەکی کەمی بە هەوڵو تێکۆشانی بیرەکی هەیە. بەڵام هەموو خەڵك لە کۆمەڵگادا خاوەنی کاری تایبەتی ڕووناکبیری نین. هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی هەندێك ڕووناکبیرە، بەڵام چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاو بەتایبەت چینی دەسەڵاتدار گرووپێکی ڕووناکبیریی تایبەت بە خۆیان هەیە...".[٧]

بەگشتی بۆچوونەکان سەبارەت بە پێناسەی ڕووناکبیر، سەرچاوەی ئەندێشەیو ئەرکو کردەوەکانی جیاوازن کە ئەمەش ڕاستەو خۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزیی خودی چەمکەکە، بۆ وێنە ئەگەر کەسانێکی وەك گرامشیو زۆربەی مارکسیستەکان جەخت لەسەر کاریگەریی پێوەندییە چینایەتییەکانی ڕووناکبیر لەسەر کردەوەو هەڵوێستەکانی دەکەن، کەسانێکی وەك "ڕیمۆن ئەرۆن"و "سارتەر" ڕووناکبیر بە دوور لە هەر چەشنە بەستراوییەکی چینایەتی دەزانن. سەرەرای هەموو ئەو جیاوازییانە کە لە پێناسەو شرۆڤەی چەمکی ڕووناکبیرو لایەنە پێوەندیدارەکانی لە ئارادان، زۆربەی بیریاران لەسەر ئەم ڕاستییە تەبان کە ڕووناکبیر تاکێکی ڕەخنەگرو هوشیارە کە دەروەستە بە کێشەکانی تاكو کۆمەڵو بە مەبەستی چاکسازیو گۆڕینی باری ئاراییی بەردەوام لە داهێنانی مەعریفەو هەروەها تێوریزەو پراکتیزە کردنیدایە.

**ڕووناکبیرانی ئۆرگانێك بەرهەمو سەربە چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتنو لەو چینەدا ڕۆڵی پێکهێنانی هاوچەشنیو هۆشیاریی هاوبەش دەبینن، ڕووناکبیری بە لای ئەم توێژەوە تێروانینو کردارە، تێگەیشتنو گۆڕینی دنیایە، مەعریفەو ئاکارە، ئەم ڕووناکبیرە ئاشنا بە یاساکانی مێژووو سروشتی واقیعە، لە سیاسەتکردن‌دا دەستێکی لە دەسەڵاتو دەستێکی لە دەستی خەڵك دایە بۆ کەمکردنەوەی مەودای نێوانیانو ئاشتبوونەوەی نیشتمانی**

### پەراوێزەکان:

١ـ جهانبگلو ـ رامین، مدرنیتە، دمکراسیو روشنفکران، نشر مرکز، چاپ دوم١٣٧٨، تهران، ص ٦٥و٦٦

٢ـ هەمان سەرچاوە، ص ٦٦

٣ـ هەمان سەرچاوە، ص ٦٦

٤ـ هەمان سەرچاوە، ص٦٥

٥ـ بشیریە ـ حسین، جامعەشناسی سیاسی، نشر نی، چاپ هشتم١٣٨١، تهران، ص ٢٤٨

٦ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٥٠

٧ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٥١

### سەرچاوەکان:

١ـ جهانبگلو ـ رامین، مدرنیتە، دمکراسیو روشنفکران، نشر مرکز، چاپ دوم١٣٧٨، تهران،

٢ـ بشیریە ـ حسین، جامعەشناسی سیاسی، نشر نی، چاپ هشتم١٣٨١، تهران

٣ـ سارتەرـ ژان پۆل، بەرگریکردن لە رۆشنبیران، وەرگێڕانی دلاوەر عەبدوڵلا ، چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣ سلێمانی

٤ـ سعیدـ ادوارد، نقش روشنفکر، ترجمەی حمید عضدانلو، نشر نی، چاپ دوم١٣٨٢، تهران

٥ـ چەند نووسەرێك (کۆمەڵە وتار)، رۆشنبیرو دەسەڵات، وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵلا، چاپی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، سلێمانی

❊❊❊

# بنیادگەریی ئیسلامی ( Islamic Fundamentalism )

نووسینی Malcolm Gdward yapp/ph.D مامۆستای زانکۆی لەندەن

وەرگێڕانی لە ئینگلیسی‌یەوە: موحەممەد جەمیل کولاهی

## I. پێشەکی: (Introdaction)

بنیادگەریی ئیسلامی (ئیسلامیزم یان بنچینەگەریی ئیسلامی) جووڵانەوەیەکی مەزهەبی، کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی جیهانی ئیسلامە. بیروباوەڕێکی تایبەتە کە تاقمێك موسوڵمانی توندڕەو دەیانهەوێ یاساکانی شەریعەتی ئیسلام لە جێگای بەرنامە پێشکەوتوە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکانی سەردەم دابنێن. بە روونی دیارە کە ویستی ئیسلامی‌یە بونیادگەرەکان ئەوەیە کە دەسەڵاتی وڵاتە ئیسلامی‌یەکان بەدەستەوە بگرن‌و ئەو دەسەڵاتە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بەکار بێنن.

## II. سەرچاوکە: (Oriains)

بیروباوەڕی بونیادگەریی ئیسلامی یەکەمجار لە جووڵانەوە ئیسلامی سەلەفی‌یە (Salafiyya movement) کە جووڵانەوەیەکی زیندووکەرەوەی بنچینەکانی ئیسلام بە رێبەرایەتیی محەممەد رەشید رەید (M.R. Raid) کە نووسەرێکی دانیشتووی میسر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو، دەستی پێکرد. ئەو راوبۆچوونە لە رێکخراوگەلی سووریەیی‌و میسری کە لە ساڵەکانی ١٩٢٠دا کاریان لەسەر کردبووو پێیدا چووبوونەوە، وەرگیرا. بۆ زانیاریی زیاتر چاکترە بزانین کە تاقمی ئێخوانولموسلێمین ( Muslim Brother hood) لە ساڵی ١٩٢٨ بە دەستی حەسەن بەنا دامەزرا، لە جەرەیانی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا ئێخوانولموسلێمین پەرەی سەند بەجۆرێك کە نزیکەی دوو میلیۆن ئەندامی هەبوو. پەرەگرتنی هەستی دەسەڵاتخوازیی ئەو تاقمە بوو بە مەترسی‌یەکی گەورە لەسەر مانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەوکاتی میسر. جیا لەوە، ئەو تاقمە لە وڵاتە موسوڵمانەکانی دیکە تاقمی سەربەخۆی دامەزراندبوو، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٥٤ ئێخوانولموسلێمین بە دەستی رێژیمی ئەو کاتی میسر سەرکوت کرا. هەروەها لە ٢٠ ساڵی دوایی‌دا بنیادگەرا ئیسلامی‌یەکان بە دەستی رێژیمە سیکولارەکانی وەکوو حیزبی بەعس‌و ئەو ئیدئۆلۆژییانە کە لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو، سەرکوت کران. بەڵام بیروبۆچوونی بنیادگەریی رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی سەندو لەو بوارەدا رۆڵی ئەبوو ئەعلا ئەلمەودوودی (Abu Al-maududi) لە پاکستان‌و سەید قوتب ( sayyed Qutb) ـ کە لە ساڵی ١٩٦٦ لە سێدارە درا ـ لە میسر بەرچاو بوو.

بنیادگەریی ئیسلامی لە بناخەدا جووڵانەوەیەکی مەدەنی بوو، بەڵام جێگیرکردنی پێکهاتەکانی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی نوێ‌و لە جێگای نەریتە دواکەوتووەکان بوون بە کۆسپ لەسەر رێگای ئەو جووڵانەوە، ئەویش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەو جووڵانەوەیە دژ بە شێوەی رۆژئاوایی رێبەر سیاسی‌یە سیکولارەکان‌و زۆربەی بۆچوونە پێشکەوتووەکانی رۆژئاوا بوو.

## III. زیندووبوونەوە: (Revival)

بنیادگەریی ئیسلامی بەهۆی هێندێك هۆکارەوە لە ساڵەکانی ١٩٧٠ پەرەی سەند. تێکشکانی عەرەبەکان لە شەڕی شەش رۆژەدا لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ یەکێك لەو هۆکارانە بوو. هەروەها داهاتی زۆرو نفووزی عەرەبستانی سعوودی وەکوو یاریدەدەری ئەو تاقمانەو تێکچوونی بارودۆخی ئابووریی هێندێك لە وڵاتە ئیسلامی‌یەکان لە ساڵی ١٩٨٠ بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت‌و پەرەسەندنی ژیانی نوێ لەنێو وڵاتە موسوڵمانەکان‌و رەوتی بە پەلەی گەشەکردنی شارەکان لەو هۆکارانە بوون. جیا لەوانە رێبەرانی بنیادگەری ئیسلامی بۆیان دەرکەوتبوو کە کەسانێك کە بە شێوەی نوێ پەروەردەو فێر دەکرێن لە رێگای مەلا کۆنەپەرستەکان لادەدەن‌و روو دەکەنە ژیانی نوێ‌و شارستانی.




## IV. پەرەسەندن (Sread):

دەسەڵاتی جووڵانەوە بنیادگەرەکان لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامی‌یەکاندا لە دەیەکانی ١٩٨٠و ١٩٩٠ بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوین، باکووری ئافریقا، پاکستان‌و ئەفغانستاندا پەرەی سەند. جووڵانەوەگەلی لەو چەشنەش، لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاسیای ناوەندی‌و قەفقاز دامەزران‌و لەلایەن رێکخراوە ئیسلامی‌یەکانەوە کە لە وڵاتی رۆژئاوای ئورووپادا دامەزرابوون، یارمەتیی دەدران، بنیادگەرەکان لە زۆربەی شوێنەکاندا بە جێبەجێکردنی کاری خێرخوازانەو فەرهەنگی لە هەڵبژاردنە گشتی‌یەکاندا، سەرنجی خەڵکیان بۆلای خۆیان رادەکێشا. ئێخوانولموسلێمین نەی‌دەتوانی زۆربەی کورسی‌یەکانی پارلمانی میسر بەدەست بێنێ‌و توانای دەستێوەردانی لە دەسەڵاتی سیاسیی میسردا نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ لە هەڵبژاردنی گشتیی ئەلجەزایردا کە وێدەچوو لەودا بەرەی رزگاریی ئیسلامی ( Islamic Salvation Front) سەرکەوێ، هەڵوەشایەوە. لە ساڵی ١٩٩٦ حیزبی ئیسلامیی رەفا (Party Wefar) کە وەك گەورەترین حیزبی تورکیای لێ‌هاتبوو، رێبەرەکەی بەناوی نەجمەدین ئەربەکان بوو بە سەرۆك وەزیرانی تورکیا کە دوای ساڵێك لەسەر کار لابرا. ئیسلامی‌یەکان هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی لوبنان، ئۆردۆن، یەمەن‌و کوێت‌دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. لە ساڵی ١٩٨٩ حیزبێکی بونیادگەر بەنای بەرەی نەتەوەیی ئیسلامی ( National Islamic Front) لە جەرەیانی کودێتایەکی چەکداری‌دا( Military covp) لە سوودان بەدەسەڵات گەیشت. لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران لە جەرەیانی شۆڕشی جەماوەری، تێکەڵێك لە ئیسلامی‌یە بونیادگەرو کۆنەپەرستەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. لە ساڵی ١٩٩٦ تاڵیبان وەکوو جووڵانەوەیەکی پاوانخوازو کۆنەپەرست بەهۆی شەڕی چەکداری‌یەوە بەسەر ئەفغانستاندا زاڵ بوو. بێجگە لەوانە ئیسلامی‌یەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکان دەستیان کرد بە پێکهێنانی هێندێك رێکخراو، بەتایبەتی حەسەن عەبدوڵڵا ئەلتورابی، رێبەری ئیسلامی‌یەکانی سوودان کە یەکیەتیی نەتەوەیی عەرەب‌و کۆنفرانسی ئیسلامیی پێك هێنا، ئەو تاقمانەی بۆ پێکهێنانی ئەو جۆرە رێکخراوانە هان دەدا کە لە دوایی ئەو رێکخراوانە کە پێکی هێنان، بوون بە جێگای تاقمە ئیسلامی‌یەکان.



## V. شەڕی چەکداری‌و سەرکوت (Reprssion anel military):

لە ساڵەکانی ١٩٩٠ رێژیمە سیکۆلارەکان زیاتر لە هەمیشە کەوتنە بەر مەترسیی ئیسلامی‌یەکان، بۆیە ئەو رێژیمانە دەستیان کرد بە سەرکوتی ئەو تاقمانە. هێندێك لەو تاقمانە دەستیان کرد بە شەڕی چەکداری لە دژی ئەو رێژیمانە. پێویستە بگوترێ کە هەموو ئەو چەکدارانە (جیهادی‌یەکان) لەسەر بیروباوەڕی بنیادگەریی ئیسلامی نەبوون، بەڵکوو هێندێك لە ژێر فشاری تاقمە ئیسلامی‌یەکاندا دەستیان دابووە ئەو کارە. توندترینی ئەو شەڕانە لە ئەلجەزایر بوو کە تاقمی چەکداری ئیسلامی (SIA) Grupe Islamic Arme دەستی دایە کردەوەگەلێکی بێ‌بەزەیی‌یانەو شەڕو خوێنڕێژی لە دژی دەسەڵات‌و خەڵکی بێ‌تاوان‌و بەرپرسە دەوڵەتی‌یەکان.

لەو وڵاتەدا، هێندێك تاقمی دیکەی لەو چەشنە لە چێچێن‌و تاجیکستان جێگیر بوون. لە میسردا تاقمی چەکداری ئیسلامی کە لە دوای ساڵی ١٩٧٠ دەستی بەکار کردبووو دوایی ئەنوەر ساداتی سەرکۆماری میسر لە ساڵی ١٩٨٠دا تیرۆر کرد، هەر وەکوو رابردوو بە هێرشە تیرۆریستی‌یەکانی بۆ سەر دەوڵەت‌و مەسیحی‌یەکان‌و توریستە بیانی‌یەکان درێژەی دا. تاقمە ئیسلامی‌یەکان هەروەها لە دژی ئیسرائیل کە بەرەی رۆژئاوای رووباری ئۆردۆن‌و ناوچەی غەززەی داگیر کردبوو، شەڕیان دەکرد.

خاڵێکی گرنگ کە لە نێو ئەو عەرەبانە کە بە عەرەبە ئەفغانی‌یەکان بەنێوبانگ بوون، بەدی دەکرا، ئەوە بوو کە ئەو عەرەبانە دڵخوازانە لە دژی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ئەفغانستان لە ساڵەکانی دیەی ١٩٨٠دا شەڕیان دەکرد، کە دوایی لە ساڵەکانی ١٩٩٠ هەر ئەو کەسانە لە شوێنەکانی دیکە وەکوو بۆسنی‌و هێرزۆگۆیین، چێچێن‌و سوودان‌و ئەفغانستان سەریان هەڵدا. لە نێو ئەوانە کەسێکی سعوودیەیی بەناوی ئۆسامە بن‌لادن هەبوو کە لە سەرەتادا چووەوڵاتی سوودان‌و دوایی چووە ئەفغانستان، زۆربەی ئەو عەرەبانە گەڕانەوە بۆ یەمەن،س جێگایەك کە لە ساڵەکانی ٢٠٠٠و ٢٠٠١دا سەر لە نوێ سەرکوت کرانەوە.


تەقاندنەوەی سەفارەتی ئامریکا لە کینیا

رۆژ لە دوای رۆژ رێژیمگەلێکی نوێ لە جێگای ئەو ئیسلامییانە کە لەسەر دەسەلات لا دەبران، جێگیر دەبوون. لە سوودان بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠١دا ئەلتورابییان لەسەر کار لابرد، کە دوای دەستگیرکردن خستیانە بەندیخانەوە. لە تورکیە لە ساڵی ١٩٩٨دا حیزبی (رەفاه)یان هەڵوەشاندەوە. لە ساڵی ١٩٩٥ شەڕی نێوخۆیی ئەلجەزایر گەیشتە ئەوپەڕی خۆی‌و دوایی رادەی ئەو شەڕە بەتوندی بەرەو نزمبوونەوە رۆیشت.

بە بەچۆکداهێنانی ئەو تاقمانە، ئیسلامی‌یەکی زۆر پەنایان بردە بەر وڵاتانی رۆژئاوا. میسر لەوەی کە ئەو وڵاتانە پەنایان بەو کەسانە داوە، ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕی‌و داوای تەحویلدانەوەیانی کرد. بەڵام دەوڵەتە ئورووپایی‌یەکان ئەو داوایەیان رەد کردەوە کە دیارە کە ئەو کارە لەبەر کەمتەرخەمی یان لە ترسی سەرهەڵدانی رێکخراوە ئیسلامی‌یەکانی وڵاتانی خۆیان بوو. گەرچی دوایی لە ساڵەکانی ١٩٩٠دا دەوڵەتە رۆژئاوایی‌یەکان بوونە ئامانجی هێرشی تیرۆریستە ئیسلامی‌یەکان، هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانە دەستیان کرد بە یارمەتیدانی ئەو رێژیمانەی کە دژ لە ئیسلامی‌یەکان بوون. لە سەرەتادا ئیسرائیل ئامانجی ئەو هێرشانە بوو، بەڵام بە زوویی ئەو هێرشانە پەرەیان ئەستاندو بڵاو بوونەوە. لە ساڵی ١٩٩٥ تاقمی GIAزنجیرە تەقینەوەیەکی لە پاریس ئەنجام دا کە دیارە ئەو تەقینەوانە لە تۆڵەی تەیارکردنی رێژیمی ئەلجەزایر لەلایەن فەرانسەوە بوو. بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئیسلامی‌یەکان وڵاتی ئامریکا بوو، چونکە ئەو وڵاتەیان بە یارمەتیدانی ئیسرائیل تاوانبار دەکردو لە بوونی هێزی چەکداری ئەو وڵاتە لە وڵاتە عەرەبی‌یەکان بەدوای شەڕی کەنداودا ناڕازی بوون. لە ساڵی ١٩٩٣دا تاقمێکی میسری، ناوەندی بازرگانیی جیهانییان لە نیۆیۆرك تەقاندەوە. لە ساڵی ١٩٩٦دا لە ناوەندێکی چەکدارانی ئامریکا لە زەهرانی عەرەبستان تەقینەوەیەکی ئەنجام دا. هەروەها ساڵی ١٩٩٨ هێرشیان بردە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە کینیاو تانزانیا، دوایی لە ساڵی ٢٠٠دا هێرشیان بردە سەر گەمیی یوو ئێس ئێس کوڵ ( USS COLE) ئامریکایی یەکێك لە عەدەنی یەکەم بۆ وەرگرتنی سووتەمەنی لەنگەری گرتبوو. سەرئەنجام لە ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ هێرشیان کردە سەر دوو بینای ناوەندی بازرگانیی جیهان لە نیۆیۆرك‌و کاولیان کردن. ئامریکا "بن‌لادن"ی بە ئەنجامدانی ئەو هێرشەی دوایی تاوانبار کرد کە هەر ئەوە خۆی بوو بەهۆی پێکهێنانی شەڕی دژی تیرۆر لە ساڵی ٢٠٠١.



سەرچاوە:
http:/u.k.encarta.msn.com

# هەواڵە وەرزشییەکان

ئامادەکردنی: ئەشکانش

***کرماشان قارەمانی کێش هەڵگریی تازە پێگەیشتوانی ئێران***

یارییەکانی لیگی یانەی کێش هەڵگریی ئێران لە ئاستی تازە پێگەیشتوانی ئێران (لاوانی ژێرەوەی ١٧ ساڵ) ڕۆژی ٨٣/١٢/٦ بە قارەمانیی یانەی نەوتی کرماشان کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا یانەی نەوتی کرماشان ١١١/٣١ خاڵی وەدەست هێنا بوو.

هەروەها لە ئاستی لاوان (ژێرەوەی ٢٠ ساڵ) کە یارییەکانی تا حەوتووی پێنجەم بەڕێوە چووە تیمی نەوتی کرماشان بە دوای ئەهوازو مەسجد سلێمان بە ١٠٣/٨٥ خاڵ لە پلەی سێهەم دایە.

**لورستانو ئیلام لە سەرەوەی گرووپی یەکەمی هاکیی ئێران دان**

یارییەکانی لیگی یانەی ئێران لە لقی هالیدا کە لە دوو گرووپدا بەڕێوە چوو، یارییەکانی حەوتووی حەوتەم بە سەرکەوتنی یاریزانانی کورد کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا تیمی موخابراتی لورستان ٥ ـ ٠ لە موبایلی ئیسفەهانی بردەوەو تەربیەتی ئیسلامییش ٥ ـ ٢ لە هەمەدانی بردەوە بەم شێوەیە بەدوای یارییەکانی حەوتووی حەوتەم لە گرووپی یەکەم دا موخابراتی لورستان بە ١٧ خاڵو تەربییەتی ئیلام بە ١٣ خاڵ لە پلەی یەکەمو دووهەمی ئەم گرووپەدا خۆدەنوێنن.

**سەرکەوتنی نەوتی کرماشان لە لیگی والیبالی لاوانی ئێراندا**

لە یارییەکانی خولی کۆتایی والیبالی لیگی لاوانی ئێران (ژێرەوەی ٢٠ ساڵ) لە گرووپی دووهەمدا تیمی لاوانی نەوتی کرماشان لە شاری بەندەر خومەینی ٣ ـ ٢ لە تیمی پیترۆشیمی ئەو شارەی بردەوە.

**پلەی سێهەمی جامی تەختی بۆ عەلیڕەزا غەریبی**

بیستو پێنجەمین خولی یارییە نێونەتەوەیییەکانی جامی تەختی لقی زۆران کە لە شاری تاران دەستی پێکردبوو ڕۆژی ١٢/١٤ کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا لە زۆرانی شانو مل (فرنگی)دا عەلیڕەزا غەریبی زۆرانەوانی کێشی ١٢ کیلۆی ئیلام توانی پلەی سێهەمو میدالی برۆنز وەدەست بێنێ.

**لیگی یانەکانی جودۆی ئێرانو سەرکەوتنی کرماشان**

ڕۆژی ٨٣/١٢/١٧ لە درێژەی یارییەکانی لیگی یانەکانی جودۆی ئێران تیمی کرماشان لە یارییەکی بەهێزدا ٩ ـ ٠ لە تەربییەتی قەزوینی بردوە.

**هادی ساعی باشترین وەرزشکاری ساڵی ٨٣ی ئێران**

ڕۆژی شەممە ٨٣/١٢/٢٠ لە ڕێورەسمێکی تایبەتیدا کە لە کانالی ٣ی تەلەفزیۆنی ئێراندا بڵاوکرایەوە هادی ساعی یاریزانی تێکواندۆی ئێرانو خاوەنی میدالی زێڕی ئولەمپیک وەك باشترین یاریزانی ئێران لە ساڵی ٨٣دا دیاری کرا. لەم ڕێورەسمەدا جیا لە هادی ساعی یازدە وەرزشکاری دیکە وەك وەرزشکاری سەرکەوتووی ساڵی ٨٣ دیاری کران کە بریتی بوون لە: ئارەش میرئیسماعیلی (جودۆ) عەلی دایی (فوتبال)، عەلی کەریمی (فوتبال)، عەلیڕەزا حەیدەری (زۆران)، مەسعوود مستەفا جوکار (زۆران) عەلیڕەزا ڕەزایی (زۆران) حوسێن ڕەزازادە (کێش هەڵگری)، یوسف کەرەمی (تێکواندۆ)، ئەعزەم خودایاریو محەمەد ڕەزا میرزایی (هەردوو لە وەرزشی کەم ئەندامان)، ئیحسان حەدادی (هەڵاتنو گۆڕەپان).

# وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە خرا پیش خرا پتر بووە

## بەشێك لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە ئێران

و: ڕەشید حەیدەری ـــــــ ٤ی مارسی ٢٠٠٥

لە ٢٨ی مانگی فیوریەی ڕابردوودا وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەسەر وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا بڵاو کردەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە:

"کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆمارێکی ئایینی و خاوەن یاسای بنەڕەتییە کە تێیدا ئاخوندی موسڵمانی شیعە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی لەدەستدایە. بەندی چواری یاسای بنەڕەتی دەڵێ کە هەموو یاسا و ڕێسایەك لەسەر بنەما ئایینییەکان دەبێ. شەرعیەتی حکوومەت لەسەر دوو کۆڵەکەی دەسەڵاتی گەلی (بەندی شەش) و دەسەڵاتی وەلی فەقیه (بەندی پێنج) دادەنرێ. ڕێبەری باڵا، ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی، کۆنترۆڵی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، ئیجرایی و قەزایی لە دەست دایە. خامەنەیی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی هێزە چەکدارەکان دەکا و ناڕاستەوخۆش کۆنترۆڵی هێزەکانی ئاسایش، قەزایی و دامەزراوە کلیدییەکانی دیکەی لە چنگدایە."

بەپێی ڕاپۆرتەکە، کارنامەی حکوومەت لە بواری مافی مرۆڤدا خراپتر بووە. مافی هاووڵاتییان بۆ گۆڕینی حکوومەت بەشێوەیەکی بەرچاو سنووردار کراوە. پێشێلکارییە جیددییە بەردەوامەکانی مافی مرۆڤ بریتی بوون لە: لەسێدارەدانی سەرپێیی و بەپەلە، بێسەروشوێن کردن، ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی پڕ لە شەرم و سووکایەتیی وەك بڕینی ئەندامەکانی لەش و شەلاق لێدان" بارودۆخی خراپی زیندانیان" گرتن و بەند کردنی نایاسایی، نەبوونی حوکم بۆ گرتنی گیراوان یان نەبوونی پارێزەر و ڕاگرتنی درێژماوەی گیراوان لە بەندی تاکەکەسیدا. هاووڵاتییان زۆر جار لە دادگایی کرانی عادڵانە بێبەش کراون. حکوومەت سنووری مافە تایبەتییەکانی هاووڵاتییانی بەزاندوە و ئازادیی بەیان، چاپەمەنی، ئەنجومەن، کۆڕ و کۆمەڵ و ئایینیی سنووردار کردوە."

ڕاپۆرتەکە لەسەر بوونی ناڕەزایەتی و خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەنووسێ:

"لە درێژەی سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٤دا، خەباتێکی سیاسیی چڕوپڕ لە نێوان جووڵانەوەیەکی گەلیی پەرەگرتوو بە لایەنگری لە پێکهێنانی چاکسازی لە سیاسەتەکانی ڕێژیم و توندڕۆکانی نێو حکوومەت و کۆمەڵگادا، کە ئەو ڕیفۆرمانەیان وەك هەڕەشەیەك بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی چاو لێدەکرد، درێژەی هەبوە."

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتوە:

"حکوومەت کاری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی بەرتەسك کرد. توندوتیژی و جیاوازیی یاسایی و کۆمەڵایەتی لە دژی ژنان بەڕێوە چوون. حکوومەت لە دژی کەمایەتییەکان جیاوازیی پێڕۆ کرد و بە توندی مافی کرێکاران، لەوانە ئازادیی ئەنجومەن و مافی ڕێکخستن و ڕێککەوتنی بەکۆمەڵی سنووردار کرد. منداڵان کاریان پێ کراوە. تاقمەکانی گوشار، کە پێوەندیی بەهێزیان بە هیندێك لە ئەندامانی حکوومەتەوە هەیە، بە هەڕەشە و بەکار هێنانی زۆر، لێکدانەوە و بۆچوونەکانی خۆیان لە بواری هەڵسوکەوتی شیاوی کۆمەڵایەتیدا بەسەر خەڵکدا سەپاند."

ئەوەی لەو ڕاپۆرتەدا زیاتر جێگای بایەخ و لێوردبوونەوەیە، تەرخان کردنی بەشێکی ڕاپۆرتەکە بۆ کێشەی گەلان لە ئێراندایە، کە بە کێشەی کەمایەتییەکان ناویان هاتوە.

لەو پێوەندییەدا، ڕاپۆرتەکە لە ژێر سەردێڕی "کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی و قەومییەکان" سەرەتا ئاماژە بە کورد دەکا و دەنووسێ:

"کوردەکان بەهۆی جیاوازیدانانی حکوومەت بەردەوام لە مەینەتیدا بوون. گومان و نیگەرانی لە جیاییخوازیی کورد یان هاودەردیی دنیای دەرەوە لەگەڵ کورد لێرەو لەوێ بووە بە هۆی بەرپا بوونی شەڕ لە نێوان هێزەکانی حکوومەت و گرووپە کوردییەکان. لە ساڵەکانی دواییدا، ڕێگای بەڕێوە بردنی چالاکیی زیاتر لە بواری کولتووریدا بە کورد دراوە و چاپەمەنی و پەخش بە زمانی کوردی پەرەی گرتوە. بەو حاڵەش هێشتا هیچ قوتابخانەیەکی گشتیی فێربوون بە زمانی کوردی لە ئارادا نەبووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت حکوومەت لە درێژەی ئەو ساڵدا لانیکەم سێ کەس و لە ساڵی ٢٠٠٣دا چوار کەسیان لە ئەندامان و تێکۆشەرانی ئەو حیزبە ئیعدام کردوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەها دەڵێت تاقمەکانی گوشار (لباس شخصی‌ها) هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ و لە چوار پەلاماری جیاوازدا، حەوت کوردیان کوشت و ژمارەیەکی نادیار لە تێکۆشەرانیان لە زیندان هاویشت."

پاشان ڕاپۆرتەکە دێتە سەر باس لەسەر ئازەرییەکان و دەنووسێ:

"ئازەرییەکان نزیکەی چوار یەك واتە (٢٥٪)ی حەشیمەتی وڵات پێك دەهێنن و بەباشی لە نێو حکوومەت و کۆمەڵگادا ئاوێتە بوون. بەو حاڵەش، ئازەرییەکان گلەیی و گازندەیان لە جیاوازیی ئێتنیکی و زمان، لەوانە قەدەخە کردنی زمانی ئازەری لە قوتابخانەکان، گوشار خستنە سەر تێکۆشەرانی ئازەری و گۆڕینی ناوە جوغرافیاییە ئازەرییەکان هەیە. بەپێی سوننەت، حکوومەت وەك هەڕەشەیەك دەڕوانێتە ناسیونالیزمی ئازەری، بەتایبەت دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و دامەزرانی ئازەربایجانی سەربەخۆ. گرووپەکانی ئازەری هەروەها دەڵێن ژمارەیەك لە سیاسەتوانانی ئازەری بەهۆی پشتیوانی لە مافی زمان و کولتووری ئازەربایجانی ئێران لە زیندان دان. حکوومەت چەندین کەسیانی بە تاوانی سەرهەڵدان لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی حوکوم داوە."

دوای ئازەرییەکان، ڕاپۆرتەکە عەرەبەکانی خووزستان دێنێتە بەر باس و لەو بارەیەوە دەنووسێ:

"نوێنەرانی دەرەوەی عەرەبەکانی ئەحواز لە خوزستان، کە ژمارەیان خۆ لە چوار میلیون یان زیاتر دەداو لە باشووری ڕۆژاوای وڵات دەژین، دەڵێن کۆمەڵگەکەیان، لەگەڵ جیاوازی لە بواری مافی خوێندن و قسە کردن بە زمانی عەرەبی بەرەوڕوو بوە. لە مانگی ژووئیەی ٢٠٠٣، ڕاپۆرتەکان ڕایانگەیاند کاربەدەستان ٢ ڕۆژنامەی دووزمانیی عەرەبی-فارسییان داخست و ژمارەیەك تێکۆشەری سیاسییان زیندانی کرد. ئەو نوێنەرانە دەڵێن حکوومەت داواکارییەکانی ئەوانی بۆ هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی ئەو مینانەی لە ماوەی شەڕی ئێران-عێراقدا لە ناوچە پان و بەرینەکانی خوزستاندا دانراونەتەوە، ڕەت کردۆتەوە.

ئەو نوێنەرانە هەروەها دەڵێن زۆر لە عەرەبەکان، کە هەم شیعە و هەم سوننین، لەبەر ڕەخنە گرتن لە سیاسەتەکانی حکوومەت زیندانی و ئەشکەنجە کراون. بەگوێرەی سەرچاوەکانی ئەحوازی، تێکۆشەرێکی سیاسی سەر بە حیزبی وەفاق بەناوی کازم مجدام، لە نوامبری ٢٠٠٣ دوای ئەوەی نزیکەی شەش مانگ لە زینداندا بوو، بەتاوانی جوداییخوازی و لە مەترسی خستنی ئاسایشی نێوخۆ، حوکمی ٢ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە."

سەرچاوە:
ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا

درێژەی لاپەڕی ٢

نرخە سەروو مرۆییەکانەوە بووە.

کەواتە شکڵ گرتنی جێگرەوەی فیدراڵیی جوغرافیاییو نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران ئەو خاڵە بنەڕەتیانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ:

ئەلف: وشك کردنی ڕیشەی سیستمە پاوانخوازو تۆتالیتێرەکانو پێکهێنانی بوار بۆ چەسپاندنی دیمۆکراسییەتێکی ڕاستەقینە.

ب: پێکهێنانی بوارێکی گونجاو بۆ بەشداریکردنی ئاکتیو، چالاکو هەمەلایەنەی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە کاروباری وڵاتدا.

ج: دابەشکردنی دەسەڵاتی بوروکراتیك لە ناوەندەوە بەسەر هەموو ناوچەکاندا و ڕێکخستنی پرۆسەی گەشەی هاوسەنگو جێگیر.

د: گەیشتن بە پلورالیزمی سیاسی، کەلتووریو کۆمەڵایەتی.

ه: پاراستنو داکۆکی کردن لە دیمۆکراسیو بایەخە مرۆییەکانو مافی هاووڵاتیبوون لە جێگای سیاسەتی سەرکوتو زەبرو زەنگ لە ژێر چەمکی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات.

و: وەرگێرانی وڵات وەك تۆخمێکی بەکەڵكو کاریگەر لە پێکهاتەو قەوارەی نێونەتەوەییدا لە ژێر سێبەری سیستمێکی دێموکراتیكو کارامە کە لە هێزو وزەکانی هاووڵاتییانی خۆی ئەوپەڕی کەڵك وەردەگرێ. لە غەیری ئەوەدا پشتیوانیی نێونەتەوەییش لە سیستمی داهاتووی ئێران بە هۆی نەبوونی بەشداریی هاووڵاتییانی چالاكو دیاریکەر بە دڵنیاییەوە لەگەڵ شکەست بەرەو ڕوو دەبێ.

تاوتوێ کردنی ویستو داوای کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێران ـ کە دیارە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێك دەهێنن ـ چوونە سەرێی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی لە نێوان ئەو هەنگاوانەی کە بە مەبەستی دێمۆکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نراونو شکڵ گرتنی نموونە گەلێك لەو سیستمانە لەو ناوچەیەدا بە دوای هەرەسهێنانی نیزامە شۆڤینیستیو توتالیتێرەکانی وەك عێراق، داهاتووی دامەزرانی وەها سیستمو نیزامێك لە ئێراندا پتر بەهێز دەکا.

کەواتە شکڵگرتنی نیزامێکی فیدراڵ لە وڵاتێکی فرە نەتەوەو بەربڵاوی وەك ئێران بەشێکی جیا نەکراوەی دێمۆکراسییەو بە دڵنیاییەوە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هەرچەشە نیزامێك لە ژێر ناوی دیمۆکراسیدا بە بێ چەسپاندنی مافی نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ شکست بەرەوروو دەبێو دواجار ئەو وڵاتە دەکەوێتە داوی سیستمگەلێکی سەرەڕۆو دواکەوتووی دیکەوە.

### "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" هەنگاوێکی مێژوویی

لە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٨٣ (٢٠ی فیوریەی ٢٠٠٥) ٧ حیزبو ڕێکخراوی سەربە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە هەنگاوێکی مێژووییداو بە دانانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە ژێر ناوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش بە سەرنجدان بە ڕاستییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانو پێداویستیو ویستە گشتییەکانیو هەروەها قەوارە بەخشین بە ئالتەرناتیڤی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك دەسپێکی چالاکییە هاوبەشەکانی خۆیان ڕاگەیاند.

ئەو کۆنگرەیە لە بەیاننامەیەکدا کە بڵاوی کردۆتەوە بە ئاماژە کردن بە خاڵ گەلێکی وردو گرینگی وەك تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامیو پێکهێنانی نیزامێکی فیدراڵ لەسەر بنچینەی جوغرافیایی ـ نەتەوەیی، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، دامەزراندنی سیستمێکی سیکۆلار، خەبات دژی هەرچەشنە جیاوازیدانانێك بەتایبەت دژی ژنان، ئازادیی بیرو بۆچوون، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی چالاکیی حیزبەکان، دابینکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتیو هەنگاو نان لە پێناوی هاتنە دەرەوە لە تەریك کەوتوویی نێو نەتەوەیی ئێران بە پشت بەستن بە سیاسەتی ئاشتیخوازانەو خەبات دژی تیرۆریزمو چەکی کۆمەڵکوژ، نیشانیان داوە کە لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی جیهانو ناوچەو ویستی گشتیی کۆمەڵانی خەڵك لە نێوخۆی وڵاتدا هاوئاهەنگەو بە هەوڵو تێکۆشانی هەمەلایەنەی حیزبو ڕێکخراوەکانی پێکهێنەری ئەم کۆنگرەیەو پشتیوانیو داکۆکیی کەسایەتییەکانو کۆمەڵانی خەڵك بۆتە خاوەنی وزەو توانایەکی لەبڕان نەهاتوو بۆ شکڵ بەخشین بە گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانو دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ بۆ ڕاکێشانی بیرو ڕای گشتی جیهان لە پرۆسەی دێمۆکراتیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داببینێ. بەو هیوایەی کە هەموو هێزو لایەنەکانو هەروەها کەسایەتییە سیاسییەکان بە خوێندنەوەیو لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئێستا ئەو هەلە مێژووییە بقۆزنەوەو بۆ ئاراستە کردنی ئەو پلاتفۆرمە بۆ گوتارێکی سەرانسەری بە مەبەستی شکڵ دان بە داهاتووی سیاسیی ئێران هەوڵ بدەن.

❋❋❋

# ڕاگەیاندنی حاڵەتی ئامادەباش بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم



ڕێژیمی ڕوو لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، لە ترسی شاییو خۆشی خەڵك، لە سەروبەندی نەورۆزدا، لە سەرتاسەری کوردستان حاڵەتی ئامادەباشی بە هێزەکانی ڕاگەیاندووەو بڕیاری سەرکوتی جموجۆڵەکانی هاووڵاتییانی دەرکردوە. دەقی سەرکوت لەلایەن ڕێژیمەوە، بە بەڵگەوە لە خوارەوە هاتووە:

ژمارە: ٤٠٦٢/٤٧
ڕێکەوت: ٨٣/١٢/١٥
زنجیرە: سری ب
نهێنی
بۆ وەرگرەکانی خوارەوە:
لە فەرماندەیی ناوچەی بەرگریی ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە.
بابەت: حاڵەتی ئامادەباش
سڵاو

لەگەڵ ڕێزدا، بە سەرنجدان بە نامەی ژمارە ٣٧٩٦/٢ ڕێکەوتی ٨٣/١٢/١٠، فەرماندەیی بەڕێزی "قەرارگای هەمزە" (ڕۆژئاوای ئێران) لە پێوەندی لەگەڵ دوایین چوارشەممەی ساڵو بە لەبەرچاوگرتنی ئیتلاعاتی قەرارگاکە ئاماژە بە پشتگیری هێندێك لە لایەنە دژە شۆڕشەکان بەتایبەت حیزبە کوردییەکانو موناقفین دەکا کە دەستیان کردوە بە بڵاوکردنەوەی شەونامەو هاندانی لاوەکان بۆ پشێوی سازکردنو ئاوردانی ناوەندە گشتیو دەوڵەتییەکان. وێڕای بارهێنانی پێویستی پێرسۆنێلو خۆ ڕێکخستن لەگەڵ سەرکردایەتیی هێزە ئینتیزامییەکانی ناوچەی ژێر چاوەدێریتان، لە ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی ٨٣/١٢/٢٤ ئامادەباشی ١٠٠٪ ڕادەگەیەنن. ماوەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم حاڵەتی ئامادەباشییە دواتر ڕادەگەیەندرێ.

شایانی باسە بە پێی پەسندکراوی کۆبوونەوەی شووڕای هێمنایەتیی ئوستان، لە ڕێکەوتی ٨٣/١٢/١٢وە لێپرسینەوە دەست بەسەرکراوەکان لەلایەن پێرسیۆنێلی ئیتلاعاتی بەڕێوە دەچێ.

فەرماندەیی ناوچەی
بەرگریی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا
محەممەد یۆسفی شاکری

وەرگرەکان:

١ـ فەرماندەی پاراستنی ئیتلاعاتی ناوچە بۆ ئاگاداربوون
٢ـ جێگری ئیتلاعاتی ناوچە بۆ هاوئاهەنگیو هەنگاوانی پێویست
٣ـ جێگری عەمەلییاتی ناوچە بۆ هاوئاهەنگیو هەنگاوانی پێویست
٤ـ فەرماندەیی سوپای ناوچەی مەهاباد بۆ ئاگاداربوونو هەنگاوانی پێویست
٥ـ فەرماندەیی سوپای ناوچەی شنۆ بۆ هەنگاوانی پێویست
٦ـ فەرماندەیی سوپای ناوچەی سەردەشت بۆ هەنگاوانی پێویست
٧ـ فەرماندەیی سوپای ناوچەی پیرانشار بۆ هەنگاوانی پێویست
٨ـ فەرماندەیی سوپای ناوچەی بۆکان بۆ هەنگاوانی پێویست
٩ـ فەرماندەیی سوپای ناوچەی نەغەدە بۆ هەنگاوانی پێویست

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 409   20 Mar  2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom


## نموونە بەرزەکانی وەفاداری، دڵسۆزیو خۆڕاگری



لە کوردستان، نیشتمانی خەباتگێڕانی شێلگیری ڕێگای ئازادی، بە هەزاران ژنو پیاو هەن کە هەر کامێکیان نموونەیەکی بەرزن لە تێکۆشانو هەوڵدان لە پێناوی ئازادیی گەلی کورددا، نموونەی خۆڕاگریو بە جەرگیو فیداکاری لە کۆڕی تێکۆشان دان. بە هەزاران ژن لە کوردستان بوونو هەن کە هاوسەرەکانیانو ڕۆڵەکانیان، پشت ئەستوور بە هیممەتو باوەڕی شۆڕشگێڕانەو ئیرادەی پتەوی ئەوان، توانیویانەو دەتوانن لە سەنگەری پێشمەرگایەتی، لە خەبات لە ئاوارەییو دەربەدەریدا، لە تێکۆشانی نهێنیو لە بەربەرەکانیی ئازادیکوژان لە بەندیخانەکان دا سەربەرزو رووسوور، بمێننەوە. ئەم سێ ژنەی ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەممەی ئەمساڵ خەڵاتی ڕێزلێنانی کومیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیان لەدەست بەرپرسی ئەو یەکیەتییە، خاتوو عیسمەت نستانی وەرگرت، لەو ژنە سەربەرزانەن: دایە خانم عەلیزادە، هاوسەری شەهید مەلا ڕەحیمی وێردیو دایکی شەهید قادر وێردی، خاتوو ئەستیی ئیبراهیمی هاوسەری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو دایە نەجیبە ئەمینی هاوسەری مامەقالەی سووتوو، کە جگە لەم ٢٥ی ساڵەی دوایی‌دا، لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتییش دا، چەندین ساڵ پشتیوانو هاوڕازو هاوخەباتی هاوسەرە تێکۆشەرەکانیان بوونو وەك ئەندامێکی حیزبی دێموکراتیش، لە دڵسۆزیو خزمەت بەو حیزبەو خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیان دریغیان نەکردوە. بەڵێ ژنانی لەو چەشنە لە کوردستان زۆرن کە داستانی ژیانی هەر کامێکیان، ڕۆمانێکی شیرینو گەورەیە کە هێشتا نەنووسراوەتەوە.

## هەڵەبجە، هەوێنی خەمێکی ئەبەدی



ئەمساڵیش یادی کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، بۆوە بە هەوێنی پێکهاتنی کوڕو کۆبوونەوەو چالاکیو خۆپیشاندانی جۆراوجۆر لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان. لە ساتەوەختی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجەدا خەڵکی شارەکانی کوردستان چەند دەقیقە بۆ ڕێزنان لە پێنج هەزار قوربانی ئەو جینایەتە کەم وێنەیە بێدەنگ وەستان. هەروەها لە حەڤدەهەمین ساڵڕۆژی ئەو تاوانە کۆمەڵکوژی‌یەدا پارلەمانی نوێی عێراق یەکەم کۆبوونەوەی خۆی پێك هێنا. لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی عێراقو لە چەند شاری کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە کۆڕی شێعر، پێشانگەو کۆڕو کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری بەڕێوە چوو. ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمە خوێندکارانی زانکۆی "پەیام نور" لە تالاری فەجری شاری سنە بەم بۆنەیەوە مەراسیمیان پێك هێناو کۆمەڵێك وتارو لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئەو کارەساتەوە پێشکێش کرد. هەر لەو ڕێورەسمەش دا میزگردێك بە بەشداری ژمارەیەك ڕووناکبیرو نووسەر بۆ باس لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو کارەساتە بەڕێوە چوو. پێویستە بگوترێ پێشتریش خوێندکارانی کوردی زانکۆی بووعەلی سینای هەمەدان کۆبوونەوەیەکی یەك ڕۆژەیان بە بەشداریی نووسەران، ڕووناکبیران، ڕۆژنامەنووسانو کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی بوارە جۆراوجۆرەکان لە یادی هەڵەبجەدا پێك هێنابوو. لەم ڕێورەسمەش‌دا چەندین وتارو بابەت لەسەر کۆمەڵکوژیی کیمیابارانی شاری سەردەشت پێشکێش کران. لەم باسانەدا ژینوسایدو ئەو عەقلییەتەی لە پشت ژینوسایدەوەیە، ئەم جۆرە تاوانانە لە ڕوانگەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤو پێویستیی دادگایی تاوانبارانی ئەم جینایەتانە قسەیان لێ کرا.

## ٩ میلیونو ٨٠٠ هەزار لاوی ئێرانی داواکاری کارن



بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراون، هەر ئێستا ٩ ملیونو ٨٠٠ هەزار لاوی داواکار لە ئێران دا هەن.

ڕەحیم عیبادی سەرۆکی "ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوان" گوتی نێونجی بێکاری لە نێو لاوان لە حاڵێك دا گەیشتۆتە ٣١٪ کە بە هۆی پێکهاتەی حەشیمەتی لاوی ئێران، ئەگەر هەنگاوێکی جیددی لەم بارەیەوە هەڵ نەگیرێ، وەزعەکە لەوەش کە هەیە، خراپتر دەبێ.

پێکهاتەی حەشیمەتی لاوی ئێرانو هاوهەنگاونەبوونی گەشەی بەشە ئابووری‌یەکان لە گەڵ ئەو حەشیمەتە، بووە بە هۆی پێکهاتنی گیروگرفت لە سەرڕێی وەدەستهێنانی داهاتێکی گونجاو لە لایەن بەشێکی گەورە لە توێژی لاوی وڵات.

بێکاری جگە لەوەی بووە بە هۆی پێکهاتنی گیروگرفت لە بواری خانووبەرەو ژیانو بەڕێچوون دا، زۆر خەساری کۆمەڵایەتیی جیددیشی بەدواوە بووە کە وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بە زۆربوونی تاوانو جینایەت، پەنابردن بۆ ماددە سڕکەرەکانو کێشە ئابووری، کەلتووریو کۆمەڵایەتی‌یەکان بکەین.

بە گوتەی عیبادی، نەبوونی بەستێنی لەبار بۆ کەڵکوەرگرتن لە تواناو لێوەشاوەیی‌یەکانی لاوانی دەستەبژێر، یەکێك لە لاوازیە پێکهاتەیی‌یەکانی وڵاتە. کۆچکردنی ئەو لاوە بێکارانەی خوێندنیان تەواو کردوە، بە یەکێك لە دەرەنجامەکانی دیاردەی بێکاری دادەنرێ. پێویستە بگوترێ نێونجی بەشداریی هێزی کاری ژنان لە چاو پیاوان لەو ساڵانەی دوایی‌دا زۆرتر بووە، بەڵام بەو حاڵەش، ڕادەی بێکاری بە شێوەیەکی گشتی لە نێو ژنان دا، زیاترە لە پیاوان.

ڕادیو B.B.C

## ئێران پلەی ٨٢ی لە پەرەپێدانی بەردەوامی مرۆیی‌دا هەیە

دوکتور شیوا دولت ئابادی مامۆستای زانستگە لە ڕێورەسمی ٨ی مارس دا کە لە تاران لە ناوەندی ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ژن بەڕێوە چوو گوتی: "پێویستیی چاوخشاندنەوە بە یاساکانی پشتیوانی لە بنەماڵە، پشتگریی ماڵیو هاوکاریی بنەماڵە لەرزۆکەکان، گرتنەپێشی ڕێوشوێنی جیددی بۆ پێشگیری لە توندوتیژی بە دژی ژنانو منداڵانو، دەستڕاگەیشتنی کچانی لادێ بە خوێندن، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە شێوەیەکی جیددی هەست پێ‌دەکرێ".

دەوڵەت ئابادی وەبیری هێنایەوە: "لە وڵاتی ئێمە دا وابیردەکرێتەوە کە ئەگەر پەیماننامەی جیهانیی منداڵانمان قبووڵ کرد هەنگاوێکی گەورەمان ناوە، ئەوە لە حاڵێك دایە کە زۆر لە وڵاتانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو ئاکامە کە ئەم پەیماننامەیە، شتێکی کەمو ناتەواوەو خوازیاری ڕێگاچارەی پێشکەوتووتر بۆ هێنانەدیی مافەکانی منداڵانن".

خەدیجەی موقەددەم سەرپەرستی "خانەءاشتغال"ی ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە گوتی: لە کۆتایی هەر ساڵێك دا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پلەی وڵاتان لە پەرەپێدانی بەردەوامی مرۆیی دا ڕادەگەیەنێ، کە لەم دواییانەدا ئێران پلەی ٨٢ی هەبوو. ئەم پلەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێو عەرەبییش دا زۆر لە خوارەوەی پێوەری پەرەپێدانی مرۆیی‌یە. ناوبراو گوتی بەحرەین پلەی ٣٩، تورکیە پلەی ٧٠، مالێزی پلەی ٥٢و عەرەبستان پلەی ٧٣ی هەیە.

## شەرمینە، جوانی جوانانی ئوروپا!



شەرمینەی شەهریوە، ٢٢ ساڵە، کچی لێوەشاوەی ساڵی ٢٠٠٤ی ئاڵمان، ڕۆژی شەممە ١٢ی مارس لە ڕێورەسمی هەڵبژاردنی باشترین کچی لێوە شاوەی ئورووپا لە پاریس، توانی ئەو نازناوە وەدەست بێنێ.

شەرمینە لە شاری "ئاخن"ی ئاڵمان لە دایك بووە، لە لقی زانستە سیاسی‌یەکان دا خوێندویەتیو جگە لە زمانی فارسیو ئاڵمانی، بە ئینگلیزیو فەرانسەییش قسە دەکا. باڵای شەرمینە ١میترو ٤٧ سانتیمترو کێشی ٥٣ کیلۆیە. خەڵاتی شەرمینە پەنجا هەزار یوروو، دوو سەفەر بۆ وڵاتی تونێس، حەوتوویەك گەشتو سەیران لە چیاکانی ئاڵپو ملوانکەیەکی ١٥ هەزار یورووییە. بە پێی بۆچوونی دەستەی داوەران، شەرمینەی شەهریوەر سەبارەت بە جوانیو سەلاربوونو سەمبولی برایەتیی ئورووپا، ئەم شانازی‌یەی پێ بڕا. شەرمینە لە باوکێکی ئێرانیو دایکێکی ئاڵمانی بووە. ئەو بەسەر ٣٥ ڕقەبەردا سەرکەوت. ئەسپ سواریو مەلە دوو سەرگەرمیی خۆشەویستی شەرمینەن.

Gooya news

## پرسیارە

بەرلەماڵاوایی

## خنکێندراوەکان لە ئێستایەکی ئاڵۆزو ساڵێکی دیکە لە بەرپرسیارەتی‌دا

خالید محەممەدزادە

ساڵێك رابرد. ساڵێك لە بێ‌بەرنامەییو چاوەڕوانیو ترۆکردنی پرسیارو گومانەکان. ساڵێك لە بارینی موژدە بێ دەرەنجامەکانو هەڵاتن لە قەیرانو گۆڕانە گەورەکانو سەرقاڵ بوون بە کێشە لاوەکی‌یەکانو . . . ساڵێك کە رابرد بە هەموو ئەو هەست نەکردن بە بەرپرسیارەتی، دەمانگوازێتەوە بۆ ساڵێکی دیکە لە بەرپرسیارەتیو خەمساردنەبوون. کەواتە ساڵێك کە دادێ ناتوانێ درێژکراوەی ساڵە بەفیڕۆ چووەکانو بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژگارە نادڵخوازەکان بێ. ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆمان دا نەکەین هەموو ئەو مۆدێلانەی کە ئێستایەکی چەقبەستوویان بەرهەم هێناوە دەبێ فڕێ بدرێن. ئەو ئێستایەی دیلی دوێنێ بێ، درێژکراوەی هەمان ئەو میتۆدو پرۆژە ناکارامانەیە کە ئێستایەکی ئاڵۆزو خەمهێنەریان پێك هێناوە.

تۆ کاتێك دەتوانی بە پێشوازی ساڵێکی دیکەوە بچی کە هەڵگری پرۆژەو ئەو بەرنامانە بی کە کۆمەڵگا بە شوێنیانەوە عەودالە. کۆمەڵگای ئێمە هیچ ساتێك لە ساتەکانی بە قەد ئێستا لە پەرتەوازەییو قەیرانی شوناسو لێك ترازان دا نەژیاوە. ئەمەش هەست کردنە بەو خەمانەی کە کۆمەڵگە هەڵگریەتی. تەقینەوەی ئەو پرسیارو گومانانەیە کە مەجالی دەربڕینیان نەبووە. بەرهەمی ناکارامەیی ئەو موژدە باوانەیە کە ساڵانە بەسەر کۆمەڵگادا باریوەو بێ کاریگەربوونی ئەو گۆڕانیانەیە کە بۆ لاواندنەوەی ئازارەکان تۆمار کرانو لە یەك رستەدا لە دایکبوونی نەسڵێکە کە خەونو پرۆژەی جیاوازی لە نەسلەکانی پێشووی خۆی هەیە. خاوەنداریێتیی میتۆدی عەقڵانیو بوونی پرۆژەی جیاوازو ئەمڕۆیی بەرهەمی تێگەیشتنە لە زەمەنو شوێن. شوێنو زەمەنیش هەمیشە لە تێپەڕینو ناسەقامگیری دان. تۆ ناتوانی گۆڕانخواز بی تا لە شوێنو زەمەن تێ‌نەگەی. تێگەیشتن لە شوێنو زەمەن تێگەیشتنە لە خود. ئەمەش بەبێ کرانەوەی هەموو دەرگا داخراوەکان بە رووی پرسیارو رەخنەو گومانەکان مەحاڵە. ناسیونالیزمی کورد ئەمڕۆ زیاتر لە پێویست دەبێ هەموو دەرگا داخراوەکانی بەرەورووی پرسیارەکان بکاتەوە. پرسیار سەرەتای ئاخاوتنێکی دیکە دەکاتەوە. لەبیرمان نەچێ بە هۆی بەردەوامبوونی میتۆدو شێوازەکاری‌یە بەسەر چووەکان ئێمە کەمترین رەخنەو پرسیارمان رووبەرووی خۆمان کردۆتەوە. ترسنۆکین لە ناسینی خود. هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پێمان وابێ هەموو نەهامەتیو قەیرانو خەونە بابردووەکان بەرهەمی دەستە دەرەکی‌یەکانە. ئێمە خۆمان زیاد لە حەد کێشە خولقێنو کۆسپ ئەندازین. کەواتە دەبێ توانایی رووبەرووییمان لەگەڵ واقیع دا هەبێو هێزە گۆڕانخوازەکان پێش هەموو شتێك دەبێ گۆڕان لە ستروکتورو ساختاری کارییان پێك بێننو دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ دارشتنی چوارچێوەیەکی گشتیو عەقڵانی بۆ سەرهەڵدانی پرسیارو تەعبیر لەخۆکردنی جیاوازیی‌یەکانی کۆمەڵگا. ئەو دەنگانەی کۆمەڵگا بە "کۆمەڵگایەکی یەکدەست"و "بێ‌خەم" وێنا دەکەن لە دەرەوەی زەمەنو لە ناشوێن دا دەژینو درۆ لەگەڵ هەمووئەو عەقلییەتو ساختارانە دەکەن کە لە پێناوی گۆڕانی گەورە هاتوونەتە بوون.

بۆ پێشوازی لە ساڵی تازە تەنیا زەردەخەنەیەكو تاسەیەکی بابردوو بەس نیە، تەنیا دانی دروشمو باراندنی موژدە باوەکان بەس نیە. بۆ لەباوەش گرتنی ساڵی تازە تەنیا پەیمان نوێکردنەوەو هێنانەوەی میتۆدە تاقی‌کراوەکانو سەرلەنوێ بەکارهێنانیان بەس نیە. ساڵی تازە ئەوەمان لێ‌دەخوازێ کە لە بەرانبەر گۆڕانکارییەکان هەست بە ئامادەیی بکەینو شوێنو پێگەی خۆمان دیاری بکەین. ساڵی تازە دەتوانێ مەجالێك پێك بێنێ بۆ پێداچوونەوە بە هەموو ئەو سترۆکتۆرو میتۆدانەی کە ساڵانێکە لە پەراوێزیان خستبووین. کۆمەڵگای ئێمە ئێستا زیاد لە هەر کاتێك ئامادەیی گۆڕانو نوێبوونەوەی تێدایە. هیچ کۆمەڵگایەك بە قەد کۆمەڵگای ئێمە ئامادەیی وەرگرتنی شتی تازەی تێدا نیەو لەبیرمان نەچێ کە ساڵی داهاتوو بە سەرنجدان بە رووداوەکانی ناوچەو جیهان دەتوانێ ساڵی گۆڕانە گەورەکان بێو شەپۆلی ئەم گۆڕانکارییانە ئێمەش دەگرێتەوەو دەبێ ئامادەییمان هەبێ. نائامادەگی لە بەرانبەر ئەم شەپۆلانە لە یەك رستەدا لە پەراوێز خستنیان لێ بەرهەم دێو دەرەنجامەکانی لە پەراوێزخستنیش، چاوەڕوانی‌یەو هیواداربوونو پارانەوەی لێ‌دەکەوێتەوە.

رووداوەکانی کوردستانی عێراق چ لە ئاستی نێوخۆییو چ لە ئاستی ناوچەیی‌دا نموونەیەکی زۆر باشن بۆ هەموو هێزە رزگاریخوازەکان لە کوردستانی ئێران دا. کەواتە هەموو هێزە کوردی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان با ساڵی تازەی هەتاوی بکەنە ساڵی لێك تێگەیشتنو دارشتنی بەرنامەیەکی کاریو عەقڵانیو شوێن دانەر بوونیان لەو ئاڵوگۆڕانەی کە دەکرێ لە داهاتوویەکی نیزیك لە ئێرانو کوردستان دا بێنە گۆڕێ.

## دلۆڤان بە، بنیاتنەربە، چاکەکار بە!



دایکە ترێزا، ئەو ڕاهیبەیە بوو کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی وراگەیشتن بە هەزارانو بێ‌ئەنوایان تەرخان کرد. دایکێکی دڵسۆزو خەمخۆرێکی گەورەی ئەو ئینسانانە بوو کە کۆمەڵگەی مرۆیی فەرامۆشی کردوون. هەر بە بۆنەی ئەم خزمەتانەشی‌یەوە بوو کە خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیی پێشکێش کرا. ئەو نەك هەر بۆ هەموو ژنانی جیهان، بەڵکوو بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی، جێگای شانازی بوو. بە بڵاوکردنەوەی ئەم چەند ئامۆژگاری‌یە، بەڕێزەوە یادی دەکەینەوە:

ـ مرۆڤەکان، بە زۆری نامەعقول، نامەنتیقیو خۆپێ زۆرن. بەهەرحاڵ لێیان ببوورە.

ـ ئەم چاکەیەی ئەمڕۆ تۆ دەیکەی، لەوانەیە سبەینێ لەبیری بەرنەوە. بەهەرحاڵ باشترین هەوڵی خۆت بدە.

ـ ئەگەر دلۆڤانی بکەی لەوانەیە بەوە تاوانبارت بکەن کە مەبەستێکی نهێنیت هەیەو بە شوێن قازانجی تایبەتیی خۆتەوەی، بەهەرحاڵ دلۆڤان بە

ـ ئەگەر سەرکەوتوو بی، دۆستانی زمانلووسو دوژمنانی سەرسەختت دەبن، لەهەر حاڵ دا سەرکەوتوو بە

ـ ئەوەی لەمێژ ساڵە زەحمەتت پێوەکێشاوەو بنیاتت ناوە، لەوانەیە یەکێکی‌تر لە پڕ تێکی بدا. بەهەرحاڵ بنیاتنەر بە.

ـ ئەگەر راستگۆو پاکو چاك بی، لەوانەیە کڵاوت بچێتە سەر، بەوحاڵەش راستگۆو چاکو پاك بە.

ـ ئەگەر بە هێمنیو شادی بگەی لەوانەیە زۆران ئیرەییت پێ‌ببەن، بەهەرحاڵ هێمنو شاد بە.

ـ بەنرخترین سەرمایەی خۆت پێشکێشی دنیا بکە، لەوانەیە هێشتا کەم بێ، بەهەرحاڵ باشترین هەوڵی خۆت بدە.

ـ چاك دەزانی کە سەرئەنجام هەرچی هەبووە لەبەینی خۆتو خوای خۆت دابووە. بەهەرحاڵ لەگەڵ کەسی تردا، هیچتان لەنێون دا نەبووە.

دایکە ترێزا ـ کەلکەتە